
# ئیرادەی مسرور بارزانی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئاکامی باشی لە هەموو سێکتەرەکاندا دروست کردووە

گوڵان

...بیست و نۆیەم (١٣٢٤)- (١٨)ی تەمموزی ٢٠٢٢



## یەکەمجارە لەم کابینەیەدا چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنی هێزەکـــانی پێشمەرگە چووەتە بواری کردەییەوە




# بۆچی كورد و كوردستان لە عێراقدا لەژێر شەڕی ئیبادەدایە

## ٢٥

حوكمی دیكتاتۆریی بەغدا، حوكمی ئاگر و ئاسن و ئیعدامات، بەعەرەبكردن و تەبعیس و تەهجیر و كاولكردنی زیاتر لە چوار هەزار گوندی كوردستانە، لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە قەزاو ناحیەكانی پارێزگاكانی كەركووك و سلێمانی و هەولێر و دهۆك و مووسڵ و گوندەكانی قەزای خانەقین و سنجار و ناحیەی زوممار كە تەهجیركردنی خەلقی قەزای قەڵادزە و ناحیەی سەنگەسەریش، لە مانگی تەمووزی ١٩٨٩دا، جاری دوا ئیجرامی تەهجیری قەزا و ناحیەكانی كوردستان بوو. كۆتاییشیان بە گوندەكانی ناوچەی دوڵەمەڕی قەزای مێرگەسۆر هێنا كە لە ئۆردووگای (سارداو)یان خزاندووین، بەوپەڕی نالەباریی ژیان و بێڕێزی، وەكوو هەموو ئۆردووگا زۆرە ملێیەكانی تر كە بە هاووڵاتیی پلە دووش ئەژمار نەكراون، واتا بەپێی دوا سەرژمێرییەكەمان ژمارەیەكی زۆر كەمی گوندەكانی كوردستان ماون، ئەمانەش لە نزیك و لە ڕۆخی ڕێگاوبانە سەرەكییەكانن لە نێوان پارێزگاكانی كوردستاندا، واتە بەپێی دوا سەرژمێریی بەرەی كوردستانیی عێراق- سەركردایەتیی سیاسی، لە ٢٤ شوباتی ١٩٨٩دا كە دراوە بە لێژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان، ٥٥ تا ٦٠ هەزار كم دووجا چۆڵ و كاول كراوە، زیاتر لە نیو ملیۆن كورد دەربەدەر بوون و بوون بە پەنابەر لە وڵاتانی جیهاندا، زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو هاووڵاتیی كورد لەسەر گوند و ناحیە و قەزاو مڵك و ماڵی خۆیان ڕاگوێزراون، تەنانەت كانییە ئاوەكان و سەرچاوەكانیش بە چیمەنتۆ پڕ كراونەتەوە و كاول كراون، بۆ ئەوەی ژیان لە كوردستان نەمێنێت و میللەت و پێشمەرگە نەتوانن لێی بژین.

# چاپکراوی نوێ



بەرگی یەکەمی کتێبی (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی- نهێنییە شاراوەکانی پشت پەردە) لە نووسین و کۆکردنەوەی (سەرهەنگی سەید حسێنی و د. سەرهەنگ شاهۆیی) کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە. زۆربەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبە تەرخانکراوە بۆ بوارێکی کۆمەڵایەتی ، ئەویش بەندیخانەکانە، کە بە بۆچوونی ئەوان، بەندکراوان لەم بەندیخانانەدا بەم شێوەیەی کە ناویان لێ نراوە(چاکسازی) سوودی لێ نابینن، ڕەنگە هەندێکیان دواتر مرۆڤی لاسارو پەرگیرو تاوانکاریان لێ دەربچێت، بۆیە هاتوون لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پێکهاتەکانیان دەوەستن، هاوکات ئاماژە بە هەنگاوە بنەڕەتییەکان دەکەن بە هاوکاریی نێودەوڵەتی، جەختیش لەسەر هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەمیش لەسەر ڕێکخراوە نێو نەتەوەییە حکومی و نا حکومییەکان دەکەنەوە، هەروەها مێژووی سیاسیی کۆمەڵەی گەلان و دیاریکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئەم چەمکە لە ڕاڤەی سیاسیدا، لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا باس لە شۆڕش و بەرژەوندیی نەتەوەیی کراوە، بابەتی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان ڕووبەرێکی دیکەی ئەم کتێبەیە کە ئاماژە بۆ سیستەمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سیستەمی سیاسی لە ڕووی بنەماکانی سیاسییەوە و مافی زیندانیان بە شێوەی دادپەروەرانە دەکات.

ئەوەی لە ناونیشانی کتێبەکەدا تێبینی دەکرێت هەڵوەستە کردنە لەسەر نهێنیی پشت ڕێکخراوەکان، لێرەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر تاوان و شەڕانگێژیی مرۆڤ، ئەم لایەنە گرنگیی زۆری پێ دراوە، بەتایبەتیش کە مرۆڤ لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و سروشتدا دەکات، دەرخستنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك سێیەمین هێز، بابەتی سیخووڕی لە ڕێکخراوەکاندا ناونیشانێکی دیکەی ئەم بەشەی کتێبەکەیە، بۆیە ئاماژە بۆ ئەو دەوڵەتە بەهێزانە کراوە کە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لەم جۆرە پیشەسازییە ئەلیکترۆنییانەدا هاتوونەتە دی و لەژێر پەردەی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دابینکردنی زۆرترینی ڕادەی شەفافییەتەوە لەسەر چاودێری دامەزراون، دواجار چەندین ناونیشانی دیکە لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو، لەوانە بەرپرسیارێتیی ڕێکخراوەکان و هەژاری و برسێتی، وەگەڕخستنی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕەخساندنی بواری دیموکراسیەت.. تاد.

دەستخۆشی لە نووسەران (سەرهەنگی سەید حسێنی و د. سەرهەنگ شاهۆیی)دەکەین، کە بەم کتێبە کتێبخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردو بە هیوای بەرهەمی زیاتر.



دکتۆر هێمن میرانی :



چەکی بێ مۆڵەت دەستی بە سەردا دەگیرێت و مۆڵەتدانی چەکهەڵگرتنیش زۆر سنووردار دەکرێت

د.نەوزاد ئاکرەیی



ئەمنۆگرافیا

پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن



بۆ گرنگە هەڵبژاردن بکەین؟

د. یوسف عوسمان حەمەد



سایکۆلۆژیای چەک ترسان، هەڕەشە، کوشتن

د. کاوە مەحموود



لە عێراقدا
قەیرانی مێژوویی دەوڵەت بەردەوامە

تۆماس هایلاند :



پێشبینی دەکرێت ترس و نادڵنیایی زیاتر باڵ بەسەر جیهاندا بکێشن


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

ئەنوەر مەسیفی :

## ئەندامانی لقی شەشی ئەورووپا پێکهاتەی گەورەی ڕەوەندی کوردستانین و ڕۆڵێکی گەورەیان لە خزمەتکردنی دۆزی کوردستاندا هەیە





## داوا دەکرێت میدیاکانی کوردستان لە ڕووماڵکردنی تاوانەکانی کوشتندا بەرپرسانە مامەڵە بکەن

## ماوسێکی سەرنج ڕاکێش چەند دوگمەی هەیە



## جگەرەکێشان بۆ ئافرەت زیانبەخشترە



ئامانج غازی

## فەرید ئیلهامی تەنبوور زیندوو دەکاتەوە



بێریڤان جەلال:

## توانای ئەوەمان هەیە لە جامی ئاسیا و جامی جیهانی بەشداری بکەین



### هەلسەنگاندنەکا مێژوویی بو ریفراندوما ٢٥ ئەیلولا ٢٠١٧

# ریفراندوما هەرێما کوردستانێ دهێتە هژمارتن رویدانەکا مێژوویی یا گرنگ و دیار د مێژوویا کوردیدا

وەکو یا دیار هەر ژ دەستپێکا مێژوویا کوردی یا نوی هەتا ئەڤرو کوردستان وەلاتەکێ داگیرکری و پارچەکریە ب شێوەکێ نە یاسایی ژلایێ هندەك دەولەتێن داگیرکەرڤە، و ئەڤان دەولەتان ب هیچ رەنگەکی دان پێدان ب مافێن رەوایێن مللەتێ کورد نەکریە. و ب درێژاهیا ئەڤێ قوناغێ ژ مێژوویا کوردی بەرژەوەندیێن دەولەتێن زلهێز ژی نەدگونجان دگەل بەرژەوەندیێن کوردان، و هەمی دەما پالپشت و پشتەڤان بوون بو دەولەتێن داگیرکەرێن کوردستانێ، و دەرئەنجامێ ئەڤێ چەندێ کوردستان هاتە پارچەکرن و کورد ب مافێن خو یێن نەتەوەیی شاد نەبوون، ئەوژی پێکئینانا دەولەتەکا کوردی یا سەربخو.

هەژی گوتنێیە کو کوردا ل هەر پارچەیەکا کوردستانێ هەول دایە هەر دەلیڤەکا بو هاتیە روخساندن مفا ژێ وەرگرتیە و داخوازا مافێ چارەنڤیسێ خو کریە (حق تقرير المصير)، وەکی هەر مللەتەکێ دی ل جیهانێ، و ئەگەر ئەم تەماشەی پەیرەو و پروگرام و ئەدەبیاتێن پارتێن سیاسی یێن کوردی ل سەرانسەری کوردستانێ ژی بکەین دێ بینین کو ئەوان بەحسێ ب دەستڤەئینانا ئەڤێ مافی کریە، لێ ژبەر چەند هوکارەکێن نافخو و دەرڤە ئەڤ دەلیڤە هاتینە ژ دەستدان.

دەربارەی هەرێما کوردستانێ - عیراق پارتێن سیاسی، ب تایبەت ژی پارتی دیموکراتی کوردستان ب سەروکایەتیا رێزدار مەسعود بارزانی، شیان مفای ژ ئەوان گورانکاریێن ل عیراقێ چێبووین ل سالا ٢٠٠٣ وەرگرن، و کوردان رولەکێ گرنگ د عیراقا نویدا گێرا، و لاپەرەیەکێ نوی دگەل عیراقا نوی ڤەکر، و ژیانەکا نوی دگەل پێکهاتێ عەرەبی ل سەر بنیاتێ شەراکەت و برایەتی و وەکهەڤیێ دەستپێکر، لێ سەرکردێن سیاسی یێن نوی ل عیراقا نوی سیاسەتێن شوڤێنی وەکی یێن بەری خو پەیرەوکرن، و هەول دان ب هەمی رێکان کوردان پەراوێز بێخن، و پێگیریێ ب دەستورێ نوی یێ عیراقێ نەکەن، هەتا گەهشتیە وێ رادێ قویتێ خەلکێ هەرێما کوردستانێ ژی ببرن.

پشتی کورد بێ هیڤی بووین کو بگەهنە رێکە چارەیەکێ دگەل حکومەتا بەغدا، ب تایبەت ژی ل سەر پرسێن نەتەوایەتی، و هەروەسا ئەو پێشهاتێن دەولی و هەرێمی یێن پەیدابووین، ئەوژی شەرێ تیرورستێن داعش، و پشتبەستنا ئەمریکا ل سەر هەرێما کوردستانێ ب تایبەت ژی هێزێن پێشمەرگەی، کو شیان شەرێ ئەڤان تیرورستان بکەن، ئەڤە هەمی بوونە پالدەر کو سەروك مەسعود بارزانی بریارەکا مێژوویی بدەت ئەوژی ئەنجامدانا ریفراندوما سەربخویی یا هەرێما کوردستانێ ژ دەولەتا عیراقێ.

و هەژی گوتنێیە کو پتریا پارت و لایەنێن سیاسی ل هەرێما کوردستانێ پالپشتی و پشتەڤانیا خو بو بریارا سەروك بارزانی دیار کر، و خەلکێ هەرێما کوردستانێ ب هەمی پێکهاتەیێن خوڤە، ب تایبەت ژی خەلکێ ئەوان دەڤەرێن دکەڤنە دەرڤەی ئیدارا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، هەمیان خوشحالیا خو بو بریارا سەروك بارزانی دەربری، و ئەڤ چەندە هەمی پالدەر بو کو یێ رژد بیت ل سەر ئەنجامدانا ریفراندومێ ل ٢٥ ئەیلولا ٢٠١٧ .

بێگومان ئەو خرڤەبوونا پارت و لایەنێن کوردی



**پ. ى. د. هوزان سلێمان میرخان**

پشکا مێژوو - کولێژا زانستێن مروڤایەتی - زانکویا دهوك

بۆ گولان نووسیوە

و خەلکێ هەرێما کوردستانێ ل دوور کەسایەتیا سەروك مەسعود بارزانی ژ بوشاییەکێ نەهاتیە، چونکی بارزانی رولەکێ دیار و بەرچاف د بزاڤا نەتەوەیی و رزگاریخوازا مللەتێ کورد دا گێرایە، هەروەسا گەلەك دەولەتێن هەرێمی و بیانی رێزەکا تایبەت ل ئەڤی سەرکردێ کوردستانێ دگرن.

سەرەرای ئەو گڤاشتنێن هەرێمی و نێڤ دەولەتی یێن ل سەر سەروکایەتیا هەرێما کوردستانێ هاتینە کرن کو ریفراندوم نەهێتە ئەنجامدان، لێ سەروك بارزانی یێ رژد بو ل سەر ئەنجامدانا وێ، و هەمی دەما بو وان دیار دکر کو ئەگەر رێکەفتنەکا فەرمی و یا ئاشکەرا و بچاڤدێریا نەتەوێن ئێکگرتی دناڤبەرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و حکومەتا عیراقێڤە بهێتە گرێدان، کو تێدا مافێن نەتەوەیێن کوردان ل عیراقێ بهێنە پاراستن، هینگێ ئەو دێ ژ بریارا خو پاشگەزبیت.

خالا سەرنج راکێش د ریفراندوما ٢٥ ئەیلولا ٢٠١٧ ئەوە کو ل ئەوان دەڤەران ژی هاتبوو ئەنجامدان ئەوێن دکەڤنە دەرڤەی ئیدارا هەرێما کوردستانێ، ب تایبەت ژی ل کەرکوك و شنگالێ، و ئەڤ دەڤەرە هەر ژ دامەزراندنا دەولەتا عیراقێ و هەتا نوکە ژلایێ ئیدارەیا حکومەتا مەرکەزی یا عیراقێڤە دهێنە ب رێڤەبرن، بو زانین ئەڤ هەردوو دەڤەرە گەلەك د زەنگینن ب سامانێن سروشتی، ب تایبەت ژی پەترول، زێدەباری سامانێ مروڤی، و ژبەر ئەڤێ چەندێ حکومەتێن عیراقێ یێن ئێك ل دویف ئێك هەمی دەما ب پلان و بەرنامە سیاسەتێن عەرەبکرن و ڤەگوهاستنێ ل ئەڤان دەڤەران پەیرەو کرینە. و ل دەمێ ئەنجامدانا هەر دەلیڤەیەکا دان و ستاندنێ دگەل کوردان ئەڤ حکومەتە رازینەبووینە کو ئەڤ دەڤەرە ل ژێر دەستهەلاتداریا کوردانڤە بن. بێگومان ئەنجامدانا ریفراندومێ ل ئەڤان دەڤەران و سەرکەفتنا وێ دێ هێزەکا مروڤی و ئابووری یا زێدە دەتە قەوارێ نوی یێ هەرێما کوردستانێ.

دەولەتێن زلهێز ب درێژاهیا مێژوویا نوی و هەڤچەرخ یا کوردستانێ دژی بزاڤێن کوردی راوەستیاینە، و ب درێژاهیا ئەڤێ مێژوویی کوردان چ هەڤال ل سەر ئاستێ نێڤ دەولەتی نەبووینە، بەروڤاژی ئەو نەتەوێن دی ئەوێن ل روژهەلاتا ناڤین دژیان کو هەمی خودان هەڤال بون ل سەر ئاستێ نێڤ دەولەتی، و سەرەرای وێ چەندێ کو ئەڤ هەڤالینیە ل سەر بنیاتێ بەرژەوەندیان هاتبوونە دروستکرن، لێ قەدەرا کوردان نەبوونە خودان ئەڤان جورە هەڤالینیا، و ژبەر ئەڤێ چەندێ ژی ئەڤ گوتنا بەر بەلاڤ ل سەر هاتە گوتن: «کوردا چ هەڤال نینن ژ بلی چیا». و دژایەتیا دەولەتێن هەرێمی و بیانی بو ئەنجامدانا ریفراندوما هەرێما کوردستانێ بو مە دیار دبیت کو مێژوو دووبارە دبیتە ڤە.

و هەر چەوان بیت ریفراندوما هەرێما کوردستانێ دهێتە هژمارتن رویدانەکا مێژوویی یا گرنگ و دیار د مێژوویا کوردیدا، و دشیان دایە، ئەگەر کاودانێن نافخو و دەرڤە دگونجای بن، ل پاشەروژێ وەك بەلگەیەکێ مێژوویی پێشکێشی مەحفەلێن دەولی بهێتە کرن؛ چونکی تێدا هەمی خەلکێ هەرێما کوردستانێ داخوازا سەربخویی ژ عیراقێ کریە وەك مافەکێ رەوا یێ هەر مللەتەکی ل جیهانێ.



دەرەنجامە گرنگەکانی پرۆسەی چاکسازی
لە ماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمدا

## «هاووڵاتییانی کوردستان، سەنتەری گرنگیپێدانی ئەم کابینەیەن و دڵنیابن هەموو هەوڵێک دەخەینەگەڕ، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە، خزمەتتان بکەین و لە ئاست خواست و داخوازییەکانی ئێوەدا بین»

مسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



د. عەبدولحەکیم خەسرەو

سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گوڵان:

# ئیرادەی مسرور بارزانی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئاکامی باشی لە هەموو سێکتەرەکاندا دروست کردووە

**چاکسازیی پرۆسەیەکی بەردەوام و پێداویستییەکی سەردەمەکەیە، یەکێك لە کارنامەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازیی بوو کە لە دەستپێکی کابینەکەدا بە هۆی قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا و دابەزینی بەهای نەوت پرۆسەکە بە خێرایی نەچووە پێشەوە، بەڵام بوونی ئیرادەی پۆڵایینی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە ڕەچاوکردنی هەستیاریی قۆناغەکە پرۆسەی چاکسازیی هەنگاوی باشی بڕی. بۆ قسەکردن لەسەر پرسی چاکسازیی گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی دکتۆر عەبدولحەکیم خسرەو سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەمانەوێت بپرسین پرسی چاکسازیی لە سەرجەم بوار و سێکتەرەکاندا بە کوێ گەیشتووە؟**

- ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی کارنامەی کابینەکەیدا بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی دابوو، وێڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا چاکسازیی لە سەرجەم سێکتەرەکاندا دەستی پێکرد، بە ڕەچاوکردنی دۆخی ئابووری و واقیعی هەرێمی کوردستان و بارودۆخی فەرمانبەران و هاووڵاتیان، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە هیچ بوار و سێکتەرێك نەماوە چاکسازی و گۆڕانکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێدا نەکرابێت، وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆك و بەرپرسی دەزگا و دەستە و فەرمانگەکان کاری گەورەیان ئەنجام داوە، هەموو وەزیرێکی بەڕێز لەسەر ئاستی وەزارەتەکەی بەرپرسی یەکەم بووە لە چاکسازییەکاندا کە بووە هۆی کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان و ڕێکخستنەوەی داهاتی ناوخۆ و باشکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرزکردنەوەی ئەدای وەزارەتەکەیان، لەمەشدا ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و تیمەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران پاڵپشتیی چاکسازییەکانیان کرد، چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی و چارەسەرکردن و ڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەران و فەرمانگەکانی حکومەت کرا و ئەنجومەنی ڕاژە پێکهێنرا و بڕیاری ژمارە ٣٣ی ئەنجومەنی وەزیران کە تایبەت بوو بە پێداچوونەوە بە پەیکەر و میلاکی فەرمانگەکانی حکومەت جێبەجێ کرا، لە هەمووشی گرنگتر دەرکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ بوو، ئەمەش سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ حوکمڕانیی کوردی کە پشت بە خۆی ببەستێت و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان پەنا بۆ قەرزکردن نەبات. لە ئێستاشدا پرۆسەی چاکسازی لە سەرجەم سێکتەرەکان و وەزارەتەکاندا بەردەوامی هەیە لە بوارەکانی (مووچە، شەهیدان، وەزیفەی گشتی، مووچەی خانەنشینی، نەهێشتنی دووموچەیی نایاسایی، پاککردنەوەی لیستی مووچەخۆران و کەمئەندامان و بە ئەلەکترۆنیکردنی سیستەمی مووچە و کەمکردنەوەی گەندەڵی و ڕۆتین و بیرۆکراتیەتی کوشندە و باشکردنی ئەدای خزمەتگوزارییەکان و فرەچەشنکردنی ئابووری و داهاتەکان و دەیان بابەت و پرسی دیکە کە هەر هەمووی پێکەوە بووە گەورەترین شانازی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی و لەناو خودی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. پێم وایە گەورەترین سەرکەوتن لەم کابینەیەدا بریتی بوو لە ڕاگرتنی گەندەڵی و ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی و کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان، ئەمە وێڕای شەفافییەت لە بواری نەوت و دووبارە

**لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی کابینەی نۆیەم هیچ بوار و سێکتەرێك نەماوە چاکسازی و گۆڕانکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێدا نەکرابێت**

**گەورەترین سەرکەوتن لەم کابینەیەدا بریتی بوو لە ڕاگرتنی گەندەڵی و ڕێگرتن لە بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی و کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان**

هەمواركردنەوەی گرێبەستەكانی نەوت و كارەبا و ڕێگرتن لە دیاردەی قاچاخچێتی و ڕیزبەندی بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكان و پێشخستنی سیستەمی خزمەتگوزارییە گشتییەكان، تەنیا لە هەمواركردنەوەی گرێبەستە گشتییەكاندا ملیۆنان دۆلار بۆ حكومەت گەڕاوەتەوە، لە بواری كارگێڕییشدا و لە چوارچێوەی یاسای ژمارە ٣٣دا لێژنەیەكی تایبەت لە كارەكانیان بەردەوامن و بە بەشێك لە هەیكەلیەتی دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا دەچنەوە. ئەمانە هەمووی دەستكەوت و هەنگاوی كەم نین، بەڵكو ئیرادەیەكی پۆڵایینی لە پشت بووە و گرفت و قەیرانی كەڵەكەبووی چەندین ساڵی پێشوو بووە، هەندێك بواریش ماوە پێویستی بە كاتی زیاتر و دیراسەتكردنی باشترە، پەنا بەخوا ئەوانیش جێبەجێ دەكرێن.

*** تاچەند حكومەتی هەرێمی كوردستان لە جێبەجێكردنی یاسای چاكسازیی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ سەركەوتوو بوو،بەتایبەتی كە پەیوەندی بە بوارێكی هەستیاری مووچە و مینحە و ئەو ئیمتیازاتانەوە هەیە كە كەرتی گشتی دەگرێتەوە؟**

- یاسای چاكسازیی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ سەرجەم بوارەكانی مووچە و مینحە و ئیمتیازاتی شایستە دەگرێتەوە، ئامانج لەم یاسایە و ئەم پرۆسەیە جێبەجێكردنی دادپەروەری و نەهێشتنی ئەو كەموكورتییانە بوو كە ژمارەیەكی زۆر لە مووچەخۆران چەند جارێك سوودمەند بوون، هەنگاوی پراكتیكی نرا و بە هیچ شێوەیەك دەست بۆ مووچە و ئیمتیازی شایستە نەبراوە، تەنیا هەڵەكانی پێشوومان ڕاست كردووە كە هەڵەی زۆر زەق و گەورە لە بوارەكانی مووچە و كەرتی گشتی هەبوون، ئەمەش بۆ بەهێزكردنی ئەدای كەرتی گشتی زۆر پێویست بوو، تاوەكو لەلایەك دادپەروەری بگەڕێتەوە و لەلایەكی دیكەوە خەرجییە ناپێویستەكان بگەڕێنینەوە، لەم پرۆسەیەشدا ڕەچاوی هەموو ئەو فەرمانبەر و پۆستانە كراوە كە بە هەقیقی خزمەت پێشكەش دەكەن و ساڵانێكی زۆرە و تا ئێستاش لە خزمەتی وەزیفی و هاووڵاتیاندان، ئەوانەی زیاتر سوودمەندن لە مووچە، نزیكەی ١١ هەزار كەس لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار

**خاڵە گرنگەكانی وتارەكەی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە سێیەمین ساڵیادی دەستپێكردنی كابینەی نۆیەمدا لە ماوەی سێ ساڵی كابینەی نۆیەم چیمان كرد؟**

## لە بواری دارایی:

- توانیمان مووچە بە بەردەوامی بدەین، ئەگەرچی هەندێك جاریش دواكەوتبێت، یان چەند مانگێكی كەم ڕێژەی مووچەكە سەد لە سەد نەبوو، بەڵام دابەشكردنی مووچە هەر بەردەوام بووە، بە پێی بودجەی بەردەست.
- توانیمان قۆناغی سەختی بێ داهاتی، بە بێ قەرزكردن تێپەڕێنین، بۆیە نەك تەنیا هیچ قەرزێكمان نەكرد و بارگرانی و بەرپرسیارییەتیمان بۆ نەوەكانی داهاتوو دروست نەكرد، بەڵكو قەرزەكانی حكومەتیشمان كەم كردەوە و، لەم ماوەیەدا زیاتر لە یەك ملیار دۆلار قەرزمان داوەتەوە.
- لە ئەنجامی چاكسازی لە هەردوو بواری دارایی و كارگێڕیدا، داهاتی ناوخۆ بە ڕێژەیەكی بەرچاو و تا ئاستی ١٠٠٪ زیادی كردووە.
- لە ڕووی بەهێزكردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی كوردستان، كارمان بۆ هەمەجۆركردنی ئابووری و سەرچاوەكانی داهات كردووە.
- زۆرترین خەرجی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ لە بواری جادە و ڕێگەوبان بووە.
- بایەخدان بە كەرتی كشتوكاڵ و وەبەرهێنان لە بواری كشتوكاڵی بە كردەوە زۆر زیادی كردووە و، هەلی هەناردەكردنی بەروبوومی كشتوكاڵیی ناوخۆی كوردستانمان بۆ دەرەوە و، دۆزینەوەی بازاڕی دەرەكی ڕەخساندووە و، دەستی پێ كردووە.
- پرۆژەی گەورە و ستراتیژی لە بواری دابینكردنی ئاسایشی خۆراك ئەنجام دراون و، هەندێكیان تەواو بوون و هەندێكیشیان ئێستا لە جێبەجێكردندان.
- كار بۆ دابینكردنی ئاسایشی ئاو و دروستكردنی بەنداو و پۆند كراوە.
- ژێرخانی كارەبا بەهێزتر كراوە، تا ڕێگە لە بەفیڕۆدانی كارەبا بگیرێت. هەروەها چەندین مێگاواتی دیكە خراوەتە سەر تۆڕی كارەبای نیشتمانی.
- هەنگاوی كردەیی نراون بۆ كاراكردنی گواستنەوەی گشتی و دروستكردنی هێڵی ئاسنین.

**کابینەی نۆیەم لە قۆناغێکی هەستیاردا دەست بەکار بوو. بەهای بەرمیلێک نەوت داشکابوو بۆ (سفر) دۆلار، بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی بڕیبوو، پەتای کۆرۆنا ئابووری و دامەزراوەکانی ئیفلیج کردبوو**

**ئەم کابینەیە توانی خەرجییە ناپێویستییەکانی حکومەت لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ٧٠ ملیۆن دۆلار کەم بکاتەوە بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر کاروبارەکانی حکومەتەوە هەبێت**

**چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆ پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکان دامەزراون، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوونمان کردووە بۆ بەلامەرکەزیکردنی ئیداری و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان**

کرابوون، کە بەشێکیان بەپێی یاسا ڕێپێدراون، بەڵام ئەوەی دوو مووچە، یان مووچەیەکی خانەنشینی و مووچەی فەرمانبەری، یان دوو مووچەی خانەنشینی و ئیدی بەم شێوەیە، وەربگرێت، توانیمان لەوانەی بەپێی یاسا وەسیە و وەکیلە و پیر و پەککەوتە و ناکام کە مافی خۆیان هەیە، هەموو ئەمانەمان چارەسەر کرد و گشت پرۆسەکە تەواو بووە». لە هەموو ئەمانەش گرنگتر دابینکردنی مووچەکانە بە درێژایی شەش مانگی ڕابردوو بە تەواوەتی و بێ ئەوەی پەنا بۆ قەرز ببەین.

*** تا چەند لە هەوڵەکانی دووبارە دارشتنەوەی هەیکەلی دامەزراوەکانی حکومەت هەنگاوی بەرەوپێشەوەتان ناوە؟ ئایا پێت وانییە دانانی یەک ستاندار بۆ سەرجەم وەزارەتەکان هەڵەیە، چونکە خەسڵەت و شێوازی ئەرکی وەزارەتەکان جیاوازن؟**

- ئەم پرسە هەندێک جار بە هەڵە باس دەکرێت؛ ئێمە و هەموو شارەزایان و پسپۆڕانی ئیدارییش ئەو ڕاستییە دەزانن کە هەیکەلی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت بە دەستە و فەرمانگەکانیشەوە گەورە و قەبەن، بەپێی بڕیاری ژمارە ٣٣ی ئەنجومەنی وەزیران، پێداچوونەوە بە هەیکەلی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتدا دەکەین، لێژنەی تایبەتمان داناوە و لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەکان کاریان کردووە و دەرکەوتووە، ناهاوسەنگییەکی گەورە لە نێوان وەزارەت و وەزارەتێکی دیکە هەیە، بەشێک لە کارەکانمان تەواو کردووە و بەشەکەی دیکەش لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی دەکەین، ئەمەش هەمووی لە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی وەزارەتەکانە. هەروەها لە دامودەزگایەکەوە بۆ دامودەزگایەکی دیکە ناهاوسەنگییەکی زۆری فەرمانبەران هەیە، لە دامەزراوەیەک ژمارەی فەرمانبەران کەمە و لە فەرمانگەیەکی دیکە ژمارەیان زیاترە، لەلایەکی دیکەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە هەندێک گواستنەوە لەنێوان وەزارەتەکاندا بەپێی پێویستی وەزارەتەکان مۆڵەتی پێ دراوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین، ئەمەش جۆرێکە لە کرانەوە بۆ ئەوەی سوود لە توانا و پسپۆڕییەکان لە دامودەزگا جیاوازەکان وەربگرین. هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هەیە کە لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی پێکهاتووە، ڕەنگە ئەو ژمارە زۆرەی بەڕێوەبەرایەتییە پێویست نەبێت.

*** یەکێک لە بەرنامەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات بوو، ئایا لەم ڕووەوە چی کراوە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیاردا دەست بە کار بوو؛ بەهای نەوت بە ڕادەیەک داشکابوو، نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ (سفر) دۆلار دابەزیبوو، بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی بڕیبوو، پەتای کۆرۆنا ئابووری و دامەزراوەکانی ئیفلیج کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا ئیرادەی ڕێزدار مسرور بارزانی و پاڵپشتیی گەلەکەی وایان کرد، ئەو ڕۆژە سەختانەمان تێپەڕاند و، توانیمان خەرجییەکان کەم بکەینەوە و داهاتەکان زیاد بکەین. ئەوە بوو وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پاڵپشتیی بەهێزی سەرۆکی حکومەت توانی خەرجییەکان کەم بکاتەوە و داهاتەکانیش زیاد بکات. هەرچۆنێک بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی خەرجییە ناپێویستییەکانی حکومەت لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ٧٠ ملیۆن دۆلار کەم بکاتەوە، بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر ئەدا و ڕاییکردنی کاروبارەکانی حکومەت هەبێت.

*** هەر سەبارەت بە کۆکردنەوەی باج و فرەچەشنکردنی سەرچاوەی ئابووری کە یەکێک بووە لە کارنامەکانی حکومەت و هەوڵەکانی سەرۆک وەزیران، ئایا لەم ڕووەوە چ هەنگاوێک نراوە؟**

- حکومەت وێڕای کەمکردنەوەی خەرجیی ناپێویست و زیادکردنی داهاتی ناوخۆ، هەنگاوی بەرەو هەمەجۆرکردنی ئابووری و فرەچەشنکردنی داهاتی نانەوتی ناوە، ئەمەش هیچ بارگرانییەکی لەسەر هاووڵاتیان دروست نەکردووە، ئەگەر چاوخشاندنەوەیەک بە ئامار و داتاکانی وەبەرهێنان و ئەو پرۆژانە بکرێت کە حکومەت کارئاسانییان پێشکەش دەکات، دەبینین لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، حکومەتی هەرێمی کوردستان چ هەنگاوێکی ناوە، بە سەدان سایلۆ و پڕۆژەی پیشەسازی و

کشتوکاڵی وێڕای وشکەساڵی و قەیرانی دارایی جێبەجێ کراون.

*** لە بواری دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە و کەمکردنەوەی مەرکەزییەت کە بۆ کارئاسانی و خێراکردنی خزمەتگوزارییەکان و پێدانی دەسەڵاتی دارایی و ئیداری زیاتر بۆ یەکە ئیدارییەکان تا چەند ئەم کارنامەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کراوە؟**

- چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆ پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکان دامەزراون، دەسەڵاتی زیاتریش دراوەتە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەو ئیدارە سەربەخۆیانە، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوونمان کردووە بۆ بەلامەرکەزیکردنی ئیداری و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئەمەش دوای ئەوەی بە فەرمانی ڕێزدار سەرۆك وەزیران بڕیاری تایبەت دەرچوو بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە سنووری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەلایەن وەزارەتەکانەوە و بەردەوام بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی تەواوی ئەم بڕیارە گرنگە دەکەین، هاوکات کردنەوەی فەرمانگەکانی وەکو پاسپۆرت و کارتی نیشتمانی و بگرە گرنگیدان بە ئیدارە سەربەخۆکان، ئەمانە هەموویان کار و هەنگاوی باشن، بەڵام دەبێت ئەو ئیدارە سەربەخۆیانەش لە ئاست جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان بن، هەروەکو چۆن لەلایەن خودی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی دەکرێن، هەرواش لە ئاست ئەو متمانەیە و دەسەڵاتانەشدا بن کە پێیان دراوە و لە سنووری جوگرافیای ئەو یەکە ئیدارییە لە خزمەتی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی وەزیران بن.

*** لە بواری پێداچوونەوە بە دۆسیێ خانەنشینی نایاساییدا تا چەند توانرا ئەم لیستە پاك بکرێتەوە، کە پێشتر کەسانێکی زۆر بە پلەی وەزیر و بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کرابوون بێ ئەوەی لەو پۆستەدا کاریان کردبێت؟**

- پێداچوونەوە بە ١٧٩٧ کەیسی خانەنشینی نایاسایی بە پلەی وەزیر و بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی کراوە و خانەنشینییەکانیان

## لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردندا:

- چاکسازی لە سیستمی حوکمڕانی و بەڕێوەبردن لە ئاستی هەموو وەزارەتەکان کراوە و، زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بە ئەلیکترۆنی کراون و، هەنگاوی کردەیی بۆ دروستکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی نراون.
- داتاسەنتەرێکی ناوەندیمان بۆ حکومەت دامەزراندووە، هەروەها سیستمێکی دیجیتاڵیمان بۆ ئامار و سەرژمێرکردنی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە.
- کارمان کردووە بۆ کەمکردنەوەی بیرۆکراسی لە فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەت و، شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و گواستنەوەی خزمەتگوزارییەکان لە ناوەندی پارێزگاکان بۆ ئاستی قەزاکان.
- هەنگاومان ناوە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و بنبڕکردنی و، ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.
- هەماهەنگییەکی تۆکمە و بەهێز لە ناو ئەندامانی کابینە و ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە، زۆرترین کۆبوونەوەی حەفتانەی ئەنجومەنی وەزیرانیش کراوە، بۆ گفتوگۆکردن و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت .
- پەیوەندییەکی باش لە نێوان حکومەت و پەرلەماندا هەیە و، وەزیران و بەرپرسانی حکومەت زۆرترین سەردانی پەرلەمان و لێژنەکانی پەرلەمانیان کردووە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و خستنەڕووی ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ پەرلەمانتاران.

**پێداچوونەوە بە ١٧٩٧ کەیسی خانەنشینی نایاسایی بە پلەی وەزیر و بریکار و راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی کراوە و خانەنشینەکانیان هەڵوەشاوەتەوە، تەنیا لەم دۆسیەیەدا مانگانە یەک ملیار دینار بۆ حکومەت گەڕێندراوەتەوە**

**وردبینی بۆ دوو هەزار و ٤٢٤ خانەنشینی وەزارەتی پێشمەرگە و زیاتر لە دوو هەزار خانەنشینی سەربازی و کۆچکردوو کراوە و، لیستی مووچەیان گواستراوەتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی و دۆسییەی ١٠١٨ شەهیدی شەڕی دژی داعشمان گواستووەتەوە بۆ وەزارەتی شەهیدان**

**دەستەی بەڕێوەبردنی سندووقی خانەنشینی پێکهاتووە و لەمەودوا بڕینی خانەنشینی دەچێتە ناو ئەو سندووقە و دەبێتە دڵنیاییەک بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان**

هەڵوەشاوەتەوە، مانگانە یەك ملیار دینار بۆ گەنجینەی حکومەت لەم کەیسەدا گەڕاوەتەوە و هەمواری مووچەیان بۆ کراوەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی زیاتر لە ٢ هەزار مووچەی خانەنشینی چاکسازییان تێدا دەکرێت. هەروەها وردبینی بۆ دوو هەزار و ٤٢٤ خانەنشینی لە وەزارەتی پێشمەرگە کراوە و لە قۆناغی دووەمدا وردبینی بۆ زیاتر لە دوو هەزار خانەنشینی سەربازی و کۆچکردوو کراوە، لیستی مووچەیان گواستراوەتەوە سەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی. لەلایەکی دیکەوە پێداچوونەوەمان بە دۆسیەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسیشدا کردووە و لە کۆی ٦٩ هەزار دۆسیە، وردبینیمان بۆ هەشت هەزار و ٥٤٦ دۆسیە کردووە، لە وەزارەتی پێشمەرگەش دۆسیەی هەزار و ١٨ شەهیدی شەڕی داعشمان گواستووەتەوە سەر وەزارەتی شەهیدان. لەلایەکی دیکەوە دامەزراندنی سندووقی خانەنشینییش دەستی پێ کردووە، دوای ئەوەی پەیڕەومان دەرکردبوو، کە یەکێك بووە لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەم و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی دێت، هاوکات دەستەی بەڕێوەبردنی سندووقی خانەنشینی پێکهاتووە و لەمەودوا بڕینی خانەنشینی ناچێتە هیچ تۆمار و شوێنێك، بەڵکوو ئەو بڕە پارەیە دەچێتە ناو سندووقەکە و دەبێتە دڵنیاییەك بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان».

*** باج لە ئابووریدا بنەمایەکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی داهات و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی حکومەت لە بواری پێدانی مووچە و بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکان، ئایا تاچەند لەم کابینەیەدا یاسای وەرگرتنی باج جێبەجێ کراوە؟**

- جێبەجێکردنی یاساکانی باج و هەڵگرتنی باج لەسەر ئەو خۆراك و پێداویستییە سەرەکییانەی هاووڵاتیان بۆ ئەوەی نرخەکەی لە بازاڕەکان کەم ببێتەوە، یەکێکە لە برگە سەرەکییەکانی چاکسازی، حکومەتی هەرێمی کوردستان باجی نوێی نەسەپاندووە، تەنیا یاساکانی باجی جێبەجێ کردووە، ئەمەش لە قازانجی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستاندا بووە و، دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات و دواجار لە خزمەتی هاووڵاتیاندا خەرج دەکرێتەوە، مووچەکان بەشێکی بە داهاتی ناوخۆ و داهاتی باج دەدرێت و جووڵەی بازاڕ بە پێدانی مووچە دروست دەبێت. هەر لە بواری سیستەمی باجدا توانیومانە سیستەمی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی بکەین بۆ ڕێگرتن لە قۆرخکاری و بەدواداچوونمان کردووە بە پەیڕەوی ناوی بازرگانی و تۆمارنامەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا.

*** بەئەلەکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین هەنگاوی گرنگی بۆ نراوە، دەکرێت بزانین لەم ڕووەوە چی ئەنجام دراوە؟**

- بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و باشکردنی بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیان خزمەتگوزارییەکانمان بەدیجیتاڵی کردووە، لە بڕیاری ژمارە (١)ی ئەنجومەنی وەزیران برگەیەکی تایبەت بوو بە ڕۆتین، هەروەها ئێمە لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون کارمان بۆ بەدواداچوون و هەماهەنگی کرد بۆ دامەزراندنی سیستەمی ئەلیکترۆنیی سکاڵای هاووڵاتیان لەسەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم، ئەوە بوو سکاڵای هاووڵاتیان بەئەلیکترۆنی کراوە و پۆرتاڵی خزمەتگوزارییەکانمان کردووە، بۆ ئەم مەبەستە ڕاهێنانمان بە ١٢٧ فەرمانبەر کرد بۆ کارکردن لەسەر ئەم پۆرتاڵە، پۆرتاڵی خزمەت و سکاڵای ئەلیکترۆنی لە هەندێك لە وەزارەتەکاندا جێبەجێ دەکرێت و ڕاستەوخۆ وەڵامی هاووڵاتییان دەدرێتەوە و بەدواداچوون بۆ سکاڵا و داواکارییەکانیان دەکرێت، هاوکات تەرخانکردنی ڕۆژێك بۆ بەدواداچوونی کاری مامەڵەی هاووڵاتییان بە ڕاستەوخۆ، یان گرنگیدان بە پۆستی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی، ئەمانە هەموویان ڕۆتین و کات و خەرجیی مامەڵە کەم دەکەنەوە و کاتی هاووڵاتی بەفیڕۆ نادرێت.

*** پەرلەمانی کوردستان وەکو دامەزراوەیەکی یاسایی چاودێر بووە بە سەر کاروبارەکانی حکومەتدا، ئایا تاچەند لە رووی شەفافییەت و کرانەوەی دەرگای وەزارەت و دامەزراوەکان بۆ پەرلەمانتاران سەرکەوتوو بوون؟**

- زۆرترین وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتیان لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە لە پەرلەمان لەم کابینەیەدا بووە، زۆرترین سەردانی وەزیرەکان

بۆ پەرلەمان هەر لەم کابینەیەدا بووە، لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان زۆرترین کۆبوونەوە و وتوویژ و گفتوگۆیان کردووە و لە سێ ساڵی تەمەنی کابینەکەدا توانراوە زۆرترین وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتییان لە ڕێگەی پەرلەمانتاران بدرێتەوە، لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیشدا زۆر ئەکتیڤ بوون، هەروەها لە شیکردنەوەی سیاسەتی گشتی لە هەر بوارێکدا بێت، سەردانی لیژنەکانی پەرلەمانیان کردووە و بەشدارییان لە دانیشتنی پەرلەمانیشدا کردووە. بۆ یەکەمینجارە حکومەت و پەرلەمان پێکەوە کار بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و باشترکردنی دۆخەکە دەکەن، ڕاستە لێرە و لەوێ هەندێك پەرلەمانتار هەیە دۆخەکە بۆ هەڵمەتی ئیعلامی دەقۆزێتەوە و کار بۆ بەلاڕێدانەبردنی ڕای گشتی دەکات، بەڵام لە بەرامبەر ئەو هەموو پەرلەمانتار و فەرمانبەرانی دڵسۆزدا کاریگەرییەکی نێگەتیڤانەی ئەوتۆی نییە. لەپێناو چەسپاندنی شەفافییەت لە نەوت و داهاتەکەیدا چەندین ڕاپۆرت لەسەر پڕۆژەکانی پترۆدۆلار و ناوچە جیاجیاکان و خەرجییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان کراوە و لە ئێستادا پرسی نەوت و گاز بە شەفافترین سێکتەر دادەنرێت. هەر لە چوارچێوەی سەروەرکردنی یاسادا یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ سەبارەت بە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان دەرچووە و لە نزیکەوە سەرۆك وەزیران و تیمەکەی و یەکە ئیدارییەکان کاری جددی لەسەر دەکەن و توانیویانە بازاڕەکانی چەك فرۆشتن لەگشت ناوچەکانی هەرێمدا دابخەن.

*** لە بواری چاکسازی لە لیستی کەمئەندامان تاچەند گلەیی و ڕەخنەی ئەو کەمئەندامانە ڕەچاو کراوە کە تانەیان لە دەرهێنانی ناوەکانیان هەبووە؟**

- یەکێك لەو پرسە هەستیارانەی کە زۆر لەسەر خۆ و بە وردی چاکسازی تێدا کراوە، لیستی مووچەی کەمئەندامان بووە، توانیمان پاککردنەوە لەو لیستە بکەین لەوانەی شایستە نین لە ٨٦ هەزار و ٢٢٧ کەس، کە تا سەرەتای ئەمساڵ لەناو لیستی کەمئەندامانددا بوون، ١٤هەزار و ٨٩٦ دۆسیە ناشایستە بوون و لە لیستەکە دەرکراون.

## لە بواری گرنگیدان بە خوێندن و پەروەردە:

- جگە لە بەهەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەست و، نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی چەندین قوتابخانە و، پەرەپێدان بە خوێندنی ئۆنلاین و فراوانکردنی پەیوەندیی ئەکادیمی و خوێندن لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکە، بۆ باشترکردنی کوالێتی پەروەردە و خوێندنی باڵاش، (دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پڕۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا)مان دامەزراندووە.

## لە بواری هۆشیاریی کۆمەڵایەتی:

- زۆرترین زانیاری و ڕوونکردنەوەمان لە بارەی کار و چالاکی و پڕۆژەکانی حکومەت بڵاو کردووەتەوە، هەروەها کارمان کردووە بۆ فراوانکردنی مەودای ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕین و، زەمینەسازکردن بۆ دروستبوونی ڕاگەیاندنێکی بەرپرسیار لە هەرێمی کوردستان.
- بەردەوام بووین لە پەرەپێدانی کولتووری بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.
- هەوڵی بەردەواممان داوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و جیاوازیی ڕەگەزی و بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت.
- گرنگیمان داوە بە بواری ژینگەپارێزی و بەکارهێنانی وزەی سەوز و ژینگەدۆست.

**بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین کارمان بۆ دامەزراندنی سیستەمی ئەلیکترۆنیی سکاڵای هاووڵاتیان لە سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێم کردووە، لە ئێستادا پۆرتاڵی خزمەت و سکاڵای ئەلیکترۆنی لە هەندێک لە وەزارەتەکاندا جێبەجێ دەکرێت و ڕاستەوخۆ وەڵامی هاووڵاتییان دەدرێتەوە و بەدواداچوون بۆ سکاڵا و داواکارییەکانیان دەکرێت**

**زۆرترین وەڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتیانمان لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە داوەتەوە و زۆرترین سەردانی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان هەر لەم کابینەیەدا بووە**

**ئیرادەی سیاسی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان و بۆ پێکهێنانی هێزێکی تایبەت لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ دەرچووە و پەیڕەوی تایبەتیشی بۆ دانراوە**

*** لە بواری لێخۆشبوون لە قەرزەکان و پێداچوونەوە بە نرخی ئاو و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا چ هەنگاوێک نراوە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلان و بەرنامەیەکی زانستییانە و لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی هاووڵاتیان پێداچوونەوەی بە باجەکان و داشکانی ڕسووماتەکانی ئاو و کارەبا و پێشینەکان و لێخۆشبوونی ڕێژەیی قەرزەکان هەنگاوی گرنگی ناوە. پێداچوونەوە بە خەمڵاندنی باجەکان و دانەوەی داشکان بە ڕێژەی لە ١٥٪ی ڕسووماتەکانی ئاو و کارەبا و پێشینەکان، کە کۆمەڵێک بڕیارە و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە، لێرەدا دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە تێچوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەسەر حکوومەت زۆرە، دەبێت هاووڵاتییان پابەندی پێدانی ئەو ڕسووماتانە بن، کە لە هەموو کاتێکدا پاڵپشتیی نرخەکەی کراوە، واتا کرێی کارەبا و ئاو و ئەو خزمەتگوزارییە گشتییەی هاووڵاتی دەیدات، تێچوونەکەی چەندین جار زیاترە لەسەر حکومەت، لەگەڵ ئەمەشدا، بەردەوام حکومەتی هەرێمی کوردستان کارئاسانی دەکات.

*** بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی چی کراوە؟**

- گرنگترین هەنگاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا دەستنیشانکردنی سامانی گشتی و جەردێکی تەواوی موڵک و ماڵی دەوڵەت کراوە و بە داتابەیسی گشتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، تەنانەت ڕۆڵ و پێگەی دەزگاکانی چاودێری و دەستپاکی و چاودێری دارایی و داواکاری گشتی و دادگاکان زیاتر کراون، بۆ نموونە لەپێناو نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی و زێدەڕۆیی بۆ سەر موڵکی گشتی شەش کۆبوونەوەمان لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی ئەنجام داوە و ستراتیژیەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاکی پەسەند کراوە و، هەماهەنگیی باش لە نێوان دیوانی چاودێری دارایی و وەزارەتەکان و وردبینیی تەواو لە سەرجەم کاروچالاکییەکان لە بواری دارایی کراوە و، تەنانەت ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی عێراق و هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە. بە شێوەیەکی زۆر باش ڕێگریی کرا لە بەکارهێنانی پێگەی بەرپرسانی باڵای حکومەت بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، بۆ ئەمەش فۆرمی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاکی بەپێی بڕیاری ژمارە ( ٦) لە ٢٠١٩/٧/٢٢ی ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو کە تێیدا هەموو پلە باڵاکان ڕاسپێردران بە خزمەتی گشتی ئەم فۆرمەیان پڕ کردووەتەوە، ئێمە دەزانین ئەوەی پەیوەستە بە گەندەڵی، یان دەستبەسەرداگرتنی بە هەر شێوازێک بێت، کاری توندی لەسەر کراوە، هاوکات خەرجکردنی بودجەی گشتی ڕێک خراوەتەوە و بودجەی وەبەرهێنانیش بە هەمان شێوە، ئێستا لە ڕێگەی فەرمانگەی تەکنەلۆژیا و زانیاری توانراوە سیستەمێکی هاوبەشی خەرجی گشتی دەستنیشان بکرێت، کە تێیدا بودجەی بەکارخستن زیاتر دەگرێتەوە لەسەر ئاستی هەموو وەزارەتەکان و چەندین هەفتە ڕاهێنان بە هەموو ژمێرکاران دەکرێت، بۆ ئەوەی بەدەر لە ڕۆتین کاروبارەکانی خۆیان بکەن و بە شێوازێک بێت بتوانن بودجەی بەکارخستن (تشغیلی) بە شێوازێک خەرج بکرێت کە بەهەدەردانی سامانی گشتی تێدا نەبێت، دامەزراوەکانی حکومەتیش ئاگایان لە یەکتر بێت، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی کە دەبێت خەرجی گشتی لە ڕێگەی ئەو وەزارەتەوە بێت، تاوەکو ڕۆتین نەمێنێت و بیرۆکراسیەتی کوشندەش لە ڕێگەی ئەو سیستەمە ئەلەکترۆنییە بتوانین ئیدارەی خەرجی گشتی بکەین و ئەو بوارانەی بەهەدەردانی تێدایە کۆنترۆڵ بکرێت. هاوکات بۆ ڕێکخستنەوەی ئیفاد و سەفەر و کۆنگرە و کۆنفرانسەکان لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون هەستاین بە دامەزراندنی سیستەمی ئەلیکترۆنیی شاند و شاندکراوەکان لە گشت وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبواری بودجەی وەبەرهێنان لێژنەیەکی تایبەت پێکهێنراوە بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەکان و ئەو پرۆژانەی بۆ هاووڵاتیان زۆر پێویستن بەردەوام بێت و ئەوانی دیکە ڕیزبەندیان بۆ دانرێت و ڕەچاوی توانای دارایی حکومەتی هەرێمی

کوردستانیش بکرێت، وەزارەتی پلاندانانیش پلانی تایبەتی هەیە بۆ بەدواداچوونی پرۆژە بەردەوامەکان بەتایبەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و دەستنیشانکردنی پرۆژەی نوێ لە چوارچێوەی بەرنامە پێشنیارکراوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕیزبەندی بەپێی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەت دادەنرێت. چاکسازی مەبەستی پێشخستن و باشکردنی سوودوەرگرتن لە داهاتی گشتییە کە یەکێك لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی فرەچەشنکردنی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە خۆشبەختانە بە ڕێکخستنەوەی باج بە تەواوەتی ئەوانەی کە باجدەری گەورەن، کۆنترۆڵ بکرێنەوە و ڕێگە لە خۆدزینەوەی باج بگرێت، لەم قۆناغە ئەمە گرنگە بۆ ئەوەی بگەینە قۆناغی نوێ کە گەشەپێدان و باشکردنی خزمەتگوزارییەکانە.

*** لەم پرۆسەیەی چاکسازیدا ڕێگری هەبووە، تەنانەت هەندێك حزبی سیاسی و کەناڵی ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی پرسی چاکسازیدا پرسەکەیان بەلارێدا بردووە و وایان لێك داوەتەوە کە زیان بە توێژ و چینێك گەیەندراوە، ئایا تا چەند حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بووە؟**

- من لەوە تێدەکەم کە هەموو گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەیەکی هەڵەکان و ڕێگرتن لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی کەسانێکی سوودمەند لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی ڕووبەڕووی دەبنەوە، کێشەکە لەوە زیاتر لەوەدایە ڕاگەیاندن بەرپرسیارانە مامەڵە نەکات و لە ژێر ئەجیندە و کاری دەرەکی و بەرژەوەندیی ئەو کەسانەدا بێت کە سوودیان لە داهات و سامانی ئەم وڵاتە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان وەرگرتووە. بەڵێ، ڕێگری هەبووە و بە عەقڵییەتێکی لۆژیکانە مامەڵەمان لەگەڵ کردووە. ئێمە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و هاووڵاتیانی کوردستان و مووچەخۆراندا دەبووایە بەردەوام بین لەسەر جێبەجێکردنی چاکسازی، لەم پرۆسەیەدا پارەیەکی زۆرمان گەڕاندووەتەوە بۆ گەنجینەی گشتی و کەمکردنەوەی خەرجی زیادە و هەڵپەساردنی چەندین ڕاسپاردە، بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مسرور بارزانی و تیمەکەی سوورن لەسەر جێبەجێکردنی

## لە بواری پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی:

- یەکەمجارە لەم کابینەیەدا، چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە چووەتە بواری کردەییەوە.
- بەردەوام بووین لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و پووچەڵکردنەوەی هەوڵی تیرۆریستی و، دەستگیرکردنی تاوانباران و بازرگانانی ماددەی هۆشبەر و، گرنگیدان و پشتیوانیکردنی ڕۆڵی دادگاکان بۆ سزادانی سەرپێچیکاران.
- سەردانی مەیدانیمان کردووە بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بۆ بەهێزکردنی هێڵەکانی بەرگری لە بەرامبەر تیرۆریستان.
- هەر لەم ڕۆژانەش هەڵمەتی ڕاماڵینی چەکی بێ مۆڵەت دەستی پێ کردووە.

## لە بواری پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی:

- لە چوارچێوەی سیاسەتمان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و پارێزگاریکردن لە ماف و شایستە دەستوورییەکانمان، زیاترین هەوڵمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داوە و، بەردەوامیش شاندی حکومەتی هەرێم بۆ گفتوگۆ و گەیشتن بە چارەسەرێک لە سەر بنەمای دەستوور، سەردانی بەغدای کردووە و لە هەوڵەکانمان بەردەوامین.

## لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا:

- کارمان بۆ پەرەپێدان و بەهێزترکردنی ئەو پەیوەندییانە کردووە و لە سەردانەکانمان بۆ وڵاتانی هەرێمی و عەرەبی و ئەوروپایی و، لە کۆڕ و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکاندا، هەڵوێستی هەرێمی کوردستانمان ڕوون کردووەتەوە و، پەیوەندییەکانمان پتەوتر کردووە.




> **وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان بە یەکێک لە دەستکەوتە جوانەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، کار بۆ گەڕانەوەی ٨٨٤ ملیار دینار قەرزی بازرگانی دەکەین و، ١٨٤ دۆسیەمان هەیە و، ١٢٤ی لە قۆناغی ئاگادارکردنەوەن و ٦٤ ڕەهنی قەرزیش فرۆشراون، یان لە حاڵەتی فرۆشتندان**

چاکسازی و زاڵبوون بەسەر هەموو کۆت و بەربەستەکاندا، بەتایبەتی ئەو بەربەست و ئاستەنگانەی کە لە دەرەوەی حکومەت حزب و کەسانی دەستڕۆیشتووی ناو حزبەکان لە پشتیەوەن، بە هەماهەنگیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی بەشداربووی ناو حکومەت، ئەو پرسانەش ڕوو لە چارەسەر بوون.

*** سەبارەت بە دەروازە سنوورییەکان کە پێشتر لێرە و لەوێ حاڵەتی قاچاخچیکردن و بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی و تا بردنی داهاتی باجی گومرگی ڕووی دەدا، لەمبارەیەوە چی کراوە بۆ ڕێگری لەم کارە نایاساییانە؟**

- چاکسازیی باش کراوە لە ئەدای بەشێك لەو کۆمپانییانەی لە دەروازە سنوورییەکان کار دەکەن، کەموکورتی و فەراغی یاسایی و کەموکورتی لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان دەستنیشان کراون و، چاوخشاندنەوە بەو گرێبەستانەش کراوە کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکان هەبووە، ئێمە لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بە تیمێکی تایبەت کارمان کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو لایەنانە دابنیشین و گفتوگۆ بکەین کە لە دەروازە سنوورییەکان کار دەکەن، بە مەبەستی بنبڕکردنی گەندەڵی و کەمکردنەوەی کەموکورتییەکان و ڕێکخستنەوەی کارەکان، تەنانەت ڕێگریی لە بەقاچاخبردنی نەوت و گاز کراوە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٢٠ کە یاسایەکی تایبەتە بە ڕێگریکردن لە بەقاچاخ بردنی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان. خۆشبەختانە ئیرادەی سیاسی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکان بۆ پێکهێنانی هێزێکی تایبەت لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە و تەنانەت بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ دەرچووە و پەیڕەوی تایبەتیش دانراوە بۆ

ئەوەی بە چ شێوازێك كاری لەسەر بكرێت، ئەمەش بەپێی ئەو پەیوەندییەی ئەو لایەنانەی حكومەتی هەرێمی كوردستانیان پێكهێناوە و لە هەنگاوەكانی داهاتوو ئەم پرسە كۆتایی پێ دەهێنین و كارەكان باشتر دەچنە پێشەوە.

*** یەكێك لە كارە جوانەكانی حكومەت گەڕاندنەوەی قەرزە بازرگانییەكانە كە كەسانێك ئەو قەرزەیان وەرگرتووە و ئامادە نەبوون بیگەڕێننەوە، لەمبارەیەوە تاچەند توانراوە قەرزە بازرگانییەكانبۆ گەنجینەی حكومەت بگەڕێننەوە؟**

- هەرچی ئەو قەرزە بازرگانییانە هەیە كە دراون و مافی گشتی و دەوڵەتە دەبێت بگەڕێندرێتەوە، ئەمە بە یەكێك لە دەستكەوتە جوانەكانی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان دادەنرێت، كەسانێكی دەستڕۆیشتوو بە پاساو و بیانووی جۆراوجۆر خاوێتی لە دانەوەی ئەم قەرزانە دەكەن، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی یاسایی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بانكە بازرگانییەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی داد، كار بۆ گەڕانەوەی ٤٩٧ ملیار دینار قەرزی بازرگانی دەكەن، ٣٨٧ ئەسڵی قەرزەكەیە و ٤٩٧ سوودە، كۆی قەرز دەگاتە ٨٨٤ ملیار دینار و تاكو ئێستا نزیكەی هەشت ملیار دیناری گەڕاوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ١٨٤ دۆسیەمان هەیە و ١٢٤ی لە قۆناغی ئاگاداركردنەوەی قەرزارەكانە و ٦٤ ڕەهنی قەرزارییش فرۆشراون، یان لە حاڵەتی فرۆشتندان، هەنگاو بە هەنگاو هەموو قەرزەكان دەگەڕێنینەوە و ئەوەی نەیگەڕێنێتەوە بە یاسا و دادگا مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت.

*** بۆ چاكسازی لە بواری هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ چی كراوە؟**

- یەكێك لە كارە گەورە و گرنگەكانی چاكسازی بریتی بووە لە جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایش، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمەكانی ڕاوێژكاریی هێزەكانی هاوپەیمانان بۆ ڕێكخستن و یەكخستنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بووە و لە چوارچێوەی پلانێكی گشتگیردا كاری باشی لەسەر كراوە.

## پلان و بەرنامەكانی كابینەی نۆیەم بۆ داهاتوو:

- بەردەوامیدان بە سیاسەتی هەمەجۆركردنی ئابووری و سەرچاوەكانی داهات و گرنگیدانی زیاتر بە كەرتی كشتوكاڵ.
- زیادكردنی بەنداوەكان و بەردەوامیدان بە كاركردن لە سەر پاراستنی ئاسایشی ئاو.
- دامەزراندنی سیستمێكی ژینگەدۆست، بۆ چارەسەركردنی كێشەی خاشاك و زبڵ لە شارەكانی هەرێمی كوردستان .
- زیادكردنی ئاستی بەرهەمهێنانی كارەبا بە بەكارهێنانی وزەی خۆر و گازی بەفیڕۆدراو و، ئەو سەرچاوانەی كە نرخی بەرهەمهێنانی كارەبا كەم دەكاتەوە.
- بەردەوامبوون لە سەر پاڵپشتیكردنی گەنجانی كوردستان، بۆ بەگەڕخستنی پرۆژەی بچووك، بە مەبەستی دروستكردنی هەلی كاری زیاتر.
- بەكارخستنی سیستمێكی پێشكەوتووی بانكی، بۆ بەهێزكردنی ئاڵوگۆڕكردنی بازرگانی و جووڵەی بازاڕەكان و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە بانكییەكان.
- فراوانكردنی خزمەتگوزاریی ناو شارەكان و، زیادكردنی ڕووبەری سەوزایی و تایبەتمەندییە ژینگەییەكان لە شارەكان.
- پەرەپێدان و زیاتركردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ كەمدەرامەتەكان.
- باشتركردنی خزمەتگوزارییەكان و پێداویستییە سەرەكییەكانی ژیان لە گوند و شارۆچكەكان، بۆ ئەوەی هاووڵاتییانی ئەوێ ڕوو لە شارە گەورەكان نەكەن.
- بەهێزكردنی ئاسایشی ناوخۆ و سنوورەكان و بەردەوامبوون لە سەر ئەوەی نابێت هەرێمی كوردستان وەك هەڕەشە و پێگەیەكی هێرشكردن بۆ سەر هیچ وڵاتێك بەكار بهێنرێت.



**دکتۆر هێمن میرانی**
بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ گوڵان:

# چەکی بێ مۆڵەت دەستی بە سەردا دەگیرێت و مۆڵەتدانی چەکهەڵگرتنیش زۆر سنووردار دەکرێت

**بە فەرمانی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردرا کە یاسای قەدەغەکردنی چەك (یاسای چەك ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٢٢) جێبەجێ بکرێت، لە ئێستاشدا دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی چەکی بێ مۆڵەت و داخستنی ئەو شوێنانەی کە چەکیان لێ دەفرۆشرێت، لەمەش زیاتر وەزارەتی ناوخۆ لە ئانوساتی دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاساکە و دانانی ڕێنمایی توندە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەم یاسا گرنگە بۆ ژیانی هاووڵاتیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان سەردانی وەزارەتی ناوخۆمان کرد و دیدارێکمان لەگەڵ دکتۆر هێمن میرانی بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دەرکردنی بڕیاری نەهێشتنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەکی بێ مۆڵەت لەناو کۆمەڵگەدا و دەرچوون و جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ی چەك لە هەرێمی کوردستاندا تا چەند گرنگ بوو بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان؟**

- ڕێکخستنی بواری چەك و بنبڕکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی چەکی بێ مۆڵەت لە هەرێمی کوردستاندا، بە یەکێك لە کارنامە لەپێشینەکانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی کابینەی نۆیەم دادەنرێت. هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەسەر ئەم بابەتە کار کراوە و بژاردەکان خراونەتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەوە بوو لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی باری یاسایی مامەڵەکردن لەگەڵ چەك لەگەڵ گۆڕانکارییەکان هاوتەریب بێت، ڕەشنووسێکی نوێ بۆ یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان ئامادە کرا، لە بری ئەوەی یاسا کۆنەکە هەموار بکرێتەوە، کە یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٩٣ بوو. دوای گفتوگۆی زۆر لە نێوان حکومەت و پەرلەمان، یاسا نوێیەکە لە بەهاری ساڵی ٢٠٢٢ دەرچوو کە بە یاسای چەك ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ ناونراوە. ئێستا وەزارەتی ناوخۆ لە ئانوساتی دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاساکەدایە و لە ئایندەیەکی زۆر نزیك ڕێنماییەکە دەردەچێت، بەمەش زەمینەیەکی نوێی یاسایی بۆ ڕێکخستنەوە و کۆنترۆڵکردنی دیاردەی چەکداری و بنبڕکردنی چەکی بێ مۆڵەت و دیاریکردنی سنوورێك دەبێت بۆ دیاردەی چەکهەڵگرتن کە بووەتە هەڕەشە لەسەر گیانی خەڵکی.

پێویستە ئەوە بگوترێ کە عێراق لە سەد ساڵی ڕابردوو لە نێو بازنەی بەردەوامی نائۆقرەیی و توندوتیژیدا بووە کە هەمیشە دەوڵەت و دامەزراوە سەربازییەکانی بەشێك و لایەنێکی ئەو ململانێ و توندوتیژیانە بوون، بۆیە چەکێکی زۆر بڵاو بووەتەوە و بەشێکی زۆر لە ماڵەکان لە عێراق چەکیان هەیە. بە گوێرەی هەندێ داتا زیاتر لە ١٠ ملیۆن چەکی بچووك و مام ناوەند لە دەست ئەو تاقم و گرووپانەیە کە لە دەرەوەی دەوڵەتن. هەڵبەت ئەو ژمارەیە ڕەنگە زیاتر بێت. چەکی بڵاوبوو لە ناو کۆمەڵگە وا دەکات ناو بە ناو کارەساتی دڵتەزێن و تاوانی گەورە ڕوو بدات. دوای کارەساتی شەهیدکردنی دوو مامۆستای زانکۆ، بە فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان، هەڵمەتی فراوانی داخستنی بازاڕ و شوێنەکانی چەکفرۆشتن و مامەڵەکردن بە چەك دەستی پێ کردووە. مەفرەزەکانی پۆلیس و ئاسایش دەست بەسەر چەکی بێ مۆڵەتدا دەگرن. کۆنترۆڵکردن و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی تاوان و توندوتیژی بە هەموو شێوەکانیەوە. خۆشبەختانە لەلایەن هاووڵاتیان و ڕێکخراو و کۆمەڵگەوە پێشوازییەکی باش لە بڕیارەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەت کراوە، ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنی کاری پراکتیکی و جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئاسانتر کردووە.

**عێراق لە سەد ساڵی ڕابردوو لە نێو بازنەی بەردەوامی نائۆقرەیی و توندوتیژیدا بووە کە هەمیشە دەوڵەت و دامەزراوە سەربازییەکانی بەشێك و لایەنێکی ئەو ململانێ و توندوتیژیانە بوون**

**بە گوێرەی هەندێ داتا زیاتر لە ١٠ ملیۆن چەکی بچووك و مام ناوەند لە دەست ئەو تاقم و گرووپانەیە کە لە دەرەوەی دەوڵەتن**

*** باسی جێبەجێکردنی بڕیارەکە و کاری پراکتیکیت کرد بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە**

**نایاساییه؛ پرسیار لێرەدا ئەوەیە بەو پێیەی بەشێکی زۆری جێبەجێکردنی کارەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە لە وەزارەتی ناوخۆ؛ دەکرێت بزانین لە ڕووی پراکتیکییەوە چی کراوە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە؟**

- جێبەجێکردنی هەموو بڕیارێك پاڵپشتی و ئیرادەیەکی بەهێزی دەوێت. ڕێزدار سەرۆك وەزیران و حکومەتەکەی ئیرادە و ویستی سنووردانانیان بۆ دیاردەی چەکی بێمۆڵەت پیشان داوە و هاووڵاتیانیش بۆ سەلامەتیی گشتی پاڵپشتی لەو پرۆسەیە دەکەن. دوای فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت، بەڕێز وەزیری ناوخۆ، پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاسپارد کە بڕیارەکە وەکو خۆی و بەپەلە جێبەجێ بکرێت. ئەوە بوو هێزی هاوبەشی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە لە یەك کاتدا لە کوردستان شوێنەکانی مامەڵەکردنیان بە چەك داخست. هێزەکان لە بازگەکان و بازگە گەڕۆکەکان و شوێنە گشتییەکان دەستیان کردووە بە گەڕان بەدوای چەکی بێ مۆڵەتدا. ڕێنمایی نوێی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە ئامادە کراوە و دوای پشووی جەژن دەچێتە بواری جێبەجێکردن. ئەم ڕێنماییە بە وردی هەموو جۆرەکانی مامەڵەکردن بە چەك و کێ مافی هەڵگرتنی چەکی هەیە و چۆن مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك دەدرێت، ڕێك دەخات.

*** لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژمارەیەکی زۆری حزبی سیاسی و بارەگای حزبی بوونی هەبێت، ئەمە وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەش هەیە کە لە بارەگا و سەربازگەکانیان شوێنی هەڵگرتنی چەکیان نییە کە دەوامیان تەواو دەبێت؛ تا چەند جێبەجێکردنی بڕیارەکە قورس دەبێت؟**

- لە ناو مادده و بڕگەکانی یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان و لە ڕێنماییەکانیشدا کە بەم نزیکانە دەردەچێت، زۆربەی ئەم بابەتانە ڕێك خراوە. بێ گومان ئەگەر پاڵپشتی و هاوکاریی هێزە سیاسییەکان لە کوردستاندا نەبێت، گرفت و کێشە لە بەردەم جێبەجێکردنی یاساکەدا دەبێت، بەڵام ئەم یاسایە بە دەنگی زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پەرلەمان دەرچووە و ئەوانیش پاڵپشت و هاوکارن بۆ بنبڕکردنی چەکی بێ مۆڵەت و کۆتاییهێنان بە دیاردەی چەکهەڵگرتن. هەر سێ هێزی سەرەکیی پێکهێنەری حکومەت (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان) پێگەی گەورەیان لە حکومەت هەیە و زۆرینەی پەرلەمانیش لە دەست ئەوانە. لە پەرلەمان دەنگی پێویستیان داوە بە یاساکە و لە قۆناغی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکە هاوکار دەبن، چونکە وەکو پرەنسیپ پرۆسەی نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەت و داماڵینی کۆمەڵگە لە چەکی بێ مۆڵەت لەلایەن حزبە کوردستانییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت، بەتایبەتی هەر سێ لایەنی سەرەکیی پێکهێنەری حکومەت. دەربارەی پاسەوانی بارەگای حزبەکانیش، هەموویان سەر بە یەکەی پاسەوانی وەزارەتی ناوخۆن و هێزی ڕێکخراون. سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگەش بەڵێ بە هەماهەنگی و پاڵپشتیی نێوان هەر دوو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە یاساکە جێبەجێ دەکرێت. بە گوێرەی خاڵی دووەم لە مادەی هەشت لە یاسای چەك، کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە پێویستە لە دوای دەوام چەکەکانیان لە جبەخانە بەجێ بهێڵن. ڕاستە ئەم پرۆسەیە ئامادەکاری و کاریی جددی دەوێت و بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ تەواو نابێت، بەڵام هەنگاوەکان دەست پێ دەکرێن. لە ئێستاوە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ لەسەر هێڵن بۆ ڕێکخستنەوەی ئەم بابەتانە. لە هەندێك شوێن جبەخانە هەیە و لە هەندێك شوێنی دیکە نییە و پێویستی بە ئامادەکاری هەیە.

*** زۆر جەخت لەسەر چەکی بێ مۆڵەت دەکرێتەوە، ئایا لە ڕێنماییە نوێیەکەدا بۆ مۆڵەتدان بە هەڵگرتنی چەك چۆن ڕێکخراوەتەوە؟**

- دیاردەی چەکهەڵگرتن بۆ خۆشی و بۆ جوانی و بۆ خۆدەرخستن و تەنانەت بۆ پێداویستی و ناچاریش هەیە، لە ماڵەکان و لە ناو ئۆتۆمبێل و بگرە لای سەرنشینی ماتۆڕسکیل و لە کافتریا و شوێنە گشتییەکان ئەم دیاردەیە بەداخەوە لە هەموو عێراق وەکو باسمان کرد بەربڵاو بووە، کە زۆربەی هەرە زۆری چەکی بێ مۆڵەتن. لەمێژە ناوبەناو هەڵمەتی دەستبەسەرداگرتنی ئەو

**دوای کارەساتی شەهیدکردنی دوو مامۆستای زانکۆ، بە فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان، هەڵمەتی فراوانی داخستنی بازاڕ و شوێنەکانی چەکفرۆشتن و مامەڵەکردن بە چەک دەستی پێ کردووە**

**خۆشبەختانە لەلایەن هاووڵاتیان و ڕێکخراو و کۆمەڵگەوە پێشوازییەکی باش لە بڕیارەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەت کراوە**

**ئەگەر پاڵپشتی و هاوکاریی هێزە سیاسییەکان لە کوردستاندا نەبێت، گرفت و کێشە لە بەردەم جێبەجێکردنی یاساکەدا دەبێت، بەڵام ئەم یاسایە بە دەنگی زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە پەرلەمان دەرچووە و ئەوانیش پاڵپشت و هاوکارن بۆ بنبڕکردنی چەکی بێ مۆڵەت**

چەکانە هەبووە، بەڵام دوای فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت، هەڵمەتەکان چڕ کراونەتەوە و چەکی بێ مۆڵەت دەستی بەسەردا دەگیرێت. هەر خۆی لە خۆیدا هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت قەدەغەیە و سزای لەسەرە، بەداخەوە بەهۆی شەڕو تەرکیزکردنی حکومەت لەسەر قەیران و بابەتی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان زۆر جەخت لەسەر نەهێشتن و کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردە نایاساییە نەکراوە. ئێستا کە پرۆسەکە دەستی پێ کردووە، هەنگاوی یەکەم ئەوەیە بیری خەڵك بخرێتەوە کە چەکی بێ مۆڵەت قەدەغەیە و دەستگیر دەکرێت و سزای یاسایی هەیە و دواتر مۆڵەت بە کێ بدرێت، چەك هەڵگرێت، ئەمە بابەتێکی دیکەیە و بە یاسا و ڕێنمایی نوێ و توند ئەو مۆڵەتە دەدرێت. یاسای چەك بە وردی ڕوونی کردووەتەوە کە کێ پێویستی بە مۆڵەتە بۆ چەکهەڵگرتن، ئەوەی کە داوای مۆڵەتی چەك دەکات، کۆمەڵێك ڕێوشوێنی ورد هەیە دەبێ بیگرنە بەر. لە هەموو حاڵەتێکدا داوا لە هاونیشتمانییانی ئازیز دەکەم بۆ سەلامەتیی گشتی و کەمبوونەوەی توندوتیژی و تاوان خۆیان لە دیاردەی هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت بەدوور بگرن و ئەوانەی چەکیان هەیە و پێویستیان نییە با بیدەنەوە پۆلیس و دامەزراوە تایبەتمەندەکان. مەفرەزەکانی پۆلیس و ئاسایش زۆر زیاتر دەکرێت و بە دوای چەکی بێ مۆڵەتدا دەگەڕێن و دەستی بەسەردا دەگرن.

*** شوێنەکانی فرۆشتنی چەك و چاککردنەوەی چەك و کڕین و فرۆشتنی فیشەك چۆن ڕێك دەخرێنەوە؟**

- لە ئێستادا سەرجەم ئەو شوێنانەی فرۆشتنی چەك داخراون. لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە ٢ و بەپێی ڕێنمایی نوێی وەزارەتی ناوخۆ چاوخشاندنەوە بە سەرجەم ئەو شوێنانە و مۆڵەتدانیان دەکرێتەوە، بە شێوەیەك کە چاودێری و بەدواداچوونی توند و ڕێنمایی نوێ بۆ سەرجەم شوێنەکانی فرۆشتنی چەك دەردەچێت. چیتر ڕێگا نادرێت بەو شێوەیەی ئێستا لە هەندێك شار و شارۆچکە و ئیدارە سەربەخۆکان و یەکە ئیدارییەکان شوێنی بێ مۆڵەت بۆ فرۆشتنی چەك هەبێت.

*** زۆربەی ئەوانەی تاوان و توندوتیژی ئەنجام دەدەن، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بووە کە بەداخەوە بە هۆی بوونی چەکی بێ مۆڵەت تاوانەکان کارسات و کوشتنی لێ دەکەوێتەوە، کەمکردنەوەی چەك تاچەند دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تاوانەکان و توندتیژی؟**

- بە لێکدانەوەیەکی سەرەتایی ئەگەر چەك بەردەست نەبوو، لە کێشەی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی، ئاستی زیان و جۆری توندوتیژییەکە جیاوازە. بەکارهێنانی چەك لە گرژی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزبوونی کێشەکان و کەوتنەوەی تاوانی کوشتن و توندوتیژییەکان بووە. لەم تاوان و توندوتیژییانەشدا زۆری و بەربڵاویی چەك لەناو کۆمەڵگەدا تاوانەکانی زیاتر کردووە. لە ئێستادا بە هاوکاریی خەڵك لەگەڵ دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و بوونی کامێراکانی چاودێری و شەونخوونیی پیاوانی پۆلیس و ئاسایش توانراوە کۆنترۆڵی باشی حاڵەتی نەشیاو و یاسا لەدەر و تاوان بە هەموو شێوەکانیەوە بکرێت.نەهێشتنی دیاردەی چەکهەڵگرتن ئەرکی هەموو تاك و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەیە، دواتر ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێری و بەدواداچوون لە دەرکردنی یاسا و ڕێنماییەکان و جێبەجێکردنی بڕیارەکان دێت. من پێم خۆش بوو لە سۆشیال میدیا و لە ناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەڵمەتێکی باشی ناشیرینکردنی ئەم دیاردەیە هەبێت، بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی چەند تاوانێکی قێزەوەن. ئارامی و سەقامگیریی داواکارییەکی ڕەوای خەڵکە و ئەرکی سەرشانی حکومەتە بە پاڵپشتی و هەماهەنگی لەگەڵ ئەواندا ئەم مافەی خەڵك دابین بکات. کاتێك کەمترین چەکی بێ مۆڵەت لەناو خەڵك هەیە، ئاستی هەستکردن بە ئارامی زیاترە. دوای فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت، خەڵکانێکی زۆر خۆبەخشانە هەڵساون بە تەسلیمکردنی چەکەکانیان.

لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی وەزارەتی ناوخۆ لەم بوارەدا، پاڵپشتی و بەدەنگەوەهاتنی هاووڵاتیانی ئازیز زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە دواجار هەموو پرۆسەکە بۆ ئەوەیە کە خەڵك هەست بە ئارامی بکات و چیتر سەلامەتیی گشتی و ژیانی خەڵك نەبێتە قوربانیی چەکی بێ مۆڵەت. بۆیە هەموو کات بەلامانەوە گرنگە داوای هاوکاری لە خەڵکی خۆمان بکەین.

**بە گوێرەی خاڵی دووەم لە مادەی هەشت لە یاسای چەک، کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە پێویستە لە دوای دەوام چەکەکانیان لە جبەخانە بەجێ بهێڵن**

**داوا لە هاونیشتمانییانی ئازیز دەکەم بۆ سەلامەتیی گشتی و کەمبوونەوەی توندوتیژی و تاوان خۆیان لە دیاردەی هەڵگرتنی چەکی بێ مۆڵەت بەدوور بگرن**

**بەکارهێنانی چەک لە گرژی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزبوونی کێشەکان و کەوتنەوەی تاوانی کوشتن و توندوتیژییەکان بووە**

# سایکۆلۆژیای چەک ترسان، هەڕەشە، کوشتن

## هەڵگرتنی چەک ڕەفتارێکی ناشارستانییە و کاریگەریی نەرێنی و مەترسی لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە هەیە



**یوسف عوسمان حەمەد**

شارەزای دەروونزانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

زۆربەی وڵاتانی جیهان هەڵگرتن، یان بەدەستهێنانی دەمانچە بەبێ مۆڵەت قەدەغە دەکەن، هەروەها سنووردارکردنی خاوەن مۆڵەتی دەمانچە ڕەنگە ئاڵۆز و قورس بێت و پێویستی بە چەندین پشکنینی دەروونی هەبێت. بەڵام چەکی بێ مۆڵەت بە ڕێژەیەکی زۆر بڵاودەبێتەوە و لە زۆر شوێن و ئەگەر ئەوەی پێی دەوترێت شەڕ ئاژاوەیەکی گەورەی لە ناوچەکەدا بەرهەمهێناوە، ئەمە هانی زۆرێك لە لایەنەکان و بازرگانانی چەکی داوە بۆ وەبەرهێنان لەم ئاژاوەدا، بۆ هێنانی چەك بە ڕێژەیەکی زۆر بۆ ئەم وڵاتە، زۆرێك لە وڵاتان بەشدارییەکی زۆریان کردووە لە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە و سەبارەت بە دیاردەی هەڵگرتنی چەك، کە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیەی ڕوون کردووەتەوە، سەرەتا لە ڕوانگەی دەروونییەوە، منداڵەکانمان پەروەردە دەکەین بۆ



ئەوەی ئامادەی دیمەنە توندوتیژەكان بن، ئەمەش ئەوەیە كە لە تەلەفزیۆنەكاندا دەبینرێت، جا چ كارتۆن بێت، چ فیلم بێت، یان ئەوانی دی، دیمەنەكان هەمیشە لە توندوتیژی و چەكەوە ڕایاندەكێشن بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە یاری بكەن و ئەم یارییانە بەرجەستە دەكەن و پاشان دەبنە واقیع. هەروەها فاكتەری كۆمەڵایەتییش هەن كە گەنجان تووشی ئەم كارە دەبن، بەتایبەت لە تەمەنی هەرزەكاریدا، چونكە نە ئامانجیان هەیە و نە هیوایان هەیە و ژیانیان بە تەواوی هەڵپەسێردراوە، بۆیە ئەوانن كە بەم ئاراستەیە دەڕۆن.

هەروەها دابونەریتەكان ڕۆڵیان هەیە، بەڵام گشتگیر نین، لەم بوارەدا بە كاریگەرییەكی لاوەكی دادەنرێت و زیاتر لە لادێكان و لە گرووپەكاندا چڕ دەبنەوە كە بە دوای دابونەریتی كۆندا دەگەڕێن، وەك تۆڵەسەندنەوە و ئەوانی دی.
ئەم دیاردەیە بە ڕێگەی هۆشیاریی خێزان و میتۆدی پەروەردەی مۆدێرن و بنیاتنانی كارەكتەر بەرەنگاری دەكرێتەوە، هەر تاكێك بوونەوەرێكی تایبەتە، دەبێت لێكۆڵینەوە لە دۆخی كەسیی هەر منداڵێك بكرێت و لایەنە خێزانییەكان كاری لەسەر بكرێت، هەروەك چۆن دەبێت كار لەسەر خودی خێزانەكە بكرێت، كە خێزانێكی ئاسایی و مرۆڤێكی پێگەیشتوو بەرهەم دەهێنێت، بە پێچەوانەشەوە.

دەبێ دەوڵەت بەرەنگاریی ئەم دیاردەیە ببێتەوە لە ڕێگەی چالاكیی هۆشیاركردنەوە بۆ گەنجان بەتایبەتی و هەلی كاریان بۆ بڕەخسێنێت، چونكە بێكاری و ئەو بۆشاییەی كە گەنجان ئەزموونی دەكەن، ئەوەیە كە وایان لێ دەكات چەك و شتی دیكە هەڵبگرن. ئەو گەنجە لادەدات بەرەو

**جا چ کارتۆن بێت، یان فیلم دیمەنەکان هەمیشە لە توندوتیژی و چەکەوە ڕایاندەکێشن بۆ ئەوەی بە هەمان شێوە یاری بکەن و پاشان بەداخەوە دەبنە واقیع**

چەك. لەنێو ئەو دیاردە نەرێنییە ناشیرینانەی کە گۆڕاوە بۆ خوویێکی مەترسیدار، چەك و تەقەمەنی لەلای زۆر کەسدا هەیە و ئەمەش فەراغێکی گەورەیە، چونکە پێشێلکردنی سەروەریی یاسایە. جێگەی سەرنجە کە خووی هەڵگرتنی چەك لە نێوان ئەو کەسانەدا بڵاو بووەتەوە کە نە مافیان هەیە و نە دەبێت ئەم چەکانە لە دەستیاندا بێت، ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی دەقی یاسادانان هەیە کە ڕێگری لەم دیاردەیە بکەن و نەیهێڵن.

شاراوە نییە بۆ کەس کە ئەم دیاردەیە و ئەو کارەساتانەی کە دەیکاتە سەر ئاسایش و سەقامگیریی کۆمەڵگە و هاووڵاتی. هەروەها شاراوە نییە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا تووشی بەڵای هەڵگرتنی نارەوای چەك لەلایەن زۆر کەسەوە بووین، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە دەسەڵاتی یاسادانان دەستوەردان بکات لە پەرەپێدانی دەقە یاساییەکان بۆ پاراستنی ئاسایش و سەلامەتیی هاووڵاتیان. لە سەردەمی مۆدێرنەی ئێمەدا دەرکەوتنەکانی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی سووك و تەقاندنی لە بۆنەکان و بەکارهێنانی بێ جیاوازی بووەتە بابەتێکی مەترسیدار کە نەك هەموو لایەك نیگەران دەکات، بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزە بە هۆی مەترسیی هەڵگرتنی چەك و تەقەکردن بووەتە هۆی ڕوودانی چەندین هەڵە و بریندابوونی جەستەیی کە بەئەنقەست لەلایەن ئەوانەوە ئەنجام دراون، هەروەها تاوانی کوشتنی بەئەنقەست و بریندابوونی و تاوانی قێزەونی خوێنرشتن و لەدەستدانی ژیانی بێتاوانی لێ کەوتووەتەوە.

**جێگەی سەرنجە کە خووی هەڵگرتنی چەک لە نێوان ئەو کەسانەدا بڵاو بووەتەوە کە نە مافیان هەیە و نە دەبێت ئەم چەکانە لە دەستیاندا بێت**

کاریگەریی بەکارهێنانی ئەو چەکە ئاگرینە و هەڵەکانی لە دەوروبەری ئاستەکانی هەمان خێزان ڕوو دەدەن، بە پەشیمانییەکی زۆرەوە، گرنگترینیان سەرهەڵدانی دیاردەیەکی مەزاجدار و ئاژاوەگێڕانە هەڵگرتنی چەکێك و نمایشکردنی لەگەڵ زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە ناوخۆییەکانمان و شانازیکردن بە خاوەندارێتی لەلایەن زۆرێك لە منداڵان و گەنجان و بەساڵاچووان بە هەمان شێوە لە بەردەم ئەوی دیکەدا، کە ئاسانکاری بۆ پرۆسەی ڕوودانی هەموو ئەو ڕووداو و بریندارکردن و کوشتنانە دەکات. هەندێك کەس بەردەوامن لە ئەنجامدان و پراکتیزەکردنی تاوانەکانی دەستدرێژی، وەرگرتنی ماف بە بێ یاسا، و دەستدرێژیکردنە سەر خەڵك و دزی و تاڵان و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی، کەسی پەیوەست بە هێزی بەکارهێنانی ئامرازەکانی چەکی سووکی تاکەکەسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و تەماحی دوژمنکارانە بەرامبەر بە مافی هاووڵاتیان.

زۆرێك لە توێژەران پێیان وایە، نەبوونی ئاسایش و هەستی ترسی هاووڵاتی لە دەستەبەرکردنی ژیان و ماڵ و سامانی خۆیدا وا دەکات زۆرێك لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پەنا ببەنە بەر خاوەندارێتی چەکی سووك وەك ئامرازێك بۆ بەرگریکردن لە خۆ. دیاردەکانی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەك و بە لێدانی فیشەکی نارەوا و ئیستغلالکردنی ئەمە نەك تەنیا لەلایەن تاکێك، گرووپێك، یان بەشێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەم دەرکەوتنە چەکدارانە لە چالاکییەکانی پێکهێنانی گرووپ و باندە ئاژاوەگێڕەکاندا کە لە هەموو لایەك، بە سوودوەرگرتن لە واقیعی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی. لە ئەنجامدا سەبارەت بە دۆخی ئێستای دامەزراندنی بێباکانە و بێ دیسپلینی گەنجان و دەستراگەیشتنیان بەو چەك و تەقەمەنییانەی کە زۆرێك لەم گرووپانە و کەسانی دیکە بەکاردەهێندرێن بەبێ ئەوەی ئاگاداریی تەواویان هەبێ لە مەترسییەکان و کاردانەوەی زیانەکانی هەڵگرتن و بەکارهێنانی ئەم چەك و تەقەمەنییانە و بەفیڕۆدانی ئابووریی بە کڕینیان و کوشتنی مرۆڤ لە ئەنجامدا، بە بەکارهێنانیان بۆ بوختان و تێکدانی ئارامیی ژیانی خەڵك. دیارترین مەترسییە نەرێنی و قێزەونەکان کە لە ئەنجامی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی سووك وەك دەمانچە و چەکی ئۆتۆماتیکی و تەنانەت بەکارهێنانی نارنجۆکی دەستی و تەقاندنیان، ئامانجی هەندێ کەسە لەگەڵ زیادبوونی دەستدرێژیکردنە سەر ماف و ژیانی ئەوانی دی و زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی یەکتر و لەوەش خراپتر، لە ئەگەری ئەوەی کە ئەمڕۆ گەیشتینە مەترسییەکانی ئەم چەکی ئاگرین و سووکانە و بەکارهێنانیان وەك ئامرازێکی

لووتبەرزی و ئاژاوەگێڕانە بۆ چارەسەرکردنی نارەزایی و ناکۆکییەکانی نێوان گرووپەکانی کۆمەڵگەکە و خێزان و تاکەکان و زۆرێك لە کارەکانی یەکلاییکردنەوە بوونەتە کێشە و ناکۆکی و ناکۆکیی هەڵپەسێردراوی نێوان مرۆڤەکان و هەڵگرتنی چەکێك و هەڕەشەی بەکارهێنانی لە نێوان نەیارەکاندا بۆ ئەوەیە یەکتر ناچار بکەن ملکەچی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە لە نێوانیاندا بن، چونکە ئەوە کێشە مشتومڕاوییە سەرهەڵداوەکانیەتی بە بێ گەڕانەوە بۆ یاسا.

دیاردەی بازرگانیی ڕەوا و نایاسایی لە پیشەسازییەکاندا، فرۆشتنی چەکی سووکی تاکەکەسی و تەقەمەنییە جۆراوجۆرەکانیان، هاوردەکردن و گەیاندنیان بە ئاسانی بە دەستی بەکارهێنەرانی یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە بووە هۆی ئەوەی زۆرینەی ئەندامانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە بەدەستی دەهێنێت و خاوەنداریەتیی ژمارەیەکی زۆر لە جۆر و فۆرمەکانی ئەم چەکە سووکانە و تەقەمەنیی کوشندە دەکات، کە دەبێتە هۆی دیاردەی هۆکارە ڕاستەقینەکانیان لە ئامادەبوونی پاڵنەر بۆ بەکارهێنانی هەڕەمەکیی و ئاژاوەی شەڕ و ناکۆکیی ناوخۆیی و هەوڵدان بۆ سەپاندنی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئیرادەی مرۆڤە ئاشتیخوازەکان و هێرشکردنە سەر مافە مەدەنییەکانیان و کارکردن بۆ تێکدانی ئارامیی گشتی لە کۆمەڵگەدا بە بێباکی. چەند ئەنارشیست زیانیان بە ئاشتیی خەڵك گەیاندووە و کردەوەی ناڕەوایان لە ژێر هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکدا کردووە، تەنانەت بەردەوام بوون لە کوشتنی زۆر کەسی بێتاوان بۆ ئەوەی ئەوانە توخمەکان و گرووپە چەکدارەکان لە دەرەوەی ڕێکوپێکی و یاسا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و سوودە ماددییەکانیان بوونەتە مەترسی.

پرسی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەك لەلایەن هەندێك لە هەرزەکارانی بێباکەوە پرسێکی نیگەران و نائارامکەرە بۆ هاووڵاتیان کە دەبینن لە پشت هەموو بەڵا و تاوانێکەوە چەکێك هەیە، ئەو ئامێرە کوشندەیە کە ڕەحم بە هیچ کەسێك ناکات، ئاسانکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی تاوان و یارمەتیی بڵاوبوونەوی دەدات.

هەڵگرتنی چەك ڕەفتارێکی ناشارستانییە کە کاریگەریی نەرێنی و مەترسی لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە، هەروەها کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەپێدان و ئابووری هەیە و ناسەقامگیرکردنی ئارامیی گشتی و پێشێلکردنی ئاسایش و ئازادییەکانی هاووڵاتی لێ دەکەێتەوە. گومانی تێدا نییە کە هەڵگرتنی چەك ئاسانکاری دەکات بۆ پرۆسەی بەکارهێنانی لە شەڕ و ناکۆکیدا، کە ڕەنگە بە کوشتنی یەکێك لە لایەنە ناکۆکەکان کۆتایی پێ بێت، یان کەمئەندامیی هەمیشەیی، ئەوانەی خاوەنی چەکن، لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازن، ئەو چەکە وەك دەربڕینی خۆشی لە هەوادا تەقەی پێ دەکرێت، وەك چۆن لە ئاهەنگی هاوسەرگیری و جەژنەکاندا ڕوودەدات. چەك لەوانەیە بۆ ڕاوکردن بەکاربهێندرێت، هەندێك جار لەوانەیە لە تاواندا بەکاربهێنرێت، و زۆرێك لە تاکەکان بە تایبەت لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا پێیان وایە هەڵگرتنی چەك پێویستییەکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بۆماوەییە، هەندێکیش بە دەرکەوتنی پیاوەتی دەزانن، هەر بۆیە ئەم تاکانە پێیان وایە هەڵگرتنی چەك مافێکی ڕەوایە، تەنانەت ئەگەر ئەمە دژایەتیی ڕێکخراوە هاوچەرخەکانیش بکات، هەموو ئەم ڕەفتارە ئاژاوەگێڕانە ڕەفتار و بنەما و بەهاکانمان تووڕە دەکەن و کاریگەرییەکی نالەبار دەدەنە ئەوانی دیکە لە کۆمەڵگە، وەك چۆن وێنەی شارستانیەتی ئێمە و چەمکەکانمان دەشێوێنن و ئاسایش و سەقامگیری و ئارامیی ڕۆحەکان لە وڵاتێکدا ناجێگیر دەکەن.

مەرجەکانی هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی هەڵگرتنی چەکی سووك لە دەستی زۆرێك لە گرووپەکانی کۆمەڵگەدا، چ منداڵ بێت، چ گەنج بێت، یان بەساڵاچوو، ئەمڕۆ بووەتە مەرجێکی پێویست و بەپەلە لە واقیعی کۆمەڵگەکەماندا. زۆربەی چەك و تەقەمەنییەکانیان لە دەستی زۆرێك لە گرووپە تەمەنییەکان چیتر لە کاتی پێویستدا بەکارناهێندرێن بۆ بەرگریکردن لە خۆ. تەقەکردنی بێ جیاوازی، کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی هاووڵاتیان، و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی نەخوازراو و

**چەند ئەنارشیست زیانیان به ئاشتیی خەڵک گەیاندووه و کردەوەی ناڕەوایان له ژێر هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکدا کردووه**

**پرسی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەک لەلایەن هەندێک له هەرزەکارانی بێباکەوه پرسێکی نیگەران و نائارامکەره بۆ هاووڵاتیان بەتایبەتی که دەبینن له پشت هەموو بەڵا و تاوانێکەوه چەکێک هەیه**

مەترسیدار کە دەبێتە هۆی تیرۆرکردنی ژنان و منداڵان و بەساڵاچووان و بردنی گیانیان و هەموو ئەم کردارە ناتەندروستانە بە تەقاندنی فیشەکی ئاژاوەگێڕ لە بنەڕەتدا شتێکن کە پێچەوانەی ئەو نۆرم و سیستەم و یاسایانەیە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کاریان پێ دەکرێت و وەك کردەوەیەك دژی مرۆڤایەتی بە گشتی سەیر دەکرێت، ئەمەش پێویستی بە کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستن هەیە تا ئەو کاتەی لە واقیعی کۆمەڵایەتیی ئێستاماندا بە دوای ئاشتی و هاوسەنگیدا دەگەڕێین.

ئەوەی ئەمڕۆ شاهیدی دەبین لە بڵاوبوونەوەی ترسناکانەی دەرکەوتەکانی بوون و بەکارهێنانی چەکی سووك لە دەستی هەمووانداا، هۆکارێکی سەرەکییە کە پاڵ بە زۆرێك لە هەڵگرەکانیەوە دەنێت بۆ خراپ بەکارهێنانی، جا چ بە تەقاندنی فیشەك لە هەوادا بێت، یان گرتنەبەری کردەوەی بێباکانە کە دەبێتە هۆی ڕووداوەکانی شەڕی نێوان کەسەکان. مەترسیی زۆر هەیە کە سەرهەڵدەدات و ئێمە ڕووبەڕووی دیاردە هەڕەمەکییەکانی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی سووك دەبینەوە لە کۆمەڵگەی مەدەنیماندا کە گرنگترینیان بریتین لە:

١- مەترسییەکانی چەك لەسەر منداڵەکانمان و لە ئەنجامدا دژایەتیی ئەو مافانەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی دەستەبەر دەکات سەبارەت بە پاراستنی منداڵان لە هەموو دەرکەوتنەکانی توندوتیژی و دوورخستنەوەی لە هەڵگرتنی چەك، یان کردنیان بە قوربانی.

٢- مەترسییەکانی بوونی ئارەزووی خاوەندارێتی و بەکارهێنانی چەك لەلایەن گەنجانەوە لەنێو منداڵەکانمان و قوتابیانی قوتابخانە و زانکۆکان و دوورکەوتنەوەیان لە چەمکەکانی گرنگی پەروەردە و دەرەنجامەکانی ئاراستەی خزمەتکردنی بنیاتنان و گەشەپێدانی کۆمەڵگە و وڵاتی خۆیان.

٣- مەترسییەکانی گۆڕینی زۆرێك لە منداڵ و گەنجە لاوەکانمان کە خاوەنی چەکی سووکن بۆ باندی چەکدار و تیرۆریستی و گرووپی ئانارشی، کە ئەمەش هۆکار بووە بۆ توندتر بوونی دیاردەی ئاژاوە و توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی.

بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دیاردە خراپ و کاریگەرانە لە واقیعی کۆمەڵگەکەماندا بهێندرێت، پێویستە ئەم خاڵانە بەدی بهێنرێت:

١- چالاککردنی ڕۆڵ و پێگەی چاودێریی کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی هەڵگرتنی چەك و بەکارهێنانی لە گەڕەك و ناوچە نیشتەجێیەکانی هاووڵاتیان و کارکردن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام و ئارامیی کۆمەڵگە.

٢- ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەك لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، هەرچییەك بێت، جگە لە ئەندامانی دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان کە ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە نیشتمانییانەیان پێ سپێردراوە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا.

٣- چالاککردنی ڕۆڵی کارکردن بە سیستەم و یاساکانی ڕێکخستنی هەڵگرتنی چەکی کەسی و پەیڕەوکردنی سزای دادوەری و تاوانکاری بە لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی سەرپێچیکاران و سزادانی قورسی ئەنجامدەرانی تاوانی کوشتن.

٤- بەهێزکردنی ڕۆڵی کاری هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردنی گرووپەکانی کۆمەڵگە، لە پێش هەموویان پەروەردەکردنی منداڵان و لاوان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە مەترسییەکانی هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەکی سووك، و ئاراستەکردنیان بە ئاراستەیەکی دروست بە گرتنەبەری سەلامەتیی ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە پرۆسەی بەکارهێنانیان لە بارودۆخی نائاسایی پێویستدا. بۆ گەیشتن بە هەموو ئەم دیاریکەرانە، دەبێت ڕۆڵ و پێگەی دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان و دامەزراوەکانی پۆلیسی دەوڵەت وەك دەسەڵاتی دادوەری، داواکاری گشتی، دەزگاکانی گەڕان و لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس چالاك بکرێن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا و پاراستنیدا ئاسایش و سەقامگیری و ئارامیی گشتی لە کۆمەڵگەدا.

٥- دروستکردنی بەرنامە و چالاکیی هۆشیاری لە ڕێگەی بەڕێوەچوونی خولەکان بۆ چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخستنی خولی ڕاوێژکاری لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، دامەزراوە

**هەڵگرتنی چەک ڕەفتارێکی ناشارستانییە کە کاریگەریی نەرێنی و مەترسی لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە**

**زۆرێک لە تاکەکان بە تایبەت لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا پێیان وایە هەڵگرتنی چەک پێویستییەکە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بۆماوەییە، هەندێکیش بە دەرکەوتنی پیاوەتی دەزانن**

**میدیاکان پێویستە بەشداریی بەردەوامیان لە هۆشیاریی تاک و ئاکامەکانی بەکارهێنانی چەک لە شوێنە گشتییەکان و ڕووداوەکان هەبێت، هەروەها لە ڕوونکردنەوەی سزاکان بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن**

پەروەردەییەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت، و بەرنامە بۆ هۆشیاری و ڕێنمایی سەردانی مەیدانی بۆ هاووڵاتیان لە گەڕەکی شارەکان و گوندەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو کارانەی کە پێشێلی ئاسایش و سەلامەتیی ناوخۆییمان دەکەن.

٦-پەروەردەکردنی خێزان لە شێوازەکانی کۆمەڵایەتیی دروست و هۆشداریدان لە هەڵسوکەوتی لادان و هەڵگرتنی چەک و بەکارهێنانی بێباکانە و بە بێ مۆڵەت.

٧-دانانی یاسای جددی قەدەغەکردنی فیلم و بابەتی چاپکراو و هەڵمەتی پۆستەر، کە دەتوانن پەیامی زانیاریی سادە و کورت و ئامانجدار پەخش بکەن.

١٠- دەتوانرێت پانێڵی ئەلیکترۆنی لە گۆڕەپانە گشتییەکان بەکاربهێنرێت بۆ ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکانی چەك.

لە کۆتاییدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە هەندێك گەنج چەك هەڵدەگرن بۆ ئەوەی لە لای هاوتەمەنەکانیان شانازی بە کوالێتی ئەو چەکانە بکەن کە خاوەنیانن. هەروەها بۆمان دەردەکەوێت کە چەك یەکێکە لە هۆکارەکانی توندوتیژی و



هەڵگرتنی چەك بە هەر جۆرێك لە شوێنە گشتییەکان و قوتابخانەکان و سزادانی توندی ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن.

٨- میدیای بینراو و بیستراو و نووسراو پێویستە بەشداریی بەردەوامیان لە هۆشیاریی تاك و ئاکامەکانی بەکارهێنانی چەك لە شوێنە گشتییەکان و ڕووداوەکان هەبێت، هەروەها لە ڕوونکردنەوەی سزاکان بۆ ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن.

٩- ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان کە ڕۆڵی واقیعی و بەرپرسیارانە دەگێڕن، یان لە ڕەواندنەوەی ترسە بێ بنەماکان، یان ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگە لە کێشە ڕاستەقینەکە و جددییەتییەکەی لە ڕێگەی هەماهەنگیی ئەرێنیی نێوان هەموو میدیاکانەوە، ئامرازێکە لە ناکۆکییەکانی نێوان گەنجان بە خراپی بەکاری دەهێنن و تەنانەت تەقلیدکردنی گەورەکان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا. مۆدێلی خراپ و بەرهەمی پێچەوانەی تاك، هەروەها نەبوونی بەدواداچوونی ماڵەوە لەلایەن دایك و باوکەوە ڕۆڵی هەیە، گەنجان مەیلیان هەیە لە ساتێکی خۆشی، یان سەرسەختدا ڕەفتاری هەڵە ئەنجام بدەن، لە کاتێکدا بێ ئاگان لەوەی ئەوەی کردوویانە لادان لە ڕەفتار و پێشێلکردنی یاسا و دابونەریتی کۆمەڵایەتی بووە. پێویستە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کێشە و پێداویستییەکانی گەنجان و ئەو هۆکارانە بن کە دەبنە هۆی ناکۆکیی نێوان گەنجان و هۆکاری هەڵگرتنی چەك...



# لە عێراقدا قەیرانی مێژوویی دەوڵەت بەردەوامە



**د. کاوە مەحموود**
سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

کاتێك ڕژێمی دیکتاتۆری لە ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆکاری دەرەکی ڕووخێندرا، گەلی کوردستان چاوەڕوانی دەستپێکی لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندیی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە بوو، هاوسەنگیی هێزە سیاسییەکان بەگشتی لە عێراقدا خەونی گەڵاڵەبوونی پەیوەندییەکی نوێی لە خەیاڵی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا دروست کردبوو، لەو کاتەدا باس لە پرۆسەیەکی سیاسی بۆ دەوڵەتی عێراقی نوێ کرا، کە لەسەر بنەمای تەوافق و هاوسەنگی و شەراکەت بێت، بەڵام ئەم بنەمایە بۆ عێراقی نوێ، بە تەواوی لە نێو دەستووری ساڵی ٢٠٠٥دا بەرجەستە نەبوون و، لەوەش زیاتر، کاتێك تەرازووی هێزەکان بەرەو بەجەمسەربوون و بەهێزبوونی پێکهاتەی زۆربە، وەك ئەوەی لە ئێستادا هەیە ئاراستە بوو، ئەو ماددانەی لە دەستووریشدایە جێبەجێ نەکران و، ئەو دادگا ئیتحادییەی کە پێویست بوو دەستوور بپارێزێت، بوو بە بەشێك لە ململانێی سیاسی و دەربڕی بۆچوونی لایەنی زۆربە و، هەموو ڕێککەوتننامە سیاسییەکانیش بۆ دیموکراسیی تەوافقی گۆڕدران، لە کۆتاییدا خۆی لە نێو دووفاقیی حکومەتی زۆربە و حکومەتی تەوافقیدا بینییەوە، کە هەردوو شێواز پەیوەندییان بە چەمکی دیموکراسیی تەوافقییەوە نییە، کە دەبێ لە بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ڕەنگ بداتەوە، نەك چۆنێتی پێکهێنانی حکومەت. ڕەوشی سیاسیی نوێی عێراق، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێك بابەتی زەقی خستووەتە ڕوو، بۆ نموونە جگە لە بەردەوامبوونی سیاسەتی

**ئەو دادگا ئیتحادییەی کە پێویست بوو دەستوور بپارێزێت، بوو بە بەشێك لە ململانێی سیاسی و دەربڕی بۆچوونی لایەنی زۆربە و، هەموو ڕێککەوتننامە سیاسییەکانیش بۆ دیموکراسیی تەوافقی گۆڕدران**



تایفەگەری و بەشبەشێنە، دەوڵەتی پەرەڵێل (الدولة العميقة) کە بریتییە لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، کە بە شێوەیەکی پراکتیکی حوکم دەکات و توانای فەرزکردنی بڕیاری لەسەر پەرلەمان و حکومەتی عێراق هەیە و، بەردەوام مووشەك دەگرێتە باڵوێزخانەی ئەمریکا و، هێرش دەکاتە سەر ڕەتڵە سەربازییەکانی، ئەمە جگە لە هێرشکردنە سەر هەولێر و کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بە مووشەك و درۆن. ئەم ڕەوشە ڕۆڵێکی سنووردار و شکڵیی بۆ هەر سێ دەسەڵاتە فەرمییەکەی عێراق هێشتووەتەوە، بەم جۆرەش حکومەتی فیدراڵ نە دەتوانێت بنەمای حوکمڕانیی دیموکراسی پەیڕەو بکات و هەلومەرجی ژیانی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق چاك بکات، نە دەتوانێت لە بازنەی عەقڵییەتی نەتەوەی سەردەست و بەدەر لە هەژموونی ئەو عەقڵییەتە مامەڵە لەگەڵ داواکاری و مافی کوردستانی باشوور بکات. بە هەمان شێوە دادگای ئیتحادی لە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی حکومەتی پەرەڵێل و ئاراستەکردنی بڕیارەکانی بە بەرژەوەندیی نەتەوەی سەردەست و، ئاراستەی دەرەکی دەرنەچووە. ئەم ڕەوشە هاوکاتە لەگەڵ بوونی قەیرانی ئابووری لە عێراقدا. هەرچەندە نرخی نەوت زیادی کردووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی سیاسەتێکی ئابووریی عەقڵانی کە گەشەپێدان زامن بکات و گەندەڵی بنبڕ بکات، ڕەوشی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق لەو پەڕی خراپیدایە و، پرۆسەی بنیاتنان و گەشەپێدان بەدی ناکرێت.

ئەوەی کە بووەتە هۆکارێکی سەرەکیی قەیرانی ئابووری، بەردەوامبوونی دیاردەی گەندەڵییە کە بە پێی لێدوانی لێژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گەیشتووەتە ٣٥٠ ملیار دۆلار لە ماوەی ١٧ ساڵدا، واتە لەو ماوەیەدا ٣٢٪ داهاتی عێراق بە گەندەڵی ڕۆیشتووە. لە لایەکی دیکەوە مەترسییەکانی داعش و زیادبوونی کارە تیرۆریستییەکان بەردەوامە و، حکومەتی عێراق پەنای بردووەتە بەر پڕچەککردنی عەشیرەتی عەرەب لە ناوچە دابڕێندراوکان، کە ئەمەش دیسانەوە جێگیرکردنی تەعریب و دەستبەسەرداگرتنی موڵکی جووتیارانی کوردە، ئەم هەنگاوانەش هاوکاتە لەگەڵ دیاردەی زیادبوونی گوتاری ڕق و بوغز و کینە، کە ناوەندەکانی دەسەڵات بۆ فریودانی خەڵکی دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامی دەدەن و، بەم جۆرە دەسەڵاتدارانی عێراق هۆشمەندییەکی چەواشەی کۆمەڵایەتییان دروست کردووە، ئەم تابلۆیە لە ڕەوشی سیاسیی عێراقدا ئاماژە بۆ بەردەوامبوونی قەیرانی مێژوویی دەوڵەتی عێراق دەکاتەوە. بەشێکی بەرچاو و زەقی ململانێکانی نێو عێراق کە ئەمڕۆ لە دامەزراندنی حکومەتی ئیتحادیدا ڕەنگ دەداتەوە، پەیوەندییان بە ناکۆکییەکانی دووجەمسەریی نێو ڕەوتی ئیسلامی سیاسی شیعەوە هەیە و، حوکمڕانانی هەرێمی کوردستانیش لە ڕووانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە بە سەر ئەم دوو جەمسەرەدا دابەش بوون، کە هیچ یەك لەوانە لە هەگبەکەیاندا شتێك نابینێتەوە پەیوەندیی بە مافی گەلی کوردستانەوە هەبێت، و بە بەرچاوی حکومەتی فیدراڵەوە پایتەختی هەرێم لە لایەن ئێران و هەندێ گرووپی میلشیای حەشدەوە مووشەکباران دەکرێت، بەم جۆرە ئەگەر سەرنج بدەین و هەڵسەنگاندنی سەرجەم ڕەوشی سیاسیی گشتی لە عێراقدا بکەین، ئەوا دوو تابلۆی جیاوازمان بۆ دەخاتە ڕوو، تابلۆی یەکەم پشت بە میتۆدی لۆژیکێکی شکڵی دەبەستێت، کە پێکهاتووە لەوەی هەڵبژاردنێکی دیموکراسی کراوە و هەنگاوەکان بەپێی دەستوور و چاودێریی دادگای ئیتحادی بەڕێوە دەچێت، هەندێك لایەنیش کار بۆ حکومەتی زۆربە دەکات و، هەندێکی دیکەش داوای حکومەتی سازان دەکات، لە کۆتاییشدا پلە و پۆستەکان هێندە زۆرن کە بەشی هەموو پێکهاتەکان دەکات، سێ سەرۆکایەتییەکەش لە نێوان شیعە و سوننە و کورد دابەش دەکرێت، ئەوەی کە ڕووش دەدات پێشبڕکێیەکی دیموکراسیی مەدەنییانەیە، لە سایەی عێراقی نوێدا. تابلۆی دووەم کە پشت بە لۆژیکی دیالیکتیکییانە دەبەستێت، ئەوەیە کە واقیعی بەرجەستەکراو پێمان دەڵێت دەوڵەتانی زلهێز و هەرچی وڵاتی هەرێمایەتی و دراوسێی دەوڵەتی عێراق هەیە، دەستێوەردان لە بابەتی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی و دابەشکردنی پشك و پۆست و دانانی سەرۆك کۆمار و سەرۆك پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و دابەشکردنی وەزارەتەکاندا

**هەرچەندە نرخی نەوت زیادی کردووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی سیاسەتێکی ئابووریی عەقڵانی کە گەشەپێدان زامن بکات و گەندەڵی بنبڕ بکات، ڕەوشی خەڵکی زەحمەتکێشی عێراق لەو پەڕی خراپیدایە و، پرۆسەی بنیاتنان و گەشەپێدان بەدی ناکرێت**

**بە پێی لێدوانی لێژنەی نەزاهە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گەندەڵی گەیشتووەتە ٣٥٠ ملیار دۆلار لە ماوەی ١٧ ساڵدا، واتە لەو ماوەیەدا ٣٢٪ داهاتی عێراق بە گەندەڵی ڕۆیشتووە**

**مەترسییەکانی داعش و زیادبوونی کارە تیرۆریستییەکان بەردەوامە و، حکومەتی عێراق پەنای بردووەتە بەر پڕچەککردنی عەشیرەتی عەرەب لە ناوچە دابڕێندراوکان، کە ئەمەش دیسانەوە جێگیرکردنی تەعریب و دەستبەسەرداگرتنی موڵکی جووتیارانی کوردە**

دەکەن، هاوکات سیاسەتی حوکمڕانانی ناوخۆی عێراقیش بووەتە هۆی فراوانبوونی گەندەڵی و پەیڕوکردنی سیاسەتی بەتایبەتکردن و، نەبوونی خزمەتگوزاری و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و بەفیڕۆدانی سامانی مرۆیی و سرووشتی و، نەبوونی دەسەڵاتی یاسا و دامەزراوەکان لەگەڵ بەردەوامبوونی جموجووڵ و مانۆڕی سیاسی کە پێویستن بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکەکانی دەسەڵاتەکان لە عێراقدا، کە گوایە دەربڕی ڕواڵەتەکانی ئەوپەڕی دیموکراسیی لیبراڵییە لە عێراقدا و، جیهان دڵی پێی خۆشە و تابلۆی یەکەم گوزارشتی لێ دەکات، لە تابلۆی دووەمدا ڕەوشێکی دیکە دەبینرێت، کە بریتییە لە بنبەستی سیاسی، کە هاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵێك ڕووداو و دیاردەدا، لەوانە دادوەرێك کە دادگایی کەیسەکانی مادده هۆشبەرەکان دەکات، لەبەر دەرگای دادگای پارێزگایەکی باشووری عێراق تیرۆر دەکرێت، تا ئێستا لە یەکێك لە پارێزگاکانی باشووری عێراق ٤٠ قوتابخانە هەیە کە لە قوڕ دروست کراون، لە گوندەکانی کەرکووك سیاسەتی تەعریب پەیڕەو دەکرێت، کاری تیرۆریستیی هەمەجۆر و کوشتنی نەیاران لە پایتەختی دەوڵەتی عێراق بەردەوامە و بە مووشەك فرۆکەخانەکەی بۆردومان دەکرێت و، دەوڵەتی قووڵ جومگەکانی حوکمڕانی لە دەوڵەتی عێراق بەڕێوە دەبات، بە جۆرێك سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی گشتی لە دەوڵەتدا نییە .

تابلۆی یەکەم تابلۆیەکی ساختەکارانەیە و گەمەکردنە بە چارەنووسی خەڵکی زەحمەتکێش و، هۆشمەندییەکی چەواشە دروست دەکات، کارەکان ئەگەر بە حکومەتی زۆربە، یان بە حکومەتی سازان بڕوات، لە ناوەڕۆکی بابەتەکە ناگۆڕێت کە بەشێکە لە بەرهەمهێنانەوەی هەمان عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، لە کۆتاییشدا مانای بەردەوامبوونی قەیرانە کوشندەکانە کە لە ڕاستیدا قەیرانی دەوڵەتی عێراقە، قەیرانێك کە هێندە قووڵ و ئاڵۆز و تێهەڵکێشە و زەمانە لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە وا تێکی داوە، کە دەرمانی چارەسەرکردنی لە قتووی هیچ عەتارێکدا دەست ناکەوێت، مەگەر بیرکردنەوەی دیکە لەسەر بنەمای لۆژیکێکی واقیعیی دیکە گەڵاڵە بکرێت، کە هێزی کۆمەڵایەتیی نوێ پشتگیری لێ بکات و هێزی چەپ و مەدەنی و پێشکەوتنخواز لە سەرانسەری عێراقدا تێکۆشانی بۆ بکات و، گوڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بنیاتی دەوڵەت ئەنجام بدرێت، کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی ئازادانەی سەرجەم گەلانی عێراق لە ئازادی و دیموکراسی و بڕیاردانی مافی چارەنووس بێت .

لە ڕوانگەی پشتبەستن بە تابلۆی ڕاستەقینەی واقیع دوور لە لۆژیکی شکڵی، بەکارهێنانی چەمکی حکومەتی زۆربە و چەمکی حکومەتی سازان دوور لە ناوەڕۆکی بەرنامەی حکومەت و ئەگەرەکانی و، جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە بەشێکە لە گەمەی دەسەڵاتدارن و سیاسەتی پۆپۆلیستی و چەواشەکردنی خەڵك و پشك دابەشکردنە، کاتێك تەماشای ڕەوشی هەرێمی کوردستانیش دەکەین تابلۆیەکی لاوازی ئەدای سیاسی دەردەکەوێت، کە هۆکارەکانی بۆ ڕەوشی ناوخۆیی کوردستان دەگەڕێتەوە.

بەرامبەر ئەم دۆخە ناهەموار و ناجۆرەی ژیان و گوزەرانی خەڵك، گەلی کوردستان بۆ ڕەوینەوەی مەترسییەکان لەسەر نیشتمانەکەی و، بۆ چاکسازیکردن لە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی و بۆ پاراستنی ئازادی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، جگە لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی نەیاران و سەربەخۆیی بڕیار و فشارخستنەسەر دەسەڵاتداران، ڕێگای دیکەی لە بەردەمدا نییە، ئەمەش پێویستی بە بزاڤی جەماوەریی هۆشمەند هەیە، کە ئەڵتەرناتیڤێك و بەرنامەیەکی نوێی حوکمڕانی بخاتە ڕوو، کە لە بواری ئابووریدا ڕێگە لە میکانیزمەکانی بازاڕی بەربەرەڵا و ئاراستەی ڕاگرتنی بەتایبەتکردنی ڕەها بگرێت. ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەی نەیاران لە بەغدا و تاران و ئەنکارا و، مەترسیی پیلان و مووشەکباران و داگیرکردن کە بەردەوامە، پێویستی بە سیاسەتێکی ناوخۆ هەیە، کە کۆتایی بە دۆخی دووئیدارەیی و بەرژەوەندیی بەرتەسکی حزبایەتی بێهێنێت و، ڕێککەوتن لەسەر دارشتنی دەستووری کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکات و، کۆتایی بە بێمتمانەیی خەڵك بهێنێت، لە سەرووی هەموو ئەمانەش، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە پرۆسەی سیاسییساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا کۆتایی هاتووە.

**دەوڵەتانی زلهێز و هەرچی وڵاتی هەرێمایەتی و دراوسێی دەوڵەتی عێراق هەیە، دەستێوەردان لە بابەتی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی و دابەشکردنی پشك و پۆست و دانانی سەرۆك کۆمار و سەرۆك پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و دابەشکردنی وەزارەتەکاندا دەکەن**

**سیاسەتی حوکمڕانانی ناوخۆی عێراقیش بووەتە هۆی فراوانبوونی گەندەڵی و پەیڕوکردنی سیاسەتی بەتایبەتکردن و، نەبوونی خزمەتگوزاری و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و بەفیڕۆدانی سامانی مرۆیی و سرووشتی**

**دەوڵەتی قووڵ جومگەکانی حوکمڕانی لە دەوڵەتی عێراق بەڕێوە دەبات، بە جۆرێك سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و ئاسایشی گشتی لە دەوڵەتدا نییە**

# ئەمنۆگرافیا

ئاسایشی دانیشتووان بابەتێکی گرنگە و پەیوەستە بە جوگرافیای دانیشتووان، لە ئەدەبیات بە شێوازی جیاجیا دەخوێندرێتەوە، وەك جوگرافیای دانیشتووان ناودەبرێت، بەڵام شیکردنەوەی زانستیی ئەکادیمی بۆ مەسەلەکان لە ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمنی دانیشتووان بە ئەمنۆگرافیا دیراسەت دەکات، چونکە ئێستا زۆر لە بۆچوونەکان بەرەو گۆڕانکاری چوون، دانیشتووان بەشێکن لە هێز کە بنەمایەکی بنەڕەتییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، واتا هێزی مرۆیی بە هەموو شێوازێك دیراسە دەکرێت، هەر لە شێوازی تەمەنەوە، بۆ نموونە تەمەنی منداڵان، گەنجان، بەساڵاچووان، ڕێژەی ئافرەت و پیاوان، شیکردنەوەی پێکهاتەی خێزان، فراوانە یان تەسکە، پاڵپشت بە زۆر زانیاریی دیکە ئەمنۆگرافیا دیراسەی مەسەلەکانی دانیشتووان دەکات، بۆ نموونە زانستی ئامار زۆر گرنگە، لە جیهانی ئەمڕۆدا هەر بیروبۆچوونێك، یان توێژینەوەیەك پێویستە پاڵپشت بێت بە ئاماری ورد، واتا لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە دانیشتووان لە ڕووی تەمەنەوە بایەخێکی تایبەتیان هەیە، ڕێژەی منداڵبوون، ڕێژەی مردوو، ئەوانە بایەخێکی تایبەتیان هەیە، ئەوەی زۆر پاڵپشتی دەکرێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، ڕێژەی گەنجەکانە لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە تا تەمەنی ٤٠ ساڵی، لە بۆچوونەکانی ڕێکخراوی دانیشتووانی جیهان کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە جەخت لەم مەسەلەیە دەکاتەوە، بەڵام زۆر گرنگە بۆ هەر کیانێك کە دیراساتی ورد هەبێت بۆ ئەم مەسەلەیە.

مەسەلەی پێکهاتەی خێزان زۆر بە وردی دەبێ دیراسە بکرێت، ژمارەی ئەندامانی خێزان چۆنە و دەبێت چەند بێت و پێداویستییەکانی کۆمەڵ بۆ ئەم مەسەلەیە چییە، لە هەمان کاتیشدا دەبێت پێداویستییەکانی خێزانیش دابین بکرێت لە بواری نیشتەجێ و پەروەردە و تەندروستی، جگە لەمە دابەشبوونی دانیشتووان بە چ شێوازێکە، ڕوون و ئاشکرایە لە هەر کیانێك شاری گەورە و مامناوەندی و بچووك هەن، هەروەها گوند و شاریش هەن، لەو کۆمەڵگەیانەی کە دانیشتووانیان لە گوندەوە پەنا دەبەن بۆ شار،



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

**«پێشنیازی ئەوە دەکەم سەنتەرێکی دیراساتی ئەمنۆگرافی واتا ئەمنیی دانیشتووان دابمەزرێت پاڵپشت بە ئامارەکان و توێژینەوەی ئەکادیمی بە وردی، چونکە دەبینین لە کیانەکانی دیکە ڕۆژانە چاودێری دەکرێت و توێژینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەمنۆگرافیا پەیوەندی بە زانستێکی دیکەوە هەیە کە ئێمە پێی دەڵێین «ئەمنی ئەنتۆگرافی»، ئەمە بریتییە لە پێکهاتەی کۆمەڵ، فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و فرە مەزهەبی، تەنانەت فرە هۆز و خێڵایەتیش کاریگەریی خۆی هەیە، زانستی ئەمنی ئەنتۆگرافی دیراسەتی داب و نەریت و پێکهاتەی کۆمەڵگەکان دەکات»**

کێشەیان زۆرە لە ڕووی ئاسایشەوە، چونکە ژیانی شار لە گەڵ گوند جیاوازە، تەنانەت دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەوە نەیەنە نێو شار، چونکە لە ناو شار گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، بۆ نموونە ئەوانەی دێنە شار زیاتر لە گەڕەکە مامناوەندی و هەژارنشینەکان نیشتەجێ دەبن، واتا لە شاریش گەڕەکەکان جیاوازن، ناو شار لەگەڵ دەوروبەری شار جودایە، سیاسەتی دابەشبوونی دانیشتووان لەناو شارەکان زۆر گرنگە. جگە لەمەش ئەمە پەیوەستە بە شێوازی بیناکردن لەناو شارەکان دروستکردنیان ئاسۆییە، یان ستوونییە، جیهانی ئەمڕۆ زیاتر بەرەو ستوونی دەچێت، واتا باڵەخانەی بەرز کە هەم بۆ نیشتەجێبوون و هەمیش بۆ کاروباری بازرگانی و شتی دیکەش بەکار دەهێنرێت، ئەمە پەیوەستە بە ژیان و تێگەیشتنی دانیشتووان بۆ ژیانی نێو باڵەخانە بەرزەکان و دروستکردنیان بە ستوونی، ئەمەش ئەرکێکە دەکەوێتە سەرشانی فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی وەك شارەوانی و کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەکان، دانیشتووان پەیوەستە بە پەروەردە و خوێندن، ژمارە و ڕێژەی قوتابخانەکان و ژمارەی قوتابییان لە پۆلەکاندا، هاوکات بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان کاریگەرییان لەسەر سایکۆلۆجییەتی قوتابییان هەیە، ئەگەر بێینە سەر تەندروستی دەبێت ئاماژە بکەین بۆ ژمارەی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و ئاستی خزمەتگوزاری و پاڵپشتیی حکومەت و ڕۆڵی کەرتی تایبەت لەم بوارەدا کە پەیوەستە بە ئاسایشی دانیشتووان، بێینە سەر خوێندنی باڵا کە دامەزراوەی گرنگە لە کۆمەڵگەدا، چونکە ژمارەی زانکۆ و پەیمانگەکان چ حکوومی، چ ئەهلی، هەروەها ژمارە و ڕێژەی دەرچوونی ساڵانە ڕۆڵیان لە ئەمنی دانیشتوواندا هەیە.

هەڵبەتە لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن، چونکە دەوڵەت هەیە ژمارەی دانیشتووانی لە ملیارێك تێپەڕیوە، بۆ نموونە هیندستان و چین، دەوڵەتیش هەن مامناوەندین لە سەد ملیۆنەوە کەمتر یان زیاترن، وەك ئەرجەنتین و بەرازیل




و میسـر و تورکیـا و ئێـران، ئێمـە لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕووبەڕێکـی دیاریکـراوی زەوی نزیکـەی شـەش ملیـۆن دانیشـتووان هـەن، دەبـێ ئـەم ژمارەیـەش بەپێـی ئـەو خاڵانـەی پێشـتر ئامـاژەم پـێ کـردن دیراسـەت بکرێـت، وەزارەتـی پلاندانان و دەستەی ئامار دامەزراوەی گرنگن لە ڕووی ئاسایشـی دانیشـتووان، ئەمنـی دیموگرافی چەمکێکـی تازەیـە لـە ئەدەبیاتـی تـازە هاتووەتـە ئاراوە، لـە قوتابخانـە تازەکانی ئاسایشـی نەتەوەیی (باری بـۆزان) جەخت لەسـەر ئەمـە دەکاتـەوە، ئـەوە پێـی دەڵێـن ئاسایشـی کۆمەڵگـە کـە بریتییـە لـە تێگەیشـتن لـە ئاسایشـی تاکەکانی کۆمەڵگـە و لـە دامـەزراوەکان پتـر لـەوەی کـە جەخت لـە مەسـەلە میلیتارییـەکان دەکاتـەوە، پێـش ئەویـش (ڕۆبـەرت ماتانمـارا) باسـی لـە گەشـەپێدانی گشـتی و ڕۆڵـی لـەم بـوارە کـردووە، واتـا دانیشـتووان کـە فاکتەرێکـی گرنـگـن لـە هـەر کیانێـك دەبێـت لـە ڕووی ئەمنییـەوە دیراسـە بکرێـت.

مـن لێرەوە پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم سـەنتەرێکی دیراسـاتی ئەمنۆگرافـی واتـا ئەمنـی دانیشـتووان دابمەزرێـت پاڵپشـت بـە ئامـارەکان و توێژینـەوەی ئەکادیمـی بـە وردی، چونکـە دەبینیـن لـە کیانەکانـی دیکـە ڕۆژانـە چاودێـری دەکرێـت و توێژینـەوەی لەسـەر دەکرێـت، بـەڵام ئێمـە لـەم ڕووەوە هەژاریـن. مەسـەلەیەکی دیکـەی گرنـگ بـۆ ئاسایشـی دانیشـتووان لـە هەرێمـی کوردسـتان، دیراسـەکردنی ڕێـژەی بیانـی و هاووڵاتیانـی دیکەیـە کـە دێنـە هەرێـم، ئاشـکرایە کـە ئـەو گەشـە ئابـووری و سیاسـییەی هەرێمـی کوردستان هـۆکارە بـۆ ئـەوەی ببێتـە پەناگەیـەك بـۆ ئـەوەی کـە ژمارەیەکـی زۆری ئـاوارە و پەنابـەری سیاسی لە وڵاتانەوە لەبەر ململانێی چەکداری ڕووی تێ بکـەن، تـا ڕادەیەکیـش کۆچـی بـە کۆمـەڵ هەیـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، هەروەهـا ئەمـە بریتییـە لـە کۆچـی هاووڵاتیـان کـە لـە شـارەکانی بەغـدا و تکریت و ڕومـادی و ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕوو لـە هەرێـم دەکـەن و هەمـوو ئیمتیازاتێکیـان پـێ دراوە لـە موڵکداریـی خانـوو و بەناوکردنـی ئۆتۆمبیـل و شـتی دیکـە، بـە ڕای مـن ئەوانـە هاووڵاتـی عێراقیـن و بەپێی دەستووریش دەتوانن لە هـەر شـوێنێك بیانەوێـت بژیـن و نیشـتەجێ بـن، لـە هەمـان کاتدا پێویسـتە لایـەن و دەزگا ئەمنییـەکان بـە وردی لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە ڕاوەسـتن، چونکـە تێکەڵبوونـی هاووڵاتیانـی عـەرەب، یـان کوردانـی ڕۆژئـاوا و باکـوور و ڕۆژهـەڵات بابەتێکـی گرنگـە بـۆ ئاسایشـی دانیشـتووان، بۆیـە دەبێـت ئەمـە دیراسـەت بکرێـت لـە ڕووی ئامـار و لایەنـی دیکـەوە، چونکـە بـە دڵنیاییـەوە کـە کۆمەڵگـە بـەرەو تێکەڵبـوون دەچێـت، گیروگرفتـی بـەدواوە دێت، بـەڵام هـەر چۆنێك بێت هەرێمی کوردستان بـە هـۆکاری گەشـەپێدان و وەبەرهێنـان و پـرۆژەکان پێشـکەوتووە و بـووە بـە نموونەیـەك، دەتوانـم بڵێـم وەك دەوڵەتانـی کەنـداوە، ئەمـەش وای کـردووە کـە خەڵکانێکـی زۆر پەنـای بـۆ دەبـەن وەك هەسـتکردن بـە ئارامـی و ئاسـایش و بژێـوی ژیـان.

لـە دەرئەنجامـدا ئەمنۆگرافیـا زانسـتێکە پاڵپشـت بـە زانسـتی دانیشـتووان، بەشێکیشـە لـە جوگرافیـا

**ئەوەی زۆر پاڵپشتی دەکرێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، ڕێژەی گەنجەکانە لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە تا تەمەنی ٤٠ ساڵی**

**لەو کۆمەڵگەیانەی کە دانیشتووانیان لە گوندەوە پەنا دەبەن بۆ شار، کێشەیان زۆرە لە ڕووی ئاسایشەوە، چونکە ژیانی شار لە گەڵ گوند جیاوازە**

**ئەمنی دیموگرافی چەمکێکی تازەیە لە ئەدەبیاتی تازە هاتووەتە ئاراوە، لە قوتابخانە تازەکانی ئاسایشی نەتەوەیی (باری بۆزان) جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، ئەوە پێی دەڵێن ئاسایشی کۆمەڵگە کە بریتییە لە تێگەیشتن لە ئاسایشی تاکەکانی کۆمەڵگە و لە دامەزراوەکان پتر لەوەی کە جەخت لە مەسەلە میلیتارییەکان دەکاتەوە**



**ئەو گەشە ئابووری و سیاسییەی هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەیەک بۆ ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەری سیاسی لە وڵاتانەوە لەبەر ململانێی چەکداری رووی تێ بکەن، تا رادەیەکیش کۆچی بە کۆمەڵ هەیە بۆ هەرێمی کوردستان**

**ئەمنۆگرافیا زانستێکە پاڵپشت بە زانستی دانیشتووان، بەشێکیشە لە جوگرافیا کە ئێمە پێی دەڵێین جوگرافیای ئەمنی، بۆیە هەموو کیانێک دەبێت جوگرافیای ئەمنی بخوێندرێتەوە**

**بە دیموکراسیکردنی ژیان وا دەکات هەموو پێکهاتەکان هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆیان بکەن، هەروەها بەشداربن لە پرۆسەی سیاسی وەک ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە**

کە ئێمە پێی دەڵێین جوگرافیای ئەمنی، بۆیە هەموو کیانێك دەبێت جوگرافیای ئەمنی بخوێندرێتەوە، زۆر دامەزراوە هەن لە جوگرافیای ئەمنی، داب و نەریت، پێکهاتەی ئابووری، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئەمانە هەموویان گرنگن کە دیراسەیان دەربارە بکرێت.


ئەمنۆگرافیا پەیوەندی بە زانستێکی دیکەوە هەیە کە ئێمە پێی دەڵێین ئەمنی ئەنتۆگرافی، ئەمە بریتییە لە پێکهاتەی کۆمەڵ، فرە نەتەوەیی و فرە ئایینی و فرە مەزهەبی، تەنانەت فرە هۆز و خێڵایەتیش کاریگەریی خۆی هەیە، زانستی ئەمنی ئەنتۆگرافی دیراسەتی داب و نەریت و پێکهاتەی کۆمەڵگەکان دەکات. لێرەداپرسیارێك دێتە کایەوە، ئایا ئەم فرە جۆرییە کاریگەریی چییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی؟ ئەمە دەوەستێتە سەر سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، بە دیموکراسیکردنی ژیان وا دەکات هەموو پێکهاتەکان هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆیان بکەن، هەروەها بەشداربن لە پرۆسەی سیاسی وەك ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، پێکهاتەکان چ لە پەرلەمان، یان لە حکومەت، یان لە دامەزراوەکان، هەموویان مافیان لەم دامەزراوانەدا هەیە، واتا ئاسایشی پێکهاتەکان زۆر گرنگە و لە ئەمنی دانیشتووان دیراسەتی ئەم بوارە دەکرێت، جگە لەمەش هەرێمی کوردستان چونکە بنەماکانی گەشتیاری تێدایە، چ سرووشتی، یان ئایینی، یان زانستیی ئەکادیمی، ئەمانە وا دەکەن کە تێکەڵبوونێك هەبێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا فاکتەری پۆزەتیڤە بۆ ئاسایشیی نەتەوەییمان.

# بۆ گرنگە هەڵبژاردن بکەین؟

**کابینە دوای کابینە قەیران لە دوای قەیران و گرفت لە دوای گرفت دروست کراوە بۆ ئەم هەرێمە، تاوەکو ئەو سیما جوانەی دەیەوێت لە دیموکراسی و ئازادیدا پێشکەشی بکات، لەکەدار بکرێت**

**لە ماوەی ڕابردوودا چەندین هەوڵی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ لەباربردنی ئەم ئەزموونە دراوە، بەڵام بەهێزیی سەرکردایەتیی کورد و خۆڕاگریی حکومەت و کابینەکان توانیویەتی تا ڕاددەیەکی زۆر لە بەردەم ئەم شەپۆلانەدا خۆی بگرێت**

ئەگەر بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم هەرێمە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێینەوە، هەر لە سەرتاوە سیستمی فرەحزبی و بەشداریی سیاسی و دیموکراسییەت بناغەی دامەزراندنی بووە، مافی بەشداریی سیاسی و دەنگدان و هەڵبژاردن کراوەتە دروشم و بنەمای کارکردنی، بەڵام ئەگەر بۆ مێژووی ٣٠ساڵی ڕابردووی کابینە یەك لە دوای یەکەکانی بگەڕێینەوە، دەبینین ئەم ئازادی و دیموکراسی و بەشدارییە بە هۆی شەڕی ناوخۆ و گرژییە سیاسی و ململانێکانی ناوخۆ، پلان و هێرش و هەڕەشە و دەستتێوەردان و ئەجێندای دەرەکییەوە زیانی پێ گەیشتووە، لە هەمان کاتیشدا بە هۆی میدیا و سۆشیاڵ میدیای نابەرپرسەوە بە هەمان شێوە، بۆیە کابینە دوای کابینە قەیران لە دوای قەیران و گرفت لە دوای گرفت دروست کراوە بۆ ئەم هەرێمە، تاوەکو ئەو سیما جوانەی دەیەوێت لە دیموکراسی و ئازادیدا پێشکەشی بکات، لەکەدار بکرێت، جگە لەوەی ئەم ململانێ و هەوڵە نادۆستییانە کارێکی کرد کە دامودەزگا تەشریعی و تەنفیزییەکانیش پەك بخات، لەولاشەوە متمانە لە نێوان حکومەت و دامودەزگاکان و خەڵکدا نەهێڵێت، بۆیە لە ماوەی ڕابردوودا چەندین هەوڵی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ لەباربردنی ئەم ئەزموونە دراوە، بەڵام بەهێزیی سەرکردایەتیی کورد و خۆڕاگریی حکومەت و کابینەکان توانیویەتی تا ڕاددەیەکی زۆر لە بەردەم ئەم شەپۆلانەدا خۆی بگرێت. ئەگەر زیاتر تایبەتی بکەین بە سەردەمی کابینەی نۆیەم دەتوانین بڵێین سەردەمی خەستبوونەوە و چڕبوونەوەی قەیرانەکان بووە لە بەردەمیدا، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی، چ لەسەر ئاستی دەرەکی، قەیرانی ناوخۆیی ناوچەیی جیهانی هەر هەمووی بە جۆرێك لە جۆرەکان دەیوست لەرزە بەم کابینەیە بکات، بەڵام لەگەڵ خۆراگری لە بەردەم قەیرانەکان و زاڵبوون بە سەر قەیرانەکاندا، توانرا سەقامگیرییەکی ئەمنی و ماددی و دەروونی بۆ هاوولاتیان فەراهەم بکرێت. بەشێکی زۆری پلان و بەرنامەکان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا جێبەجێ بکات. دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی دیپلۆماسییەت و بەشداری لە پرس و بابەتە جیهانییەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاو و گەشەسەندووی هەبووە، توانیشی تا ڕاددەیەکی زۆر ڕووبەڕووی بەربەست و هەڕەشە دەرەکییەکان چ لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغدا و چ لەلایەن هێزە دەرەکییەکان ببێتەوە و، متمانەیەکی زۆری جیهانی و ناوچەیی بەدەست بهێنێت. ئەوەی ئێستا گرنگە، پاراستی ئەو دیموکراسییەت و متمانەیەشە لەسەر ئاستی ناوخۆ، دیموکراسییەت دەبێت بەردەوام پارێزگاری لێ بکرێت، بە تەنیا حکومەتیش ناتوانێت پارێزگاری لێ بکات، بەڵکو دیموکراسییەت بە هەر سی لایەنی (حکومەت، دامودەزگاکان، هاوولاتی) پارێزگاری لێ دەکرێت. پێویستە ڕیفۆرمی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سیستمی سیاسیی دەزگاکانمان بکەین، تا وا لە خەڵك بکات کە هەست بکات گوێی لێ دەگیرێت، پێویستە چیرۆکی ڕاستەقینە بڵێین دەربارەی خۆمان، ئەگەرنا چۆن دەتوانین پێکەوە بژین سەرباری جیاوازییەکانمان؟

جگە لەم بێمتمانەییەی خەڵك بە دامودەزگا حکوومییەکان، زەمینەی هاوبەشی لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان لایەنەکانیشدا نەماوە و، دەبێت دروستی بکەینەوە، چونکە دابڕان دروست بووە و هیچ کام لە لایەنەکان ئەوانەی بەشدارن لە حکومەت و ئەوانەشی بەشدار نین، بەرامبەر ڕووداوەکان خۆیان بە بەرپرسیار نازانن جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوکێشە سیاسیەکانیش گۆڕاون و تێکچوون، بۆیە لەگەڵ ئەو هەنگاوە چاکسازی و بناغەییەی کە حکومەت ناویەتی و بە هەوڵی سەرکردەکان و سەرۆکایەتییەکان، توانرا ئەم هەرێمە لەم ئاستەدا ڕابگیرێت و پلانیشی هەیە شەڕ بۆ ئایندەی خۆی بکات و بەشداریی هاوکێشە جیهانییەکان بکات، بەڵام بە بێ بەشداریکردنەوەی هاووڵاتی و لێکنزیکبوونەوە و دروستکردنی کۆمینیکەیشنێکی دروست لە نێوان حکومەت و خەڵك و لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و دروستکردنی پشتێنەیەکی بەهێزی نیشتمانی، ناتوانین نە ئەم ئەزموونە بپارێزین، نە دیموکراسییەتی ئەم هەرێمەش گەشە پێ بدەین، بۆیە هەوڵەکانی ئایندەمان دەبێت لەسەر ئەو ئاستە ئاسۆییە بێت و خەڵك و حکومەت و خەڵك و دامودەزگاکان، خەڵك و لایەنە سیاسییەکان و لایەنە سیاسییەکان لێك نزیك بکەینەوە و ئاشتیان بکەینەوە و، متمانە لە نێوانیان بگەڕێنینەوە، بۆ ئەمەش دەبێت سەرکردەکان کۆمینیکەیشنی زیاتر بکەن لەگەڵ خەڵك. بێگومان هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانە ئامرازێك دەبێت لەو ئامرازە کاریگەرانەی کە ئەم متمانە و لێکنزیکبوونەوەیە تا ڕاددەیەك بەرهەم بهێنێت و دامودەزگاکان ئەکتیڤ بکاتەوە. دەبێت زەمینەیەکی هاوبەش بۆ کارکردن دروست بکەینەوە، ئەگەرنا دواخستن، یان ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن ئەو بۆشاییە گەورە و ئەو بڵقە بەجێ دەهێڵن کە دواجار دەبێتە خۆرەی دەستکەوتەکانی دیکەی ئەم هەرێمە، خوانەخواستە بەرەو دابڕانی ئایدیا و بیروبۆچوون دەڕۆین و دەرگا دەکاتەوە بۆ جەنگێکی مەترسیداری ناوخۆیی، کە ئەویش (جەنگی کولتووریی ناوخۆییە) کە یەکتر ڕەتکردنەوە و نەمانی ئینتیمای نەتەوەیی و پێکەوەژیانی لێ دەکەوێتەوە، وەك ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت، کە نەك یەکتر ڕەت دەکەنەوە، بەڵکو نوێژەکەرەکانیشیان ئامادە نین لە یەك مزگەوت نوێژ بکەن، چ جای ئەوەی لەگەڵ یەك حوکم بکەن و پێکەوە بژین، کە ڕەنگە وتاری ئایندەم لەسەر ئەوە بێت (ئایا کوردستان لە بەردەم جەنگی ناوخۆیی کولتووریدایە، یان نا ؟).

**هیچ کام لە لایەنەکان ئەوانەی بەشدارن لە حکومەت و ئەوانەشی بەشدار نین، بەرامبەر ڕووداوەکان خۆیان بە بەرپرسیار نازانن جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بە بێ بەشداریکردنەوەی هاووڵاتی و لێکنزیکبوونەوە و دروستکردنی کۆمینیکەیشنێکی دروست لە نێوان حکومەت و خەڵک و لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و دروستکردنی پشتێنەیەکی بەهێزی نیشتمانی، ناتوانین نە ئەم ئەزموونە بپارێزین، نە دیموکراسییەتی ئەم هەرێمەش گەشە پێ بدەین**

دیمانەی تایبەت



جەیمس سپێرلێنگ پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی ئاکرۆن، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك ئاسایشی ناتۆ، ڕۆڵی ناتۆ، ئاسایشی ئەورووپا، کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و، لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## جەیمس سپێرلێنگ

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی ئاکرۆن بۆ گوڵان:

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیان ناوەتە قوناغێکی نوێی شەڕی ساردەوە

*** مشتومڕێکی زۆر لە بارەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە دەکرێت، کە ئاشکرایە لە ئێستادا ئەم شەڕە درێژەی کێشاوە و، هیچ بەرەوپێشچوونێکیش بۆ کۆتاییهێنان و ڕاگرتنی ئەم شەڕە لە ئارادا نییە، ئێوە چۆن لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە دەڕوانن و، پێتان وایە بۆچی ڕووسیا پەنای بردە بەر بژاردەیەکی لەم چەشنە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە، یان پاساو و بیانووەکانی ڕووسیا بۆ پەنابردنەبەر ئەم بژاردەیە، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە سێ خاڵ بکەین، کە پەیوەندییان بە بڕیاری ڕووسیا بۆ داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیاوە هەیە، واتە بانگەشەکانی ڕووسیا لەم ڕووەوە بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم، ترس و نیگەرانی کە بوونە هۆی ئەوەی ڕووسیا ئەنجامدانی هێرشێکی پێشوەختی لەم چەشنە بە پێویست بزانێت، بۆ ئەوەی ڕێگری و پێشگیری بکات لەوەی کە لە ئایندەدا ئۆکرانیا نەبێتە ئەندامی ناتۆ، خاڵی دووەم بریتی بوو لە خواستی ڕووسیا بۆ بەرفراوانکردنی بازنەی بەرگریی وڵاتەکەی، بە ئاراستە و ئاقاری ڕۆژئاوادا، بۆ بەرگرتن و ڕێگریکردن لە هەر هەڕەشەیەکی گریمانەکراوی سەرچاوەگرتوو لە ناتۆوە، سێیەمیان خواستێکی چەواشەکارانە بۆ دووبارە بنیاتنانەوە و دامەزراندنەوەی ڕووسیای خەیاڵکردی لە دەستچووی ڕۆژگاری شەڕی سارد، هەر یەکە لەم هۆکارانەش هەندێك ڕۆڵیان هەبووە لە بڕیاری پەیوەست بە داگیرکردنی ئۆکرانیاوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گوترا و ئاماژەی پێ کرا، ئەوا ئاستەنگ بۆ ئەندامێتیی ئۆکرانیا درووست بوو، بە هۆی پێوەرەکانی بەرفراوانبوونی پەیوەست بە ئەندامێتییەوە (چارەسەرکردنی ناکۆکییە هەڵپەسێردراوەکانی پەیوەندیدار بە خاکەوە) بە هۆی ئەوەی ڕووسیا هەرێمی کریمیای داگیر کرد و کردیە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی خۆی، پرسی دووبارە بنیاتنانەوەی ڕووسیای خەیاڵکرد پاساوێکی بەهێزی بۆ ناسیۆنالیستەکان دەستەبەر کرد، بۆ ئەوەی بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیا بدەن، بەڵام پێناچێت ئەمە بە تەنیا پاساوەکە بێت، بەهۆی ئەوەی باجی داگیرکارییەکە قورس بوو، لە دەرئەنجامدا دەتوانم بڵێم کە بە هۆی ئەوەی ئامانجی کردنی هەرێمی دونباس و کەنارەکانی دەریای ڕەشی ئۆکرانیا بە بەشێك لە خاکی ڕووسیا بووەتە ئامانجێکی ستراتیژی، ئەوا دەکرێت بڵێین کە ئامانجی ڕووسیا بەرجەستە بووە لە بەرفراوانکردنی بازنەی بەرگری و کۆنترۆڵکردنی دەریای ڕەش، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئۆکرانیا بکاتە وڵاتێکی داخراو و هیچ دەروازەیەکی دەریایی نەبێت، جگە لە بەندەرەکانی ڕووسیا.

*** زۆرێك لە شرۆڤەکاران و تایبەتمەندانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان باس لەوە دەکەن کە ئەم شەڕە وەرچەرخانێکە لە سیاسەت و پەیوەندیی نێوان هێزە مەزنەکاندا، ئایا ئێوە تا چ ڕادەیەك هاوڕان لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و، ئایا لێکدانەوەیەکی دروستە بڵێین کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێی ناوەتە نێو قوناغێکی نوێی شەڕی ساردەوە؟**

- بە تێڕوانینی من، گرنگترین پەند و وانە لەم شەڕەوە ئەوەیە کە هێشتا بەرژەوەندییە مادییەکان و تەنگەژەی ئەمنیی فاکتەری یەکلاکەرەوەن لە ڕەنگڕێژکردنی پەیوەندیی نێوان هێزە مەزنەکان، هەروەها ڕەنگە بتوانین ئەمە بەو شێوەیە لێك بدەینەوە کە ئەمە ئاماژەیە بە نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر لە نێو ڕۆژئاوادا، لە بارەی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە ڕووسیاوە (بە تایبەتی لە پەیوەندی بە گەمژەیی، یان ژیریی پشتبەستن بە نەوت و غازی ڕووسیاوە)، کە ئەم بارودۆخە پتر ئاڵۆز بوو، بە هۆی ئەوەی لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی هەڵگرت لە سەرکردایەتیکردنی جیهان، کە ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەبووایە، ئەوا دەکرا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکرانیا کەمتر ببوایەتەوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی سوودی ئەگەری لکاندنی ناوچە گرنگەکانی خاکی ئۆکرانیا و، بێلایەنکردنی ئۆکرانیا وەك هاوپەیمانێکی سەربازیی ڕۆژئاوا. لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە ڕووسیا- بە سەرکردایەتیی پوتین- بە بێ ئەوەی مەبەستی بوو بێت، شەڕێکی نوێی ساردی هەڵگیرساندبێت، بەڵام بە پێچەوانەی شەڕی ساردی پێشوو دەکرێت کۆتایی بەم دۆخە بهێنرێت، ئەگەر ڕووسیا بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی پێش ساڵی ٢٠١٤ یان ئەگەر ڕێککەوتنێکی پەیوەست بە خاك لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بێتە ئاراوە.

**پرسی دووبارە بنیاتنانەوەی ڕووسیای خەیاڵکرد پاساوێکی بەهێزی بۆ ناسیۆنالیستەکان دەستەبەر کرد، بۆ ئەوەی بڕیاری داگیرکردنی ئۆکرانیا بدەن**

**ئامانجی ڕووسیا بەرجەستە بووە لە بەرفراوانکردنی بازنەی بەرگری و کۆنترۆڵکردنی دەریای ڕەش، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئۆکرانیا بکاتە وڵاتێکی داخراو و هیچ دەروازەیەکی دەریایی نەبێت، جگە لە بەندەرەکانی ڕووسیا**

**ئەم بارودۆخە پتر ئاڵۆز بوو، بە هۆی ئەوەی لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپدا ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی هەڵگرت لە سەرکردایەتیکردنی جیهان، کە ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە نەبووایە، ئەوا دەکرا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکرانیا کەمتر ببوایەتەوە**

**پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لەلایەن ڕووسیاوە لە ئۆکرانیا، بە هێرش و پەلامار دادەنرێت بۆ سەر سیستمی نێودەوڵەتیی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان و بۆ سەر میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان**

**هێشتا چین بە هەڕەشەیەکی گەورەتر دادەنرێت بۆ سەر ئەو سیستەمەی لە دوای جەنگی ساردەوە هاتەئاراوە، کە ئەم سیستەمەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە بواری هاوبەشی دارایی و بۆشایی ئاسمانی و بواری ئەلیکترۆنی**

**ئەگەر چین بە شێوەیەکی فەرمی تایوان بکاتە بەشێک لە وڵاتەکەی، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێتە دوا بزمار لە تابووتی ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەی لەسەر ڕێساکان بنیات نرا، کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد هاتە ئاراوە**

**ئەگەر ڕووسیا هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی وڵاتی مۆڵدۆڤاش داگیر بکات و، سەرکەوتوو بێت لەوەی بتوانێت کەنارەکانی دەریای ڕەش لە وڵاتی ئۆکرانیا داگیر بکات، ئەوا بۆی هەیە شەڕەکە بەرفراوانتر ببێت**

**ڕووسیا ئامادەیە بەرەنگاری دەستتێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان ئەورووپا بێت، لە کاتێکدا ئەم ئامادەییە لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە لە ئاست ڕووسیادا بەدی ناکرێت**

*** هەر سەبارەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندی، یان ململانێی هێزە مەزنەکان، هەندێ لە چاودێر و شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن کە ئەم شەڕە بزمارێکی دیکەیە لەوەی پێی دەگوترێت سیستمی نێودەوڵەتی، یان سیستمی بنیاتنراو لەسەر بنەمای ڕێساکان، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من پێم وایە ئەوەی پێی دەگوترێت مەترسی لەسەر سیستمە جیهانییەکە، ئەوا ئەم مەترسییە لە ناڕازیبوونی ڕووسیا و چینەوە (لە نێوان وڵاتانی دیکەدا) سەرچاوەی گرتووە، لە ئاست ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە هاتە ئاراوە، کە پێی دەگوترێت سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان. ئەو وڵاتانەی کە ئاماژەم پێ کردن، خوازیاری ئەوەن ئەم هەلومەرجە بگۆڕدرێت و، لەم ڕووەوە دەیانەوێت شەرعییەت دابماڵن لەو ڕێسایانەی لە ئارادان و ڕەنگدانەوەی بەها و بەرژەوەندییە ماددییەکانی ڕۆژئاوان و دەیانەوێت هەندێ ڕێسای نوێ دابڕێژن، کە بگونجێن لەگەڵ ئایدیا و بەرژەوەندییە ماددییەکانیاندا، دواتر بە دڵنیاییەوە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لەلایەن ڕووسیاوە لە ئۆکرانیا، بە هێرش و پەلامار دادەنرێت بۆ سەر سیستمی نێودەوڵەتیی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان و بۆ سەر میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە داگیرکردنی خاکەوە، بە بێ ڕەزامەندیی حوکمڕانیکراوەکان. هەرچۆنێك بێت، هێشتا چین بە هەڕەشەیەکی گەورەتر دادەنرێت بۆ سەر ئەو سیستمەی لە دوای جەنگی ساردەوە هاتەئاراوە، کە ئەم سیستمەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ دەستڕاگەیشتن بە بواری هاوبەشی دارایی و بۆشایی ئاسمانی و بواری ئەلیکترۆنی. لەم ڕووەوە ئەگەر چین بە شێوەیەکی فەرمی تایوان بکاتە بەشێك لە وڵاتەکەی، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێتە دوا بزمار لە تابووتی ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەی لەسەر ڕێساکان بنیات نرا، کە لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد هاتە ئاراوە.

*** ئاشکرایە کە لە ئێستادا ئەگەری ئەوە نییە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان یەکلا بکرێتەوە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ هێرش و هێرشی پێچەوانە، ئێوە پێتان وایە، یان پێشبینی دەکەن شەڕەکە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا بڕوات و، ئایا بە بنبەستگەیشتن کۆتایی دێت، یان ئەگەری ئەوە هەیە بەرەو هەڵکشان و بەرفراوانبوونی زیاتر بڕوات، یانیش دەکرێت لە ڕێی گفتوگۆوە بگەنە ڕێککەوتن و ئاگربەست؟**

- بە تێڕوانینی من و لە ڕوانگەی خوێندنەوەی بارودۆخی شەڕەکە، ئەگەر ڕووسیا هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی وڵاتی مۆڵدۆڤاش داگیر بکات و، سەرکەوتوو بێت لەوەی بتوانێت کەنارەکانی دەریای ڕەش لە وڵاتی ئۆکرانیا داگیر بکات، ئەوا بۆی هەیە شەڕەکە بەرفراوانتر ببێت، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بەم ساتەوەختەی ئێستای شەڕەکەوە هەبێت، ئەوا پێدەچێت ڕووسیا زیاتر شەڕی ئیستنزاف بکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕووسیا وڵاتێکە کە قەبارەیەکی گەورەی هەیە و دەتوانێت باج و تێچوونی شەڕەکەش لە ئەستۆ بگرێت، لە هەمان کاتدا ڕووسیا ئامادەیە بەرەنگاری دەستتێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان ئەورووپا بێت، لە کاتێکدا ئەم ئامادەییە لەلایەن ئەمریکا و ئەورووپاوە لە ئاست ڕووسیادا بەدی ناکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا بتوانێت مەرجەکانی خۆی بسەپێنێت لە پەیوەندی بە هەر ڕێککەوتنێك، یان ڕاگرتنی شەڕەکەوە، لە هەمان کاتدا زۆر زەحمەتە بتوانین وێنای ئەوە بکەین کە وڵاتی ئۆکرانیا لە ڕووی سەربازییەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ( ئەمە ئەگەر بێت و سەرکەوتنی سەربازیی ئۆکرانیا بەو شێوەیە پێناسە بکەین کە بریتییە لە گرتنەوەی سەرجەم ئەو خاکانەی لە ساڵی ٢٠١٤وە، یان تەنانەت لە ساڵی ٢٠٢١وە لەدەستی داون) ئەگەر بە تەواوەتی سوپای ڕووسیا، یان ئابووریی ئەو وڵات دووچاری داڕووخان و لەبەریەکهەڵوەشان بێت، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرۆك ڤلادمیر پوتین لە دەسەڵات دوور بکەوێتەوە. ئەوەی کەمتر ڕێی تێ دەچێت ڕووبدات ئەوەیە -کە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی یەکگرتووی ڕۆژئاوا- هەوڵی ڕووسیایە بۆ داگیرکردنی وڵاتانی بەڵتیك کە ئەندامن لە ناتۆدا، بە تایبەتی کە بە ئەندامبوونی هەردوو وڵاتی فنلەندا و سوید دەبنە هۆی ئەوەی هەر هەوڵێکی داگیرکاریی سەربازی بۆ سەر ئەم دوو هاوپەیمانەی ناتۆ، باج و تێچوونێکی سەربازیی گەورەی لێ بکەوێتەوە و، لە کۆتاییدا بە دۆڕان و شکست کۆتایی دێت.

دیمانەی تایبەت



**تۆماس هایلاند**

**پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئۆسلۆ بۆ گوڵان:**

# پێشبینی دەکرێت ترس و نادڵنیایی زیاتر باڵ بەسەر جیهاندا بکێشن

تۆماس هایلاند پرۆفیسۆری کۆمەڵناسییە لە زانکۆی ئۆسلۆ، بۆ چەندین ساڵ توێژینەوەی کردووە لە بارەی ناسنامەی سیاسی، ناسیۆنالیزم، جیهانگەرایی لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە و لەم بوارانەدا چەندین توێژینەوە و نووسینی هەیە. پێشتر بەڕێوەبەری پرۆگرامی توێژینەوەی ستراتیژیی «ئایۆ» بوو لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە تەوەرەکانی بریتی بوون لە پاشەکشەی دیموکراسی و لێکەوت و دەرئەنجامەکانی و پرسی لاوازبوونی جیهانگەرایی و بارودۆخی نێودەوڵەتی.

*** پێش ئەوەی بێینەسەر پرسیارکردن لە بارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە پێمان باشە تێڕوانینی ئێوە بزانین لە بارەی بارودۆخی ئێستای جیهانەوە. ئایا بە دیدی ئێوە جیهان بەرەو نائارامی و نادڵنیایی زیاتر دەچێت، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە هەڵگیرسان و بەردەوامبوونی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەبەرچاو بگرین کە ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە شەڕێکی بەرفراوانتر و بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت، یان نەخێر دەکرێت ئومێدی ئەوە بکرێت بارودۆخە جیهانییەکە بە ئاراستە و ئاقارێکی ئاوێتەبوون و باڵکێشانی ئاشتیدا بڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە ئێمە چەندین هۆکار بەدی دەکەین بۆ ئەوەی هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بکەین لە ئاست ئایندەی نزیکدا. سەرەتا من پێم وانییە شەڕی ئۆکرانیا بەربڵاوتر و بەرفراوانتر ببێت، بەڵام ئەوەی هەیە کاریگەری و لێکەوتە و دەرهاویشتەی هەبووە لەسەر سیستمە جیهانییەکە و ئەم سیستمەشی ناسەقامگیر کردووە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ زیادبوونی مەترسیی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا. لەوەش زیاتر، ئێمە ڕووبەڕووی کەمیی سەرچاوەکان بووینەتەوە بە هۆی ئیستغلالکردنی زیاد لە پێویست و گرتنەبەری سیاسەتە ژینگەییە نابەرپرسەکان لەم ڕووەوە، کە هەموو ئەمانە لە کۆتایی و لە دەرئەنجامدا دۆخێکی شڵەقاو دروست دەکەن. بە چەشنێك ئەگەر خەڵکی بە دۆخێکدا تێپەڕن کە توانای کڕینی نانیان نەبێت، ئەوا دەڕژێنەسەر شەقامەکان و دەست بە دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندان دەکەن، ئەمە ئەو پەند و وانەیەیە کە مێژوو فێرمان دەکات. ڕۆژگار و سەردەمی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد کێشە و کەلێنی خۆی هەبووە، ئەوە بوو چەندین شەڕی کاولکار و جینۆساید، قەیران و تەنگژەی برسێتی و تێیدا چەندین سیاسەتمەداری سەرکوتکاری سەریانهەڵدا، بەڵام بە تێکڕا دەتوانین بڵێین سەردەمی گەشە و بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی بوو. چونکە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە ژیان و تەندروستیی ئێمە باشتر بوو، زۆرێك لە ئێمە ئازادی و دەرفەتی زیاتری ژیانمان بەدەست هێنا بە بەراورد بە نەوەکانی پێش خۆمان. بەڵام ڕەنگە بکرێت بڵێین کە ئەم دەرفەتی گەشەکردن و ئاشتییە ڕێژەییە لە سەروبەندی ئەوەدایە کە بەرەو ئاوابوون بچێت. من پێم وانییە سیناریۆی دروستبوون و هاتنەئارای توندوتیژی و نادڵنیایی و ترس ئەگەرێکی دوورەدەست بن. چونکە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە باوەڕبوون بە بەرەوپێشچوون بە چەشنێکی بەرچاو لاواز بووبێت، چیتر خەڵکی باوەڕیان بەوە نەماوە کە مێژوو ئاقار و ئاراستەیەکی هەبێت و پێیان وایە دەکرێت هەموو شتێك ڕووبدات.

*** ئێستا ئەگەر پرسیارەکان ورد بکەینەوە بۆ پرسێکی دیاریکراو ئەوا دەمانەوێت بۆچوونی ئێوە بزانین لەبارەی ئەو پرسەی کە پێی دەوترێت داکشان، یان پاشەکشەی دیموکراسی لە جیهاندا، ئایا ئێوە چۆن لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی دەڕوانن و ئایا پێتان وایە ئەو هەل و مەرجەی لە سەرەوە ئاماژەتان پێ کرد، هیچ کاریگەرییەکی هەبووبێت لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باش و لە هەمان کاتدا پرسیارێکی قورسیشە. لە هەندێ کەیس و حاڵەتدا وا دەردەکەوێت کە بوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێز بووبێتە هۆی ئەوەی گرتنەبەری دیموکراسی بە پێویست نەزانرێت، چونکە لە سایەی ئەم ناسنامەیەدا هاووڵاتییان لە بەر ڕۆشنایی بیرۆکەیەکی باڵادا هەڵسوکەوت دەکەن کە پێیان وایە مایەی ڕزگاری و سەرفرازییان دەبێت. پێم وایە بەندێکت ئەندێرسۆن، -لە کۆمەڵگە خەیاڵکردەکاندا- یەکەم کەس بوو کە لێکچوون بەدی بکات لە نێوان ناسیۆنالیزم و ئاییندا. دواتر ئاشکرایە کە دیموکراسی بوونی تاکەکەسی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت، لە کاتێکدا ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیایەکی دەستەجەمعییە. ناکۆکی و ڕاجیایی بە ئاسانی جێی نابێتەوە لە نێو ناسیۆنالیزمدا. جۆرج بوشی کوڕ- سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- و لە دوای هێرشەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠١دا بۆ سەر ئەو وڵاتە بە ئاشکرای ڕایگەیاند، «یان لەگەڵ ئێمەیت، یان لەگەڵ تیرۆریستانیت» بە چەشنی ئەوەی کە لە ئێستادا دەبینین

**من پێم وانییە شەڕی ئۆکرانیا بەربڵاوتر و بەرفراوانتر ببێت، بەڵام ئەوەی هەیە کاریگەری و لێکەوتە و دەرهاویشتەی هەبووە لەسەر سیستمە جیهانییەکە و ئەم سیستمەشی ناسەقامگیر کردووە**

**ئێمە ڕووبەڕووی کەمیی سەرچاوەکان بووینەتەوە بە هۆی ئیستغلالکردنی زیاد لە پێویست و گرتنەبەری سیاسەتە ژینگەییە نابەرپرسەکان**

**لە ئێستادا هێز و دەسەڵات لە دەستی کەسانێکی کەمدا چڕبوونەتەوە بە چەشنێک کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە**

نیو-ناسیۆنالیزم لە جیهاندا بەرهەم و زادەی نائومێدبوونە لە مۆدێرنە و جیهانگەرایی، ئەوا دەکرێت مەیلە دژ بە دیموکراسییەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ هەمان هۆکار. تەنانەت لەو وڵاتانەی کە بە بەردەوام هەڵبژاردنیان تێدا دەکرێت، ئەوا دەنگدەران پێیان وانییە دەنگدانەکەیان جیاوازی دروست بکات. تەنانەت لەو شوێنانەی کە ئازادییەکی تەواوی ڕادەربڕینی تێدا فەراهەم کراوە، ئەوا ڕەخنەگرتن لە حکومەت هیچ کاریگەری و لێکەوتەیەکی نابێت. سەرهەڵدان و هەڵکشانی دەسەڵاتخوازی لە وڵاتە سەرەکییەکانی وەك بەرازیل و هیندستان بە چەشنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەم و سەروەختی دۆناڵد ترەمپدا کاردانەوە بوو لە بەرامبەر ئەم نائومێدییانەدا لە ڕێی پیشاندانی ئەوەی کە بوونی کەسێکی بەهێز دەتوانێت بە چەشنێکی کارا سیاسەت و کارەکان لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئاساییدا بەڕێوە ببات. بۆ ئەوەی ئەمەش سەربگرێت، ئەوا خەڵکی پێویستیان بەوە هەیە کە باوەڕ و متمانەیان بە سەرکردەکانیان هەبێت. بەڵام ئەمانە بەس سەرکردە نییە، بەڵکو سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستین و پشت بە تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی تایبەت بە نەتەوە دەبەستن. کەواتە ئەگەر تۆ لە هیندستان بیت و پشتیوانی لە سەرۆکی وڵاتەکە-مۆدی- نەکەیت، ئەوا ڕەنگە گومانی ئەوەت پێ ببەن کە دڵسۆز نیت بۆ وڵاتەکەت. ئەم ئاراستە و ئاقارە زۆر دوورە لەو فرەییەی کە لە چەندین بەشی وڵاتدا و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی- ١٩٤٥-ەوە گەشەی کرد و بەرەوپێش چوو. دەکرێت بە پاشەکشە بۆ پراکتیزەکانی پێش دیموکراسی وەسف بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە نارەزایەتیی خەڵکی لەبەرامبەر ئەوەی کە جیهانگەرایی بووەتە هۆی خراپترکردنی دۆخی ئەوان و سکاڵایان لە بارەی ئەوەی کە پشتگوێ خراون لە نێو سیستمە جیهانییە ئاڵۆزەکەدا کە کەس ناتوانێت بە تەواوەتی لێی تێبگات، نارەزایەتی و سکاڵای شەرعین. بەڵام پەنابردنەبەر سەرکردە ناسیۆنالیستییەکان بۆی هەیە بشوبهێنرێت بە ناردنی نامەی نارەزایەتی بۆ ناوونیشانێکی هەڵە.

*** کەواتە دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین جیهانگەرایی بەرەو لێکترازان و لەبەریەکهەڵوەشان چووە. ئایا سەردەمی پێچەوانەوەبوونەوەی جیهانگەرایی دەستی پێ کردووە؟**

- بە داخەوە وەڵامەکە بەڵێ و نەخێرە لە یەك کاتدا. بەڵێ لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە و ئەو تۆڕە سەرونەتەوەییانەی و ئەو هەوڵە هاوکاریئامێزانەی بوونە هۆی ئەوەی جیهان وا لێ بکەن ببێتە یەك کۆمەڵگە، لە ئێستادا لاواز بوون. ئەوەتا ڕێکخراوێکی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان بووەتە سێبەری ڕابردوو. کەسانێکی کەم گوێیان دەگرت بۆ تێدرۆس گیبریسۆس- بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی- لە سەروەختی پەتای کۆرۆنادا. لە چیندا گۆشەگیرییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت، دوورەپەرێزخستنێکی هەڵکشان بەدی دەکرێت لەو وڵاتە ئەفریقییانەی کە بە دەست هەژارییەوە دەناڵێنن، ڕایەڵ و پەیوەندیی نێوان باکووری ئەتڵەسی و جیهانی ئیسلامی کەمتر و لاوازترە بە بەراورد بە چەند ساڵێکی کەم پێش ئێستا. هەموو ئەمانە هەواڵی خراپن لە بەر چەند هۆکارێك. لەلایەکی دیکەوە جیهانگەرایی ئابووری بە ڕەوتێکی خێرا بەردەوامە. لە ئێستادا هێز و دەسەڵات لە دەستی کەسانێکی کەمدا چڕبوونەتەوە بە چەشنێك کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، نایەکسانی لە سەروەت و ساماندا لە هەڵکشاندایە. هەموو ئەم پەرەسەندنانە دەبنە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و مەحەلی و دەبنە هەڕەشە بۆ سەر فرەیی کەلتووری و بایەلۆژی و تێکشکاندنی ژینگە بە چەشنێك کە کەس بەرپرسیارێتییەکەی هەڵناگرێت. کەواتە هەم بەرفراوانبوون و هەم بەرتەسکبوونەوەی جیهانگەرایی- بەو شێوەیەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت- هەواڵێکی خراپە بۆ مرۆڤایەتی و بۆ هەسارەی زەوی. بەدیلەکە ئەوەیە کە ئاراستە و ئاقاری جیهانگەرایی ئابووری کەم بکرێتەوە و سیاسەتیش بە نامەرکەزی بکرێت، بۆ ئەوەی دەرفەت و بوار بڕەخسێت تاوەکو خەڵکی بتوانن خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا هانی هاوکاری بدرێت لەسەر ئاستی جیهان.

**سەرهەڵدان و هەڵکشانی دەسەڵاتخوازی لە وڵاتە سەرەکییەکانی وەک بەرازیل و هیندستان بە چەشنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەم و سەروەختی دۆناڵد ترەمپدا کاردانەوە بوو لە بەرامبەر ئەم نائومێدییانەدا لە ڕێی پیشاندانی ئەوەی کە بوونی کەسێکی بەهێز دەتوانێت بە چەشنێکی کارا سیاسەت و کارەکان لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئاساییدا بەڕێوە ببات**

**ڕایەڵ و پەیوەندیی نێوان باکووری ئەتڵەسی و جیهانی ئیسلامی کەمتر و لاوازترە بە بەراورد بە چەند ساڵێکی کەم پێش ئێستا**

**جیهانگەرایی ئابووری بە ڕەوتێکی خێرا بەردەوامە. لە ئێستادا هێز و دەسەڵات لە دەستی کەسانێکی کەمدا چڕبوونەتەوە بە چەشنێک کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، نایەکسانی لە سەروەت و ساماندا لە هەڵکشاندایە**



ئەنوەر مەسیفی

بەرپرسی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا بۆ گوڵان:

# ئەندامانی لقی شەشی ئەوروپا پێکهاتەی گەورەی ڕەوەندی کوردستانین و ڕۆڵێکی گەورەیان لە خزمەتکردنی دۆزی کوردستاندا هەیە

**ئەوروپا بۆ کورد هاوکار و پاڵپشت و پارێزەری دەستکەوتەکانە، ئەوان بە ڕێز و ستایشەوە دەڕواننە ئەزموونی قەوارەی هەرێمی کوردستان و، ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بەرز دەنرخێنن بۆ پاراستنی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانیەوە کار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد و کوردستان دەکات. گۆڤاری گوڵان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئەنوەر مەسیفی بەرپرسی لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا چەند پرسیارێکی سەبارەت بە ڕەوەندی کورد و تێڕوانینی ئەوروپاییەکان لە ئەزموونی کوردستان کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە ڕێکخستنەکانی لە ئەوروپا دەست پێ کردووە، ئایا بەنیازن هەیکەلی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا چۆن ڕێك بخەنەوە؟**

- پێداچوونەوە و دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ڕێکخستنەکانمان لە ئەوروپا، لە چوارچێوەی نوێبوونەوە و ئەو گۆڕانکارییانەدا دێت، کە لە واقیعی کیشوەری ئەوروپا و سیاسەت لە دنیای پێشکەوتوودا دروست بووە، بەتایبەتی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان و شۆڕشەکان و، لە تاراوگە بە ڕۆحییەتی کوردایەتییەوە هەڵگری ڕێبازی بارزانی بوون و، ئێش و ئازاری گەلەکەیان گەیاندووەتە گەلانی ئازادیخواز لە ئەوروپا، ئەندام و لایەنگرانی پارتی بە شێوازی دیموکراتی بەرگرییان لە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان کردووە و، هەڵساون بە کۆکردنەوەی پاڵپشتی و پشتگیری بۆ گەلی کورد، لە ئێستادا ژمارەی ڕەوەندی کورد و ڕێکخستنەکانمان لە ئەوروپا زۆر زیادی کردووە و، نەوەی دووەممان لە کۆچبەرانی دووەم پێگەیشتوون، پارتییەکانی ئەم کیشوەرە پێکهاتەی گەورەی ڕەوەندی کوردستانین و ڕۆڵێکی گەورەیان لە خزمەتکردنی کوردستانیان و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هەیە، لەم ڕوانگەیەوە بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی گۆڕانکارییەکان هەنگاوێکی گرنگ بوون بۆ ئەوەی پارتی بە قورسایی و کاریگەریی زیاترەوە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی بکات، ئەم گۆڕانکارییە لە کۆنفرانسی ساڵی ڕابردوودا لە ئەڵمانیا کە شاندێکی مەکتەبی ڕێکخستنی مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتیی ڕێبوار یەڵدا بەشدار بوو، لە ڕێگەی دەنگدانەوە ئەندامان نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان کرد و، دواتر پێداچوونەوە بە ڕێکخستنەکان لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا کراوە، تاوەکو بتوانین چالاکتر بین و بە توانایەکی نوێوە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بکەین.

*** ڕەوەندی کوردستانی واتا هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، ئایا تا چەند توانیوتانە ببنە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی ڕەوەندی کوردستانی لە دەوری خۆتان؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی دایکە و هزری بارزانی داهێنەری کوردایەتییە، بڕوای تەواوی بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەیە، مەلا مستەفا بارزانی بەرگریکاری مافەکانی سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بووە و، شۆڕشی ئەیلوول گەورەترین بەڵگەیە بۆ کۆکردنەوەی هەموو نەتەوە و ئایینزاکان، بۆ ئەمڕۆش ئەو هزرە دابەزیوەتە ناو ناخی هەموو کورد و کوردستانییەکی ڕەسەن و سەرۆك مسعود بارزانی درێژەپێدەریەتی، لەم سۆنگەیەشەوە لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەوروپا خۆی بە داکۆکیکار و خزمەتکاری ڕەوەندی کورد و کوردستان دەزانێت و، بە بێ جیاوازی و بە یەك جۆر مامەڵە لەگەڵ ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان دەکات لە ناو ڕەوەندی کوردستاندا، ئامۆژگاریی سەرۆك بارزانی بۆ من ئەوە بوو بە هەموو هێز و توانامەوە کار بۆ خزمەتکردنی کوردستان بکەم، نەك تەنیا بۆ پارتی، لێرە کار

**به سەرپەرشتیی سەرۆک بارزانی گۆڕانکارییەکان هەنگاوێکی گرنگ بوون بۆ ئەوەی پارتی بە قورسایی و کاریگەریی زیاترەوە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەی بکات**

**ئامۆژگاریی سەرۆک بارزانی بۆ من ئەوە بوو بە هەموو هێز و توانامەوە کار بۆ خزمەتکردنی کوردستان بکەم، نەک تەنیا بۆ پارتی**

**هانی لاو و گەنجەکانمان دەدەین بۆ ئەوەی بچنە ناو پرۆسەی سیاسی لە ئەوروپا و، ببنە باڵیۆز و داکۆکیکاری بەهێز بۆ دۆزە ڕەواکانی کوردستان**

**واقیعی پێکەوەژیان و حوکمڕانیی باش و دیموکراسی و ئەو سەقامگیرییەی لە کوردستاندا هەیە و، لەئامێزگرتنی ئاوارەکان ئەرکی ئێمەیە بیگەیەنینە ناوەندەکانی ئەوروپا**

**هەرێمی کوردستان بە سیمبولی ئازادی و دیموکراسی لەلایەن سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپا ناوزەد دەکرێت**

**پاپای ڤاتیکان ستایشی سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستانی کرد بەوەی دەرگایان واڵا کرد لە بەردەم لێقەوماوەکاندا، ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگەی کرد کە بە درێژایی ١٨٠٠ کیلۆمەتر ڕووبەڕووی داعش بووەوە**

**گەنجەکانمان شارەزایی تەواویان نییە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەر مافی پەنابەرێتیدا هاتووە، ئەوروپاییەکان بڕوای تەواویان بەوە هەیە کە هەرێمی کوردستان سەقامگیرە و ئازادیی تاکەکانی تێدا پارێزراوە**

بۆ لێکنزیکبوونەوە و کۆدەنگی و یەکهەڵوێستیی کوردستانییان دەکەین، تا هەمووان لە ژێر چەتری کوردستاندا کۆبکەینەوە و پێکەوە کار بۆ پاراستنی ئەزموون و دەستکەوتە مەزنەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین. کارێکی دیکەمان بەهێزکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانتاران و دامەزراوە هزرییەکانی ئەو کیشوەرە، لەو ماوە کورتەی دەستبەکاربوونمدا دیدار و کۆبوونەوەی باشمان لەگەڵ ئەوروپییەکان دەست پێ کردووە و، هانی لاو و گەنجەکانمان دەدەین بۆ ئەوەی بچنە ناو پرۆسەی سیاسی لە ئەوروپا و، ببنە باڵیۆز و داکۆکیکاری بەهێز بۆ دۆزە ڕەواکانی کوردستان.

*** دەوڵەتانی ئەوروپا زۆر بایەخ بە حوکمڕانیی باش دەدەن، ئایا تا چەند توانراوە ڕووی ئەزموونی حوکمڕانیی پارتی لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگەیەننە ئەوروپا و جێگای بایەخی ئەوان بێت؟**

- لۆبیکردن بەشێکی سەرەکیی کارەکانمانە، بەرگریکردنیش لە سیستمی حوکمڕانیی کوردستان بەشێکی سەرەکیی ئەو لۆبیکردنەیە، واقیعی پێکەوەژیان و حوکمڕانیی باش و دیموکراسی و ئەو سەقامگیرییەی لە کوردستاندا هەیە و، لەئامێزگرتنی ئاوارەکان ئەرکی ئێمەیە بیگەیەنینە ناوەندەکانی ئەوروپا، هاوکات پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام دەکەین، کە لەو کیشوەرە بڵاودەبێتەوە، هەرێمی کوردستان بە سیمبولی ئازادی و دیموکراسی لەلایەن سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسانی ئەوروپا ناوزەد دەکرێت و، پێشمەرگە قارەمانی بوێری شەڕی تیرۆریستان و داعشە، چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە سەیر دەکرێت و زۆر بە گرنگییەوە دەڕواننە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لە سایەی مەرجەعی کورد (مسعود بارزانی) شاری هەولێری پایتەختی کوردستان بووەتە پایتەختێکی گرنگی ئەوروپاییەکان و بە چاوی ڕێز و ستایشەوە دەڕواننە ڕۆڵی ئەو سەرکردە گەورەیەی کورد و کوردستان.

*** تا چەند ئەوروپاییەکان ڕێز لەم سیما جوانەی پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری دەگرن، بەتایبەتی کە پاپای ڤاتیکان سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد بۆ پاراستنی ئەم فرەییە؟**

- زۆربەی ئەوروپییەکان پێمان دەڵێن: «چۆن لە ناو ئەو شەڕ و نائارامی و پشێوییەی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانیوتانە پارێزگاری لەم دەستکەوتانەی پێکەوەژیان و ئارامی و دیموکراتی بکەن»، پێشوازیکردنی هەرێمی کوردستان لە یەك ملیۆن و ٧٠٠ هەزار ئاوارە و پەناهەندە لە سەردەمێکدا کە هەرێمی کوردستان بەهۆی بڕینی بودجەوە بە دۆخێکی خراپی ئابووری و داراییدا تێپەڕ دەبوو، جێگای شانازی و ستایشە، پاپای ڤاتیکان ستایشی سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستانی کرد بەوەی دەرگایان واڵا کرد لە بەردەم لێقەوماوەکاندا، ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگەی کرد کە بە درێژایی ١٨٠٠ کیلۆمەتر ڕووبەڕووی داعش بووەوە، ئەرکی ئێمەیە ئەوروپییەکان زیاتر بە سیما و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان ئاشنا بکەین، بەوەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی کولتوور و مێژووی ئێمەیە، هەرچی ئاوارە و پەناهەندە هەیە، پەنایان بۆ ئێمە بردووە و داوا دەکەن بە زۆرەملێ نەگەڕێندرێنەوە.

*** خواستی گەنجانی کوردستان بۆ ئەوروپا زۆرە، بە ڕادەیەك پەنا بۆ چەندین کەیسی دروستکراو دەبەن، بۆ ئەوەی مافی پەنابەری وەربگرن، زۆر جار ئەم کەیسە دروستکراوانە ڕەت دەکرێنەوە و بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێنەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئێوە لەگەڵ ئەم کەیسانە چۆن مامەڵە دەکەن؟**

- ئەوروپاییەکان شارەزایی تەواویان لەسەر دۆخی کوردستان هەیە، بۆیە کاتێك پەنابەری کورد ڕوو لە ئەوروپا دەکات، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە دەبێتەوە و مافی پەنابەرێتیی ڕەت دەکرێتەوە و، وڵاتە ئەوروپاییەکان وەکو کۆچبەری نایاسایی سەیریان دەکات، بەداخەوە ژمارەی زیندانییە کوردەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە، گەنجەکانمان شارەزایی تەواویان نییە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەر مافی پەنابەرێتیدا هاتووە، ئەوروپاییەکان بڕوای تەواویان بەوە هەیە کە هەرێمی کوردستان سەقامگیرە و ئازادیی تاکەکانی تێدا پارێزراوە.

ئامۆژگاریی ئێمە بۆ گەنجەکان ئەوەیە کە ئەوروپا بەهەشتی پەنابەران نییە و مافی پەنابەرێتی ئاستەم بووە، پێویستە توانا و بەهرەی خۆیان لە کوردستان پەرە پێ بدەن، ئەگەر هاتیشن دەبێت ئەوان بنەماکانی پەناپەرێتی جێبەجێ بکەن لە فێربوونی زمان و پابەندبوون بە یاساکان، تاوەکو

پێداچوونە بۆ داواکارییەکانیان، هاوکات خۆشیان لە کاری نەشیاو بەدوور بگرن و، زیان بە خۆیان و ناوبانگی کورد نەگەیەنن.

*** کەیسە زیندووەکانی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب و تەرحیلکردنی کورد وەك کاری نامرۆڤایەتی ناسێندراوە، ئایا دەکرێت ئەم کارەسات و کاری دوژمنکارییانە بە جینۆساید بناسرێت و کاری لەسەر بکرێت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بینە پاڵپشتی کورد؟**

- ڕۆڵی ڕەوەندی کوردستانی و ڕێکخستنەکانی پارتی کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر شارەزایی ئەوروپییەکان لە هەمبەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کورد و کوردستان کراون، ئەوان لە سەدەی ڕابردوو بەرامبەر ڕژێمی بەعس و سەدام بێدەنگییان هەڵبژارد، ڕەوەندی کورد و ڕێکخستنەکانی پارتیمان بوون لە ئەوروپا کە لە ڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتن و بەکارهێنانی شێوازی مەدەنییانەوە، وایان کرد تاوانەکانی دژی کورد وا بە ئاسانی تێپەڕ نەبێت، لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵمان هەبوو لە دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و، پاراستنی گەلی کورد خرایە ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆکاری بەهێزیی دیپلۆماسییەتی سەرۆك بارزانی-یە کە ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی کورد گەشەی کردووە، ئەمڕۆ ڕێکخستنەکانی پارتیمان لە ئەوروپا بەردەوام کار بۆ بە جینۆساندنی تاوانەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و تیرۆریستانی داعش دەکەن، ئێمە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان، بەردەوام تاوانەکانی پێشوویان بەبیر دەهێنینەوە، لە ئێستادا کاری زۆر کراوە بۆ ئەوەی کۆمەڵکوژیی کوردی ئێزدی بە دونیا بناسرێت و، تاوانباران لە دادگا نێودەوڵەتییەکان بە سزای خۆیان بگەن و، تا گرووپ و لایەنی دیکەی شۆڤێنی و مەزهەبی بیر لە دووبارەکردنەوەی تاوانەکانی داعش نەکەنەوە.

*** بەو پێیەی بەردەوام پەیوەندیتان لەگەڵ دۆستانمان لە ئەوروپا هەیە، ئایا ڕاسپاردەیان بۆ پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- دۆستەکانمان لە ئەوروپا ڕۆڵی کاریگەر و گەورەیان بینیوە لە پاراستنی کوردستان و دروستبوونی قەوارەی سیاسیی هەرێم، لە ساڵی ١٩٩١ لەسەر پێشنیاری (فرانسوا میترانی سەرۆکی فەرەنسا و جۆن مەیجەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا) بوو نەتەوە یەکگرتووەکانی بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد بۆ پاراستنی کوردستان لە هێرشەکانی سەدام و، تا ئەمڕۆش ئەو بڕیارە بەردەوامیی هەیە، ئەوروپاییەکان بەردەوام لە ڕێگەی پەیوەندییە باشەکانیانەوە لەگەڵ سەرۆك بارزانی هاوکار و پاڵپشتن بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی بەهێز لە ناوچەیەکی نائارام و ناسەقامگیردا، ڕاهێنان و پاڵپشتییان بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان نموونەیەکی بەرچاوی هاوکاریی حکومەتەکان و گەلانی ئەوروپایە. دۆستانمان لە ئەوروپا بە گرنگییەوە دەڕواننە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکان و بەهێزی و یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاراستنی دیموکراسی، ئەوان

**بەهێزیی کوردستان و پاراستنی ئازادییەکان و دیموکراسی وا دەکات حکومەتی عێراق پێشێلی دەستوور و یاساکان نەکات و ڕێز لە مافەکانی گەلی کوردستان بگرێت**



بەردەوام پێمان دەڵێن دەبێت یەك هێزی مۆدێرنی پێشکەوتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست ببێت تاوەکو بەرگری لە دەستکەوتەکانی ئازادی و دیموکراسی بکەن، بەهێزیی کوردستان و پاراستنی ئازادییەکان و دیموکراسی وا دەکات حکومەتی عێراق پێشێلی دەستوور و یاساکان نەکات و ڕێز لە مافەکانی گەلی کوردستان بگرێت، پێویستە کورد یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی خۆی بپارێزێت تاوەکو هێزە نەیارەکانی هیچیان لە دژی پێ نەکرێت، بەگشتی ئەوروپاییەکان کوردستان بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن و متمانەی تەواویان بە سەرۆك بارزانی هەیە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سیمبولی دژایەتیکردنی تیرۆریست و کەسانی توندوتیژ دەزانن.

**ئەوروپاییەکان کوردستان بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن و متمانەی تەواویان بە سەرۆک بارزانی هەیە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سیمبولی دژایەتیکردنی تیرۆریست و کەسانی توندوتیژ دەزانن**



خانمی یەکەمی ئێزدییان مەیان خەیری بەگ بۆ گوڵان:

# ژنانی ئێزیدی دوای ڕزگارکردنیان توانییان دەنگی کچی ئێزدییان بە کۆمەڵگەی جیهانی بگەیێنن

لە سێی ئابی ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و بەو هۆیەوە زیاتر لە ٣٦٠ هەزار ئێزدی ئاوارە بوون، هاوکات ٦٧ مەزاری ئێزدییان تەقێندرانەوە، زیاتر لە سێ هەزار کچ و ژن و منداڵ ڕفێندران، لە ئەنجامی برسیەتی و تینوویەتی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە پیر و ئافرەت و منداڵ گیانیان لەدەست دا. تاوانی گەورە و دڕندانەی تیرۆریستانی داعش و کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان و چەند پرسی پەیوەندیدار، ناوەڕۆکی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵانە لەگەڵ خانمی یەکەمی ئێزدییان مەیان خەیری بەگ هاوسەری حازم تەحسین بەگ میری ئێزیدییان، کە بەمجۆرە باسیان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەگەرچی لە ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی 2015 هێزەکانی پێشمەرگە، بە سەرپەرشتیی ڕاستەخۆی سەرۆك مسعود بارزانی و پاڵپشتیی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانێتی ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال دەستپێکرد و لە شەو و ڕۆژێکدا، شنگال کۆنترۆڵ کرایەوە و، دواتر سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر چیای شنگال لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا، ئازادکردنی شنگالی ڕاگەیاند. هەروەها لە ٩ی ئەیلوولی ٢٠٢٠، گوتەبێژی حکومەتی عێراق، ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە بارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و گەڕاندنەوەی سەقامگیریی بۆ شارەکە ڕاگەیاند. بەڵام هێشتا ئێزدییەکان لە دۆخێکی نالەباردا دەژین و زۆربەیان نەیانتوانیوە بە زێدی خۆیان شاد ببنەوە.

خانمی یەکەمی ئێزدییان مەیان خەیری بەگ، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «پێمان وابوو ژیانی ئاوارەیی لە نێو کەمپەکان بە مانگ و کەمتر لە ساڵێك تەواو دەبێت، بەڵام ئەمە چەند ساڵە لە بەر گەرما و سەرمای هاوین و زستان بە خراپترین دۆخدا لە کەمپەکاندا دەژین. ئێستا ٧٠٪ی ئێزدییەکان لە کەمپەکاندان، جگە لە ئەوانەی بە دەریا و زەریاکاندا دەڕۆن بۆ ئەوەی لەم دۆخە خراپە ڕزگار بن، ئەو ئافرەتانەی کە لە دۆزەخی داعش ڕزگارکراون، ئێستا لە دۆزەخی کەمپەکاندان، ئەوان بە منداڵەکانیانەوە لە هەزار ڕزگارکراو زیاترن».

مەیان خەیری بەگ لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوە کرد: «بە پێی ئاماری نووسینگەی ڕفێندراوانی ئیزدی کە متمانەپێکراوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئیزدییەکان لە عێراق ٥٥٠ هەزار کەسن، ٣٦٠ هەزار کەسیان ئاوارە بوون و ١٥٠ هەزار کەس گەڕاونەتەوە شنگال و ١٢٩٣ کەس شەهید بوون. یەتیمەکان ٢٧٤٥ کەسن و جگە لە گۆڕی بە تاك، گۆڕەبەکۆمەڵەکان ٨٢ گۆڕن، ٦٨ مەزارگەش لە ناوبراون لە لایەن داعشەوە و نزیکەی١٠٠ هەزار کەس کۆچی دەرەوەی وڵاتیان کردووە. هەر لە درێژەی خستنەڕووی ئامارەکاندا گوتی: «٦٤١٧ ئێزدی ڕفێندرابوون، لەوانە٣٥٤٨ لە ڕەگەزی مێ و ٢٨٦٩ لە ڕەگەزی نێر، ٣٥٥٢ کەسیان ڕزگار کراون کە ١٢٠٧ ئافرەت و٣٣٩ پیاون، هەروەها (١٠٥٠منداڵی مێ و٩٥٦ منداڵی نێر) ڕزگار کراون. ئەوانەی لە لایەن داعشەوە کوژراون و لاشەکانیان دۆزراوەتەوە، ١٤٦ کەس بوون، ئەوانەی تا ئیستا ڕفێندراون و بێسەروشوێنن ٢٧١٩ کەسن کە ١٢٧٤ کەسیان لە ڕەگەزی مێ و ١٤٤٥یان لە ڕەگەزی نێرن.»

مەیان خەیری بەگ نیگەرانیی خۆی لە ئاست خەمساردیی حکومەتی عێراق دەرحەق بە ئێزدییەکان دەربڕی و گوتی: «جێگای داخە لەلایەن هەموو دەسەڵاتدارانی عێراقەوە کەمتەرخەمییەکی زۆر گەورە بەرامبەر ئێزدییان بە گشتی و ژنانی ئێزدی بە تایبەتی کراوە، چونکە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کۆتایی هات، بەڵام هیچ هەوڵێك لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ ئێزدییان نەدراوە، کە تا ئێستا چەندین کچ و ژنی ئێزدی ماون و دەستی ڕزگارکردنیان پێ نەگەیشتووە، هەروەها ڕفێنراوەکانیش دەستبەسەرن، بە تایبەت لەو ناوچانەی کە داعش تێیدا دەسەڵاتدارن».

سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهاناچوونی ئێزدییەکانەوە گوتی: «هەر لە سەرەتای کارەساتەکەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەوڵێکی چڕ و پڕ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دراوە بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکانمان کە مایەی سوپاسگوزاری ئێمەی ئێزدییە لە پای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلا و خزمەتەی کە پێشکەشی کردووین، حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسینگەیەکی تایبەتمەند کردووە بۆ ئەو مەبەستە و بودجەی تایبەتی بۆ دابین کردووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، داواکارین هەوڵەکان بەردەوام بن، تاوەکو ڕزگارکردنی دوا ڕفێندراوی ئێزدی، پێویستە چاودێرییەکی تایبەتی دەروونی بۆ خانمانی ڕزگاربووی دەستی داعش هەبێت، ئەوان بە بارودۆخێکی سەختی دەروونی تێپەڕ دەبن، چونکە زۆربەیان کە گەڕانەوە، خێزان و ماڵ و حاڵیان نەمابوو، کەسوکار و هاوسەریان، یان بێسەروشوێنن، یانیش کوژراون، بەداخەوە ئەمڕۆ بە کەمپنشین دەناسرێینەوە. تەنانەت خەمساردی لە هەموو ڕێکخراوە مرۆیی و ژنپارێزییەکان بەدی دەکەین، ئەوان لە بەرامبەر دەستدرێژی بۆ سەر یەك ئافرەت دەوەستنەوە، بەڵام لە بەرامبەر دەستدرێژیکردنە سەر زیاتر لە ٣٠٠٠ ئافرەتی ئێزدی بێباکن، لە بەرامبەر فرۆشتن و بازرگانی پێکردنیان لە بازاڕەکانی جیهان بێدەنگ و بێ هەڵوێستن».

مەیان خەیری بەگ دواکارییەکانی ئێزدییەکانی بەمجۆرە خستەڕوو و گوتی: «ئێمە داوا دەکەین بە زووترین کات ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا دەربارەی شنگال بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوارەکراو بگەڕێتەوە بۆ سەر ماڵ و زێدی خۆی، هەروەها بە هەزاران داعشی دەستگیرکراو لە عێراق و هەرێم هەن، داواکارین دادگایی بکرێن و بە توندترین شێوە سزا بدرین لە دژی ئەو هەموو هزرە تاریك و تۆندڕەوییەیان کە دەبنە هۆی کوشتن و ڕفاندن و بە سەبایاکردنی ئافرەتان».

خانمی یەکەمی ئێزیدییان لە کۆتایی وتەکانیدا گوتی: «ژنانی ئێزدی لە مێژوودا هەمیشە توانیویانە بەرخۆدانی بکەن، جگە لەوەش ژنانی ئێزدی بەوە ناسراون، کە زۆر ئازان و هیچ کاتێك خۆیان ڕادەست نەکردوون، بینیشمان ژنانی ئێزدی دوای ڕزگارکردنیان لە هەموو مینبەرەکانی دونیا توانییان دەنگی کپی ئێزدییان بە زولالی لە سەر مینبەرەکانی جیهان بە کۆمەڵگەی جیهانی بگەیێنن، ژنانی ئێزیدی بەوە ناسراون، سەرکردەن و توانای بەرگری و بەرخۆدانیان هەیە، خۆڕادەستکرن لە فەرهەنگیاندا نییە، ئەوان شایەنی ژیانێکی باشترن».

**پێمان وابوو ژیانی ئاوارەیی لە نێو کەمپەکان بە مانگ و کەمتر لە ساڵێک تەواو دەبێت، بەڵام ئەمە چەند ساڵە لە بەر گەرما و سەرمای هاوین و زستان بە خراپترین دۆخدا لە کەمپەکاندا دەژین**

**ئێستا ٧٠٪ی ئێزدییەکان لە کەمپەکاندان، جگە لە ئەوانەی بە دەریا و زەریاکاندا دەڕۆن بۆ ئەوەی لەم دۆخە خراپە ڕزگار بن،**

**ئەو ئافرەتانەی کە لە دۆزەخی داعش ڕزگارکراون، ئێستا لە دۆزەخی کەمپەکاندان، ئەوان بە منداڵەکانیانەوە لە هەزار ڕزگارکراو زیاترن**

**دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کۆتایی هات، بەڵام هیچ هەوڵێک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ ئێزدییان نەدراوە، کە تا ئێستا چەندین کچ و ژنی ئێزدی ماون و دەستی ڕزگارکردنیان پێ نەگەیشتووە**



# داوا دەکرێت میدیاکانی کوردستان لە ڕوومالّکردنی تاوانەکانی کوشتندا بەرپرسانە مامەڵە بکەن





**کۆمەڵناس و دەروونناس و شارەزایانی بواری میدیا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە گواستنەوەی وێنەی قوربانی و هێنانە بەردەم کامێرای کەسوکاری قوربانییەکە پێچەوانەی هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتین و، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە دەکرێ بە مەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و گەیشتن بە ڕاستیی ڕووداوەکان، میدیاکان لە دەزگا پەیوەندیدارەکانی وەکو پۆلیس و نەخۆشخانە زانیاریی ڕووداوەکان وەربگرن و بۆ هاووڵاتی بگوازنەوە، لە وڵاتانی پێشکەوتووش لە پێناو پاراستنی شیرازەی خێزانی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی باری دەروونیی خەڵك، وردەکارییەکان بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان بەجێ دەهێڵدرێن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسە گرنگە تاوتوێ دەکەن.**

## گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا هونەرمەند و کەسایەتیی ناسراوی کورد حەمەڕەشید هەرەس باسی ئەوە دەکات کە: «ئەگەر چاوێکی ورد بە میدیاکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیادا بگێڕین، بۆ نموونە لە کەناڵی تیڤییەکان، یان لە سایت و ڕۆژنامەکاندا، دەبینین هەر وڵاتە و هەر شارەی، ڕۆژانە دیاردەی کوشتن و، تاوانی جۆراوجۆر تیایاندا ڕوو دەدەن، جا ئەم دیاردەیە، پەیوەندییەکی زۆر کەمی بە پێشکەوتنی پەروردە و ژیانی ئاسوودەی خەڵکی ئەو وڵاتانەوە هەیە، بۆ نموونە کەنەدا و وڵاتە ئەسکەندینافیەکان، ئەم وڵاتانە سیستەمی پەروەدە تیایاندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، دەبوو بە دەگمەن تاوان تیایاندا ڕوو بدات، کەچی ڕۆژنامەکانی شارەکانی ئەم وڵاتانە، پڕن لە تاوانی سەیر سەیر، کە هەستی هەموو کەسێك و لە هەموو ئاستێکدا شۆك دەکات، کەچی میدیاکان زۆر لێهاتووانە و کارامانە ڕۆماڵی کارەساتەکە دەکەن و کارێك ناکەن بینەر و خوێنەری ئەو هەواڵانە کاریگەرییەکی وایان لەسەر بێت، کە هۆشیان داگیر بکات و، نەفامەکانی ئەو کۆمەڵگەیەش بیر لە چاولێکەری و ئەنجامدانی تاوانی لەو بابەتە بکەن». هاوکات دەڵێت: «کاری میدیایی پیشەیەکی زۆر هەستیارە و لە داڕشتنی هەر هەواڵێکدا پێویستی بە شارەزایی تەواو هەیە، پێویستی بە زانستی میدیایی هەیە، هەواڵنێر دەبێت بزانێت چ جۆرە هەنگاوێك هەڵبگریت، کە ببێتە پەند و وانە بۆ هەموو کەسێکی دەروون نەخۆش کە کاری لەو ئاستەی لێ نەوەشێتەوە. لێرە لە کوردستان وەك لەبەر چاوە، کارامەیی لە گەیاندنی ئەم هەواڵە جەرگبڕانەدا بەزرە، میدیا و کەناڵەکان زیاتر وەك چۆن ڕاوچی هەر گیانلەبەرێکی دەست بکەوێت، ئیتر ئەو بە نێچیری دەزانێت.

ئەمانیش خواخوایانە هەر هەواڵێکیان دەست بکەوێت بە پێی ئارەزووی خۆیان و کەناڵەکەیان، یان خۆی و سایتەکەی بڵاوی بکاتەوە و، ڕەچاوی هیچ شێوازێکی میدیایی نەکات و بە ئارەزووی خۆیشی ترش و خوێی پێوە بکات، گرنگ لە لایان زۆرکردنی بینەر و خوێنەریانە، دێن زیادەڕۆیی و لە وردکردنەوەی کارەساتەکاندا دەکەن، خوێنەر و بینەر دەخەنە ناو ژیانێکی بێهوودەییەوە، دونیامان لێ دەکەن بە چەرمی چۆلەکە و، حاڵ و گوزەرانی خەڵکی بەرتەسك دەکەنەوە، زۆر جاریش تاوانەکە دەخەنە پاڵ دەسەڵاتەوە، کە وەك وتمان، لەو وڵاتانەی پەروەدەش لە ئاستێکی بەرزدایە، کەچی هەمان کارەساتی تیادا دووبارە و دەبارە دەبێتەوە، بەڵام دەسەڵاتی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش لە بارەی ئەم تاوانانەوە دەستەوسانن، ئەوندە دەزانیت لە پڕ کارەساتی بە کۆمەڵ کوشتن ڕوو دەدات، بکەرەکەش زۆر جار کەسانی بێگانە بە وڵاتەکە نین، بەڵکو خەڵکی ڕەسەنی کۆمەڵگەکەن و، دێت بە سەریانا قێزەونترین تاوان ئەنجام دەدەن


**کاری میدیایی پیشەیەکی زۆر هەستیارە و لە داڕشتنی هەر هەواڵێکدا پێویستی بە شارەزایی تەواو هەیە، پێویستی بە زانستی میدیایی هەیە**

**هەواڵنێر دەبێت بزانێت چ جۆرە هەنگاوێک هەڵبگریت، کە ببێتە پەند و وانە بۆ هەموو کەسێکی دەروون نەخۆش کە کاری لەو ئاستەی لێ نەوەشێتەوە**

و، نموونەی زۆریش لە وڵاتانی ئەسکەندینافی و، کەندا و ئەمریکا هەن.

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو وڵاتانە وەك لای خۆمان بەو شێوە ترسناکە، ئەم دیاردەیە بەرجەستە ناکەن و، هەر لە توێی هەواڵەکانیاندا، پەند و وانە و عیبرەتی تیا پیادە دەکرێت. جا بە هیوای میدیایەکی کوردیی پرۆفێشناڵ، وابەستە بە شێواز و ڕێگای شیاو لە ڕوومالکردنی ئەم هەواڵە جەرگبڕانەدا».

بێریڤان حەمید قادر بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئەنجومەنی دەوروبەری سلێمانی (ی.ئا.ك)، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وەك دەزانین لەم دواییانەدا لێرە و لەوێ ئافرەتان دوچاری لێدان و جۆرەهای توندوتیژی دبنەوە و زۆر جاریش بەداخەوە دەکوژرێن، بەڵام لە ئێستادا قوربانیی دیاردەی توندوتیژی تەنیا ئافرەتان نین، ڕۆژانە چەندین هەواڵی کوشتنی هەردوو ڕەگەز دەبیستین، کە بە شێوەیەکی قێزەون و بێ سانسۆر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە، ئەمە دیاردەیەکی زۆر ناتەندروستە و پێویستە سنوورێك بۆ ئەو هەواڵانە دابنێن کە باسی کوشتنی تیادا دەکرێت».



بێریڤان حەمید ڕای وایە: «هەمیشە ئافرەت قوربانیی بیرکردنەوەیەکی خێڵەکیی کۆنە کە وێنای خاوەندارێتی و پەیوەستبوون بە ماڵ و فرمانەکانی مێردەکەی نیشان دەدات. پێویستە ئافرەت لەو بەرگە دەربهێنین و وێنا جوان و حەقیقیەکەی نیشان بدەین بەوەی کە ئافرەتیش مرۆڤە، یەکسانی پیاوە لە ئەرك و مافدا، بیرکردنەوە و ڕای خۆی هەیە و ئافرێنەرە». گوتیشی: «ڕاگەیاندن لە ئێستادا خێراترین ڕێگەیە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر تاك بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتنی ئافرەتان و سەلماندنی ژێردەستبوون و کۆتوبەندکردنی دووبارە و چەند بارەی ئافرەت. بۆیە پێویستە میدیاکان سەرجەم هەواڵ و بەرنامە و فیلمەکانیان بەپێی ئەجەندایەکی یەکسانی جێندەری دابڕێژنەوە و سنوورێك بۆسەرجەم ئەو بڵاوکراوە و بابەتانە دابنێن، کە لە خزمەتی ئافرەتاندا نین و، بەڵکو وێنای ناشیرین دەکەن و لە پێگەی کەم دەکەنەوە، ئەمەش بە دانانی ستافێکی شارەزا و بەرپرسیار دەکرێت لە سەرجەم کەناڵ و پەیجە فەرمییەکاندا و دانانی ئەجەندایەکی جێندەری بۆ سەرجەم پلان و پرۆگرامی تیڤی و سۆشیال میدیاکان دەبێت.»

نووسەر و ڕۆژنامەنووس لوقمان بەرزنجی، ئەزموونی چەندین ساڵەی خۆی لەو بوارەدا دەخاتەڕوو و دەڵێت: «ئەوەی من بزانم لە ماوەی نزیکەی چل ساڵ کارکردنم لە بواری ڕاگەیاندن، تەنیا دەزگا ئەمنییەکان و پۆلیس بۆیان هەبووە و بەرپرس بوون لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تاوانەکان، بەتایبەتی لە مەسەلەی کوشتن و هەڵکوتینە سەر ماڵ و سامانی خەڵك، لە دوای کۆتاهاتنی پەڕاوەکان لە لای دەزگا ئەمنییەکان، پۆلیس داوای لە ڕاگەیاندنەکان کردووە سەردانیان بکەن، کە چەند زانیارییەکی سنورداری زۆر کەمی داوە بە ڕاگەیاندکان لەسەر تاوانەکە. ئەوەی میدیاکانی کوردستان دەیکەن لە بەدواداچوون بۆ تاوانەکان و ئەو زێدەڕۆییە لەگەڵ کەسوکاری کوژراو و لایەنی بکوژ دەیکەن، ئەوە بەدەر لە یاسایە و پێویستە دەزگا ئەمنییەکان ڕێگە نەدەن بەو دەستخستنەناو کارەکانی ئەوان کە ڕێخۆشکەرە بۆ هەڵهاتنی تاوانبار، کە بە پێی یاسا نابێت بە هیچ شێوەیەك و بۆ هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن نییە ببێتە بەشێك لە لێکۆڵەنەوە و بەدواداچوون لە تاوانەکان».

لوقمان بەرزنجی لە کۆتایی وتەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە غیابی نەبوونی یاسایەکی توکمەی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، ڕاگەیاندن بەرەڵاییەکی زۆری پێوە دیارە، بە بەڵگەی ئەوەی ئێستا کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بووەتە دیاردەیەکی زەق بۆ تاوانبار و تاوانلێکراو، بێ ئەوەی هیچ دەزگایەکی ئەمنی ئاگادار بێت، هەڵبەت سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گەورە لەو بێسەروبەرییەی ڕاگەیاندن لە کوردستان دەبینێت».

**زیادەڕۆیی و لە وردکردنەوەی کارەساتەکاندا دەکەن، خوێنەر و بینەر دەخەنە ناو ژیانێکی بێهوودەییەوە، دونیامان لێ دەکەن بە چەرمی چۆلەکە و، حاڵ و گوزەرانی خەڵکی بەرتەسک دەکەنەوە، زۆر جاریش تاوانەکە دەخەنە پاڵ دەسەڵاتەوە**

**لەو وڵاتانەی پەروەدەش لە بارستاییەکی بەرزدایە، کارەسات و تاوانەکانی دووبارە و دەبارە دەبێتەوە، واتە دەسەڵاتی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش لە بارەی ئەم تاوانانەوە دەستەوسانن**

## هاوناز عەبدولکەریم:

# نەخۆشییەکەم کاریگەریی لەسەر ئیرادە و تواناکانم نەبووە

**زۆرن ئەوانەی رووبەڕووی سەختییەکانی ژیان بوونەتەوە، بەڵام هیچ بارودۆخێك نەیتوانیوە تەسلیمی واقیعێکی نەخوازراویان بکات، ئەو ئیرادەیە زۆر جار تەنگوچەڵەمە و بەربەستەکان دەبەزێنێت، نموونەی ئەو کەسانەشمان لە کوردستان زۆرە و هاوناز عەبدولکەریم یەکێکە لەو کەسانە و مامۆستای پەروەردەی تایبەتە، بە حوکمی ئەوەی خاوەنپێداویستی تایبەتە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کارەکەی خۆی هەیە و وەك خۆی باسی دەکات بۆ ئەوەی منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە خوێندن بێبەش نەبن، ئەو بەشەی هەڵبژاردووە. لەم دیمانەیەشدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باس لە چیرۆکی کۆڵنەدانی بۆ خوێنەران دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

هاوناز عەبدولکەریم مامۆستای پەروەردەی تایبەتە و وەك خۆی باسی کرد، لە ١٩٨٨/٤/٦ بە هۆی کیمیابارانی هەڵەبجە، خانەوادەکەی ئاوارە بوون و خۆیشی لە شاری «کرمان»ی ئێران لە دایك بووە، یەکەم منداڵی دایك و باوکی بووە و، هەر لەوبارەیەوە دەڵێت: «دایکم بە هۆی منەوە لە کاتی لە دایکبوونم ژیانی کەوتووەتە مەترسییەوە، منیش بەهۆی کاریگەریی گازی کیمیایی تووشی ئێسکە نەرمە بووم و لە تەمەنی ١٢ ساڵی بڕبڕەکانی پشتم خوار بوون، ئەو نەخۆشییە کاری لەسەر جەستەم کردووە، بێ ئەوەی کار لەسەر تواناکانم بکات».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە وەکو مامۆستایەکی پەروەردەی تایبەت چ شتێك هانی دایت ئەو بەشە هەڵبژێریت؟ گوتی: «کورد وتەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: ((سەد حەکیم بە قەد دەردەدارێك نازانن))، کاتێك قوتابیی خاوەنپێداویستیی تایبەتم دەبینی مامۆستا دەیچەوسێنێتەوە، یان بە هۆی کەمئەندامبوونی واز لە قوتابخانە دێنێت، هەستم بە ئازارەکەی دەکرد، چونکە منیش هەمان موعاناتم هەبوو، لەبەر ئەوە حەزم کرد لە بەشێکی پەیوەست بە بواری مرۆیی بخوێنم، بەڵام لەو کاتەدا بەشی پەروەردەی تایبەت لە زانکۆی سلێمانی نەبوو، لە ساڵی ٢٠١٣ زانکۆی پەروەردە بەشی جوگرافیام تەواو کرد، کاتێك خوێندنی زانکۆم تەواو کرد، بە حوکمی ئەوەی خۆم خاوەنپێداویستی تایبەت بووم، لە موعانات و ئازاری قوتابی خاوەنپێداویستیی تایبەت بە باشی تێدەگەم، حەزم لەوە بوو، وەکو مامۆستای پەروەردەی تایبەت خزمەتی قوتابییانی خاوەنپێداویستیی تایبەت بکەم، دواجار سوپاس بۆ خوا لە زانکۆی سلێمانی ساڵی ٢٠١٦ بەشی پەروەردەی تایبەت کرایەوە و ماوەی چوار ساڵەکەم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و لەسەر ئاستی زانکۆکە پلەی دووەمم بە دەستهێنا، تاوەکو ئەمڕۆش لەم پرۆسەیە دانەبڕاوم و بەردەوامم».

سەبارەت بە ژیانی منداڵیشی هاوناز عەبدولکەریم گوتی: «لە ژیانمدا سەختی و ناخۆشیی زۆرم بینیوە، سوپاسی دایك و باوك و خوشك و براکانم دەکەم کە هەمیشە هاوکار و هاندەرم بوون، سەرەتای ژیانی منداڵیم زۆر قورس بوو، بەڵام دواتر بە پاڵپشتیی خێزانەکەم خۆم لەگەڵ دۆخەکە راهێنا و زۆر باش بووم».

مامۆستا هاوناز سەبارەت بە خەون و خولیاکانی دەڵێت: «ئاواتم ئەوەیە ببم بە مامۆستایەکی سەرکەوتوو و ماستەر لە بوارەکەی خۆم بخوێنم، بە هیوام تا کۆتایی تەمەنم لە بواری پەروەردەی تایبەت کار بکەم، ئاواتەخوازم چیتر نەبینم منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت پشتگوێ بخرێن و لە مافەکانیان بێبەش بکرێن.





# فەرید ئیلهامی تەنبوور زیندوو دەکاتەوە

موزیکزانی ناوداری کورد «فەرید ئیلهامی» ئاوازدانەر، توێژەر، گۆرانیبێژ و ژەنیاری تەنبوور، لە گەورەترین پڕۆژەی هونەریی خۆیدا دەیەوێت (تەنبوور) کە ئامێرێکی ڕەسەن و کۆنی کوردییە، لە هەرێمی کوردستان زیندوو بکاتەوە.



فەرید ئیلهامی کە ئێستاکە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، لە گەورەترین پرۆژەی هونەریی خۆیدا، بە دامەزراندنی ماڵی تەنبووری «ئەیاز»، بە دیکۆمێنتکردنی مەقامە ڕەسەنەکانی کوردەواری بە تەنبوور، وانە گوتنەوە و فێرکردنی گەنجانی کورد و هەروەها چەندین کاری هونەریی بەنرخی دیکە، دەیەوێت کە ئامێری تەنبوور لە هەرێمی کوردستان زیندوو بکاتەوە و، خەڵکانی کورد زیاتر ئاشنا و شارەزای ئەم ئامێرە ڕەسەنە ببن.

ئیلهامی ماوەی ١٥ ساڵە سەبارەت بە ئامێری تەنبوور توێژینەوە دەکات و دەرئەنجامی ئەم توێژینەوانە ئەلبوومی شانامەی کوردی بە ناونیشانی «مەقامی ئەفسانەکانی ٢» بە دەنگی هەرمانی مامۆستا (شەهرام نازری و، کتێبی هەزارەی تەنبوور) و چەندین بەڵگەفیلمی کوردیی وەك ئینسکلۆپیدیایەکی ئامێری تەنبوورە، کە تا ئەم ساتەوەختە بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بڵاونەبوونەتەوە و هیوادارە کە لە چوارچێوەی پرۆژەکانی ماڵی تەنبووری «ئەیاز»دا لە هەرێمی کوردستان پشتیوانیی لێ بکرێت و بخرێتە بەر دەستی هۆگرانی هونەری موزیك و ڕۆشنبیریی کوردییەوە.


جێی ئاماژە پێدانە کە شانامە خوێندنی کوردی لەو مێلۆدییە ڕەسەن و ونبووە کوردیانەیە کە بە درێژایی سەدان ساڵ تەمەنی هەیە.

«فەرید ئیلهامی» زیاتر لە ١٥ ساڵە وەك ئاوازدانەر و ژەنیاری تەنبوور لە تەنیشت مامۆستا «شەهرام نازری» کۆنسێرتی جۆراوجۆری لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران پێشکەش کردووە و، لەم ماوەیەدا لە بواری تێکەڵاوکردنی شیعر و مۆسیقا، هەروەها شێوازی گۆرانیگوتنی دروست، لە خزمەت بەڕێزیاندا بووە، لە بیست و پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «گەلاوێژ» لە تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی یەکەمین جار بوو کە ئەم موزیکژانە کوردە لە بەرچاوی مامۆستا نازری وەك بینەر و میوانی تایبەت گۆرانی بچڕێت. هەر بەم بۆنەیەوە بە دابوونەریتی کۆنی تەنبوور، پێش دەستپێکی ئەم کۆنسێرتە، چووە خزمەت مامۆستاکەی و بە ماچ کردنی دەستەکانی پاڵەوانی مۆسیقای کوردستان و ئێران، ئیزنی لێ وەرگرت و چووە ڕیزی گۆرانیبێژە کوردەکانی مۆسیقای مەقامی تەنبوورەوە.

«فەرید ئیلهامی» لە دوایین پرۆژەی هونەریی خۆیدا بە ئیزن وەرگرتن لە مامۆستا «شەهرام نازری» گۆرانیبێژی ناوداری کورد، گرووپی موزیکی «ئەفسانەی ڕۆژهەڵات»ی mystical music of East بە تێکەڵاوییەك لە مۆسیقای نەتەوە جۆراوجۆرەکان دامەزراند و چالاکییەکانی خۆی وەکو گۆرانیبێژی کوردی موزیکی مەقامی تەنبوور دەست پێ کرد.

گرووپی موزیکی «ئەفسانەی ڕۆژهەڵات» بە سەرپەرەشتیی «فەرید ئیلهامی» ئاوازدانەر و ژەنیاری تەنبوور، بە هاوڕێیەتی لەگەڵ (محەمەد عەلی محەمەد حەسەنی (دڵنەواز) ژەنیاری بەنجۆ لە بەلووچستان، خاتوو مینا دریس گۆرانیبێژی عەرەبی ئەهوازی، خاتوو زینۆێ حەسەن ڕاوی گۆرانیبێژ لە هەرێمی کوردستان، خاتوو غەزالە شیرازی ژەنیاری چەلۆ و ئەمین حەیدەری ژەنیاری عوود لە ئێران، نەبیل یوسف شەریداوی ژەنیاری عوودی بە ڕەچەڵەك عەرەب، دەرشێن جووت سینك ئانەند ژەنیاری تەبلا لە هیندستان و هەژار زەهاوی ژەنیاری دەف لە هەرێمی کوردستان) لە یۆبیلی زیوینی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «گەلاوێژ» چەندین پارچە موسیقای مەقامی تەنبوور، مۆسیقای سیکەکانی هیندستان، مۆسیقای تەریقەتیی چشتییەی بەلووچستان، مۆسیقای سۆفیی عەرەب و هەروەها شیعرەکانی حەزرەتی مەولانا جەلالەدینیان پێشکەش کرد.

دوایین کۆنسێرتی «فەرید ئیلهامی» وەکو ژەنیاری ئامێری تەنبوور بە هاوڕێیەتی لەگەڵ مامۆستا نازری و «سابیر نەزەرگاهی» ژەنیاری دیوان بۆ بیست و پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی «گەلاوێژ» گەڕایەوە و مەقامی کوردیی ساروخانی لە مەقامەکانی کۆن و فۆلکلۆرییەکانی تەنبوور بە شیعری سەید یەعقووب ماهیدەشتییان پێشکەش کرد.



# کامیرۆن لە رێگەی نیتفلێکسەوە دەگەڕێتەوە

دوای هەشت ساڵ دابڕان و وازهێنانی لە کاری نواندن، خانمە ئەکتەری ئەمریکی (کامیرۆن دیاز) جارێکی دیکە بە فیلمی (Back in Action) شانبەشانی جیی فۆکس و لە بەرهەمهێنانی سەکۆی نیتفلێکسە دەگەڕێتەوە، ئەم سەکۆیەش رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە دووبارە گەڕانەوەی دیاز.

جیمی فۆکس لە سۆشیال میدیا هەواڵەکەی پشت راست کردەوە، دوای ئەوەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی خۆی لەگەڵ دیاز بڵاو کردەوە. کامیرۆن دیاز لە ساڵی ٢٠١٤ لە کاری نواندن دوور کەوتبووە، دوایین فیلمیشی بە ناوی (ئانی) بوو و لەو ماوەیەوە بە کاری دیکەوە سەرقاڵ بووە، وەك نووسینی کتێب و مارکێتینگ بۆ براندەکەی خۆی «Avaline»..

ساڵی ٢٠١٨ کامیرۆن بە فەرمی وازهێنانی خۆی لە کاری نواندن راگەیاند و ئەو کات لە دیمانەیەکدا رایگەیاند: کاتێك کارێکی ئاست بەرز ئەنجام دەدەیت بۆ ماوەیەکی زۆر، کاتێك ئەو کەسە بیت کە ئەدایەکی باشت هەبێت، پێویستە دەرفەت بە کەسانی دیکە بدەیت بۆ ئەوەی ئەوانیش دەرفەت بە خۆیان بدەن.

دوای وازهێنانیشی رایگەیاند: «من قوربانیی گشت کارە پێچەوانە کۆمەڵایەتییەکان بووم، کە ڕووبەڕووی ئافرەت دەبنەوە، ئەستەمە سەیری خۆی نەکەیت و لەسەر بنەمای پێوەری جوانییەکانی دیکە حوکمی لەسەر بدەیت، لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا من وەك ئاژەڵێکی کێویم لێ هاتبوو، چونکە گرنگیم بە سیما و روخسای خۆم نەدەدا، کە چۆن دەربکەوم، من تەنانەت دەموچاویشم نەدەشوشت، کاری لە پێشینەی من ئەوە بوو کە بە ئافرەتێکی بەهێز بمێنمەوە».

سەرچاوە: https://www.dw.com/ar



# چین ڕەخنە لە تۆم کروز دەگرێت









فیلمی (Top Gun: Maverick) کە لە پاڵەوانێتی تۆم کروزە، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆری چینییەکان بووەوە، دوای ئەوەی ئاڵای تایوان لەسەر یەکێك لەو چاکێتانە بوو کە کروز لە فیلمەکەدا پۆشی بوو.

لە بەشی ئۆرجیناڵی فیلمەکەدا کە لە ساڵی ١٩٨٦ بەرهەم هات، ئەفسەر مافریك میتشل کە کروز ڕۆڵەکەی دەبینێت، چاکەتێکی پێستیی پۆشی بوو، کە هێما بوو بۆ زیندووکردنەوەی گەشتەکانی باوکی لە جەنگی ژاپۆن و تایوان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٤.

لە ساڵی ٢٠١٩ لە کاتی بڵاوبوونەوەی ترایلەری بەشی دووەمی فیلمەکەدا ئاڵای تایوان لابردرا، چونکە چینییەکان بەو ئاراستە هەنگاویان دەنا کە بازاڕی چین گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێت، بەهۆی داهاتی زۆری ئەو بازاڕەوە، هەندێك کەس پێیان وابوو ئەم بڕیارە بە هۆی کاریگەریی دابەشکەری چینیی فیلمەکە و کۆمپانیا (تنسنت پیکچەرز)ی چینییەوە بووە، کە لە فیلمەکەدا بەشدارە، بەڵام لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکە ئالاکەی تایوان لا نەبردرابوو، دوای ئەوەی کۆمپانیا چینییەکان لە بەشداریکردنیان لە بەڵێنەکانیان بۆ سپۆنسەریکردنی فیلمەکە پاشگەز بوونەوە.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی دەیلی میللی بەریتانی دەرکەوتنی ئاڵای تایوان بووە هۆی توڕەبوونی چینییەکان، ئەمەش لە سۆشیال میدیا بە ئاشکرا ڕەنگی دایەوە، کاتێك ژمارەیەکی زۆری چینییەکان بە ئاشکرا ڕایان گەیاند کە ئەوان سەیری فیلمە هاککراوەکە دەکەن، بەشیکی دیکەش ڕایانگەیاند بڕیاری بەرهەمهێنەرە چینییەکان زیانێکی زۆر بە فیلمەکە دەگەیەنێت کە قازانجەکەی مسۆگەر و لەبەر دەستدا بوو، لە بەرامبەر ئەم توڕەییەی چینییەکان خەڵکی تایوان بە چەندین شێواز خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی و، پێشوازییەکی گەرمیان لە فیلمەکە کرد، کاتێك ئاڵای وڵاتەکەی خۆیان بینی.

/https://www.skynewsarabia.com


# مێژووی نیگار

(١-٢)

نیگار هونەرێکی هەرە دێرینی بەرەی مرۆڤایەتییە، بۆ سەردەمی ژیانی مرۆڤ لە نێو ئەشکەوتدا دەگەڕێتەوە. لە سەرانسەری جیهان و لە نێو هەموو نەتەوە و کولتوورێکدا، نیگار هەبووە. هەر خەون و خولیا و خواستێك بە زەینی مرۆڤدا هات بێت، بە نیگار کێشاویەتی. ئەم هونەرە لە ناوەندەکانی ژیان و شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهاندا، بە شێوەی هەمەجۆر گەشەی کردووە. لە سەردەمی ڕێنیسانس لە ئەوروپا، نیگار لەسەر دەستی گەورە نیگارکێشانی ئەوێ، وەرچەرخانی بە خۆوە دیت. هونەری نیگار لە چێوەی نەریتی میلیی گەلاندا، گۆشەیەك بووە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، لە دەرباری سەرۆك و میر و پاشا، لە لایەن دارا و دەوڵەمەندانەوە، پشتیوانیی دارایی لێ کراوە. لە سەردەمی شارستانیەتی سۆمەر، فیرعەون، هیند و چینەوە، هونەری نیگار بەشێك لە شکۆی دەسەڵاتداران و نموودی شارستانیەتی شوێن و سەردەمی، خستووەتە ڕوو.

تاریق كارێزی









کۆنترین نیگاری دەستی مرۆڤ بۆ ٤٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە. مرۆڤی بەرایی وێنەی گیاندارانی لە نێو ئەشکەوت و قەد شاخدا کێشاوە، پاشان ڕەنگی کردووە. پاشماوەی ئەم جۆرە نیگارە لە سەرانسەری جیهاندا بەدی دەکرێت. ئەم نیگارانە خوێندنەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرن، دەکرێ بۆ ڕاوی گیاندار بن، بۆ ڕێز گرتن لە سروشت و ژینگە یان تۆمار کردنی زانیاری و بەجێ گەیاندنی خواستێکی خۆرسکی مرۆڤ بوو بن.

چین لە هونەری نیگاردا نەریتێکی دێرینی هەیە، تا ئەم ڕۆژگارەش بەردەوامە. نەخش و زەخرەفە تەکنیکی باڵای نیگاری ئەو وڵاتە بووە، لە سەدەی چوارەمی بەر لە زایینەوە، نیگارکێشانی چین ڕوویان لە نەخشاندنی سروشت و دەوروبەر کرد. لە ژاپۆندا نیگار یەکێکە لە کۆنترین هونەرەکانی ئەو وڵاتە و زۆریش وردە، هەمەجۆر و ئاوێتەیەکە لە کولتووری خۆماڵی و دەرەکی. لە کۆریا نیگار بۆ کۆتایی سەدەی دووەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. نیگار و دیواربەندی گۆڕستانی پاشاکان، نموونەیەکی باڵای هونەری ئەو وڵاتەن، کە تێکەڵەیەکە لە دیمەنی سروشت و ڕوخساری مرۆڤ و باس کردنی هزری بوودایی.

چین و ژاپۆن و کۆریا لە هونەری نیگاردا، خاوەن نەریت و خەسڵەتی باڵا و بەهێزن، نیگار لەو وڵاتانە وابەستەی هونەری خۆشنووسی و چاپە، شێوە نووسینی ئەو وڵاتانە چەشنی نیگارە. هونەرمەندانی ئەو وڵاتانەش بایەخیان بە ئاو وەك ڕواڵەتێکی سروشت و ژیان داوە. دوور لە واقیع، تێکەڵ بە بابەتی پوخت و ڕوونکاریی دەکەن. ئاسمانی سپی و سروشتی بەدەر لە مرۆڤ، بابەتی سەرەکیی هونەری ئەوانە. لەو وڵاتانەدا نیگاری سەر ئاوریشم، لە سەدەی یەکەمی زایینیش بە دواوە، نیگاری سەر کاغەز زۆر باو بوون. ئایینی بوودایی، کۆنفۆشیۆسی و تاوی، ڕۆڵی باڵایان لە هونەری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هەبوو. کۆنترین نموونەی نیگاری چین بۆ سەردەمی شانشینانی پێك ناکۆك (٤٨١- ٢٢١/ ب. ز) دەگەڕێتەوە، کە لەسەر ئاوریشم و شاخ و کەرپووچ کێشراون. لەو سەردەمەدا بایەخ بە نەخشکاریی سادە و شێوەی ساکاری ئەندازەیی، هەروەها گیانداری ئەفسانەیی، دیمەنی ژینگە و کرێکاران یان دیمەنی پڕ شکۆی بەرپرسان لە دادگادا، دراوە. بابەتیش لەو سەردەمە و دواتریش، پەیوەست بوو بە ڕێز و هێماکاری و سرووتی ماتەم و خوداوەندانی ئەفسانەیی و ڕەوانی باپیران. مێژووی هونەری نیگار لە چین دەوڵەمەندە، بە درێژایی ٢٤٠٠ ساڵ زەخیرەیەکی زۆر و هەمەڕەنگی نیگار لە وڵاتی پان و بەرینی چیندا دەبینین. نموونەیەکی گەشی ئەو زەخیرەیەش، دیواربەندی هەزار مەتر دووجای کۆشکی (یونگل)ـە، کە ساڵی ١٢٦٢ز کێشراوە.

نیگاری ژاپۆن هونەرێکی دێرین و هەرە وردی ئەو وڵاتەیە، دابەشی سەر چەندین جۆر و تەرز دەبێت. پتر پەیوەستە بە نەخش و نیگاری سەر دار، هەمەڕەنگییەکی زۆر لە مێژووی نیگاری ژاپۆندا بەدی دەکرێت. دوای ڕووخانی گۆجۆسۆن لە ساڵی ١٠٨ ب. ز، هونەری نیگاری کۆریا وەك شەقڵێکی سەربەخۆ دەست پێ دەکات، بەمەش هونەری ئەو وڵاتە بە یەکێك لە دێرینترین هونەرەکانی نیگار لە ئاستی جیهان دادەندرێت. دیارترین خەسڵەتی نیگاری کۆریا لە ماوەی سێ شانشینەکە و پاشان لە ماوەی بنەماڵەی (گۆریۆ)دا خۆی دەنوێنێت، کە بریتییە لە ئاوێتەیەك لە دیمەنی سروشت بە شێوازی کۆری، لە پاڵ جەخت کردنە سەر بووداناسان و نیگای ئاسمان.

**بێریڤان جەلال**
**یاریزانی هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق:**

# توانای ئەوەمان هەیە لە جامی ئاسیا و جامی جیهانی بەشداری بکەین

## پاڵپشتیی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو

**بێریڤان جەلال دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و قوتابی ماجستێرە لە وەرزش و خێزاندارە. یاریزانی هەڵبژاردەی فۆتساڵی عێراق و یانەی ئافرەتانی هەولێرە، یەکێک بوو لە یاریزانە ئاست بەرزەکانی هەڵبژاردەی فۆتساڵ لە پاڵەوانێتی رۆژئاوای ئاسیا، کە لە وڵاتی سعودیە بەرێوەچوو و هەڵبژاردەکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت. ئەم کچە یاریزانە لە خولی عێراق لە یانەی زەورا یاری دەکات و لە خولی کوردستان لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر یاری دەکات و، توانی نازناوی خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنێت. گۆڤاری گوڵان لەم دیمانەیەدا چەند پرسیاری ئاراستە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: ڕێبین ڕەمزی**



بێریڤان جەلال لە سەرەتای قسەکانیدا دڵخۆشیی خۆی بۆ ئەو دەستکەوتەی هەڵبژاردەی عێراق دەربڕی و گوتی: «ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە و مێژووییێکی تایبەتە بۆ من و سەرجەم کچە یاریزانەکان، بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق توانیمان جامێك بەدەست بهێنین لەژێر ناونیشانی هەڵبژاردەی کچانی عێراق، ئەمەش خۆشییەکی زۆری پێ بەخشین و هانمان دەدات لە کارەکەی خۆمان بەردەوام بین و یاریی فۆتساڵمان زیاتر خۆش بوێت».

دواتر باسی لە کێشە و گرفتەکانی هەڵبژاردەکە کرد و سەبارەت بە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی گوتی: «کێشە و گرفتەکان زۆر بوون لە ڕووی یانەکان و نەبوونی هۆڵی تایبەت و پێداویستیی تایبەتی وەرزشی، دوای ئەم دەستکەوتە ئومێدەوارم بەرپرسانی وەرزشی ئاوڕێکی جددی لەم یارییە بدەنەوە و پاڵپشتی و پشتگیریمان

بکەن، ئێمەش هیچ شتێکمان لە هەڵبژاردەکانی دیکە کەمتر نییە و توانای ئەوەمان هەیە بەشداری لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا یان جامی جیهانی بکەین، دەمەوێت لێرەوە سوپاسی پشتگیری و پاڵپشتی جەنابی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، کە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو».

پاشان باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی کرد و چۆنیەتی دابەشکردنی کاتەکانی لە نێوان خوێندن لە وڵاتی ئێران و جێبەجێکردنی ئەرکی خێزان و یاریکردن لە هەولێر و بەغدا، بەتایبەتی کە خۆیشی دانیشتووی پارێزگای هەڵەبجەیە، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بە ڕاستی دابەشکردنی کاتەکەم لە نێوان ئەم هەموو ئەرکەدا زۆر قورس بوو، بەڵام هاوکاری و پاڵپشتیی خێزان زۆر گرنگە بۆ ئافرەت، هۆزان-ی هاوسەرەم شاخێکە لە پشتم، کە زۆر هاوکارمە و لە تەواوی یارییەکانی خولی عێراق و کوردستان لە نێو هۆڵ ئامادە بووە و هاندەرم بووە و هەروەها نابێت ڕۆڵی دایك و باوکم و دایك و باوکی هاوسەرەکەم لەیاد بکەم، ئەگەر ئەمانە نەبن، ئێمەی خانمی کورد سەرکەوتوو نابێن، لەگەڵ ئەوەشدا خۆیشم توانیم ڕێکخستنی کاتەکان بکەم، کە لە ئێران دەمخوێند، توانیم ئامادەی مەشقەکانی یانەی زەورا بم لە بەغدا و ئامادەی مەشقەکانی یانەی ئافرەتانی هەولێر دەبووم و هەروەها فریای کاتی ماڵداری و میوانداریش دەکەوتم، کاتێکی قورسم بەڕێ کرد، بەڵام ئەم بارودۆخە سەختە بەرهەمەکەی یاریکردنم لە هەڵبژاردەی عێراق و بەدەستهێنانی ئەم نازناوە بوو».

بێریڤان سەبارەت بە ئامانجی داهاتووی گوتی: «هەر کەسێك دوای دەستکەوت ئامانجی زیاتر و گەورەتر دەبێت، وەکو خۆم وا هەست دەکەم ئێستا دەستپێکی یاریکردنمە وەکو یاریزانی فۆتساڵ و سوودێکی زۆرمان لە ستافی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەکە وەرگرت و، شتەکان جیاوازترە و ئامانجی گەورەترمان لەبەردەمە، ئەمە خەونێك بوو بۆ ئێمە، کە بووە ڕاستی تا بتوانین ئێمەی کورد جامی پاڵەوانێتییەکی وا گەورە بەرز بکەینەوە و خەونی دیکش دروست دەبێت، ئەویش جامی ئاسیا و جامی جیهانییە».

پاشان پەیامێك ئاراستەی کچە وەرزشکارانی کوردستان دەکات و دەڵێت: «هەردەم باس دەکرێت، کە ژیانی کچە وەرزشکار لە کوردستان دوای شووکردن تەواو دەبێت، بەڵام چیرۆکی من جیاوازە، هۆزان-ی هاوسەرم وەکۆ کەڤەرێکە بووم بە هەمان شێوە خێزانی هەردوو لامان، لێرەوە پەیامێکم بۆ سەرجەم کچە وەرزشوانەکان هەیە، کاتێك ژیانی هاوسەریت پێکهێنا، ئەوە هۆکارێك نییە، کە لە کۆمەڵێك شت داببڕێیت، تەنیا لە وەرزش نا، بەڵکو لە سەرجەم بوارەکانی دیکەش دەبێت بەردەوام بێت، نابێت دابڕان هەبێت، هەردەم خۆم و هاوسەرەکەم هەوڵی ئەوەمان داوە، پێشانی خەڵك بدەین کە هاوسەرگیری لە سەرکەوتنەکانی ژیان ڕێگر نییە».




پاشان بەمجۆرە باسی هۆکاری ڕووکردنی لە بواری ڕاهێنەرایەتی کرد، هەرچەندە خۆی وەکو یاریزان بەردەوامە لە یاریکردن: «لە ژیاندا هەندێك شت دێتە پێشەوە دەبێت سوودی لێوەربگرین، تەمەنم (٢٦) ساڵە، بەڵام خاوەنی بڕوانامەی مەشقی ئاسیام، هەردەم حەزم کردووە لە هەموو شتێك، شتێك بزانم، ڕەنگە لە داهاتوو بیر لەوە بکەمەوە بواری ڕاهێنەرایەتی هەڵبژێرم و لە هەوڵەکانم بەردەوام دەبم بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زیاتر لە بواری ڕاهێنەرایەتی لە داهاتوودا». سەبارەت بە داهاتووی وەکو یاریزان و دەستنیشانکردنی یانەی داهاتووی گوتی: «لە کاتی ئێستادا نازانم بارودۆخەکە چۆن دەبێت و کاتەکانی بەڕێوەچوونی خولی کوردستان و عێراق دیار نییە، بۆیە هێشتا دیار نییە لە چ یانەیەك یاری دەکەم».

بێریڤان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «زۆر خۆشحاڵم کە هاندەرێکی زۆرم هەیە و خۆم و یاریزانەکان هەستمان بەوە کردووە، کە دوای ئەم پاڵەوانێتییە ئەرکی سەرشانمان قورستر دەبێت و دەبێت وەکو یاریزانێکی پیشەگەر مامەڵە بکەین و ئێستا لە ئاستی ناوخۆیی بەرەو ئاستی جیهانی ناسراو بووین».

دواتر باسی لە چۆنیەتی پێگەیشتنی ئۆفەرێکی تایبەت بە ڕیکلامکردن کرد و گوتی: «جێگەی خۆشحاڵیمە، کە لە چەند ڕیکلامێك بەشداریم کردووە و بەردەوام کۆمپانیا گەورەکان پەیوەندیم پێوە دەکەن بۆ ڕیکلامکردن، ئەوەی جێگەی دڵخۆشیمە، ئەوەیە کە ڕیکلامەکان دەنگدانەوەی باشی لە نێو خەڵك هەبوو، هیوادارم ئەم دەرگایە بۆ سەرجەم یاریزانەکانی دی بکرێتەوە و ببێتە هۆکاری ئەوەی پێش بکەون».

بێریڤان جەلال لە کۆتایی قسەکانیدا سوپاسی گۆڤاری گوڵان-ی کرد و گوتی: «زۆر سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم بۆ دەرخستنی ئەم دەرفەتە و لە کۆتایی قسەکانم بۆچوونم وایە، کە خانمەکان دەتوانن ئەو ئامانجەی کە هەیانە بەدەستی بهێنن لە هەر بوارێك بێت، نابێت ئافرەت کۆڵ بدات و ئافرەتی کورد بەهێز و بەتوانایە و بەهەرەمەندە و هیوادارم پاڵپشتیی ماددی و مەعنەویی ئافرەتان بکرێت، بەتایبەتی کە لە بواری وەرزشی ئافرەتان بەرەو دابەزین دەڕوات، بە پێویستی دەزانم بایەخی زیاتری پێ بدرێت».



# دەستەی راهێنەرانی یانەی رواندز وازیان هێنا

دوای ئەوەی ئەم وەرزە دەستەی کارگێڕیی یانەی رواندوز هەڵسان بە دەستنیشانکردنی ستافێکی راهێنەری تازە بۆ بەشداریکردن لە خولی پلە دووی کوردستان و، توانیان سەرکەوتووبن لە سەرخستنی تیپەکە بۆ خولی پلە یەکی کوردستان، جگە لەوەی یانەکە یەکەمجار بوو لە مێژووی خۆی بگاتە خولی پلە یەك، بە نیازی بەردەوام بوونی ستافی راهێنەرانیش بوون، بەڵام راهێنەرانی یانەکە وازهێنانی خۆیان لە یانەکە راگەیاند، لەم بارەشەوە مامۆستا رەفیق باڵەکی راهێنەری پێشووی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان هۆکاری وازهێنانی ئاشکرا کرد و گوتی: «هۆکاری وازهێنانمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئاست تمووحی من و بەرنامەی ئیدارەی یانەکەدا جیاوازیمان هەبوو، بۆ وەرزی نوێی خولی پلە یەکی کوردستان کارگێڕیی یانەی رواندز دەیانویست بمێننەوە، منیش ئامانجی ئەوەم هەبوو ئەگەر ماینەوە لەگەڵیان، بتوانین تیپەکە ببەینە خولی پلە نایابی یانەکانی کوردستان، دیارە ئیدارەی یانەکە ئەوەی پێ باش بوو کە مانەوەبێت لە خولی پلە یەکی کوردستان، نەك هەوڵی بەدەستهێنانی پلێتی خولی پلە نایابی کوردستان، منیش ئەوەم پێ باش نەبوو، بۆیە لەوێ نەمامەوە»، لە بارەی داهاتووی خۆشی وەکو راهێنەر مامۆستا رەفیق گوتی: «دوو یانە ئەوەیان پێ گوتووم بۆ ئەوەی ئەرکی راهێنەرایەتیی یانەکە بگەرمە ئەستۆ، یەکیان لە سەنتەری شاری هەولێرە و ئەوی دیکەیشیان لە ناوچەکەی خۆمانە لە سۆران، ئەگەر بگەینە رێککەوتن لەگەڵ یەکێك لەم دوو یانەیە، ئەوا مەشقی یانەکەیان وەردەگرین و ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی هەریانەیەکە کە لەگەڵیان کار دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین دیوێکی جوانی تۆپی پێی نیشان بدەین و، ئەوەی لە توانامان بێت خزمەتی وەرزشی تۆپی پێ بکەین.



# نیاز محەممەد هەولێری هەڵبژارد



نیاز محەمەدی یاریزانی هێڵی بەرگریی یانەی شورتە کە ئەم وەرزە لەگەڵ یانەکە توانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەدەست بهێنێت، هەر چەندە بۆ ئەم وەرزەش چەندین یانە داوای گرێبەستی لێ کردبوو، بەڵام لە ناو هەموو گرێبەستەکاندا، دواجار بڕیاریدا بە گەڕانەوە بۆ پایتەختی کوردستان، لەم بارەشەوە نیاز محەمەد یاریزانی تازەی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرەتا وەکو هەموو یاریزانێك من چاوەڕوانی یانەی شورتە بووم، وەکو ڕێزێك بۆ یانەکە کە ئەمساڵ توانیمان نازناوەکە دەستەبەر بکەین، هەرچەندە ژمارەیەك لە یانەکانی عێراقی داوای گرێبەستیان لێم کردبوو، بەڵام من دواجار بڕیارم دا یانەی هەولێر هەڵبژێرم، کە یانەی پێشووی خۆمە»، نیاز محەمەد گوتیشی: «یاریکردن لە ریزی یانەی هەولێر هەستێکی خۆشە، من لەم یانەیە پەروەردە بووم و دەمەوێت زیاتر خزمەتی یانەی شارەکەی خۆم بکەم، ئەگەر ئەو پێکانەی من دوچاری بووم، نەبووایە، زۆر لە هەڵبژاردەی عێراق نزیك بووم، ئێستاش هەلی زۆرم لە بەردەستە بۆ ئەوەی بتوانم لێهاتوویی خۆم بسەلمێنم، بۆ ئەوەی بتوانم دریسی هەڵبژاردەی عێراقی بپۆشم، ئێستا کە لەگەڵ هەولێر ڕێککەوتووم، دەمەوێت خزمەتی زیاتری یانەکە بکەم و لە جاران بە پەرۆشتر لە ناو یاریگا تێدەکۆشم، بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بۆ یانەکە».

# زۆربەی یانەکانی عێراق داوای دلۆڤانیان کردووە

دلۆڤان مەهدی یەکێك لە گۆڵپارێزە بە تواناکانی یانەی تەڵەبەی شاری بەغداد و هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقە، بەهۆی پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لە وەرزی رابردووی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، زۆربەی یانەکانی عێراقی داوای ئەو گۆڵپارێزە کوردەیان کردووە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەن، لە بارەی چارەنووسی خۆشی وەکو گۆڵپارێزێکی بەتوانا دلۆڤان مەهدی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من دەمەوێت خۆم یەکلا بکەمەوە لەگەڵ یانەی تەڵەبە، ئەوکات بڕیارێکی دروست بدەم بۆ ئایندەی خۆم، لەئێستادا لە زۆربەی یانە باشەکانی عێراق و کوردستان داوای گرێبەستم لێ کراوە بۆ یاریکردن لە ریزی یانەکانیان، بەڵام من ڕێز لە بڕیاری خۆم دەگرم، وەکو ئەوەی ماوەیەکە لەگەڵ یانەی تەلەبەم، جگە لەوەش گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقیشم، چاوەڕوان دەکەم دواجار بڕیارێکی دروست دەدەم، کە بۆ ئایندەی خۆم باش بێت لە ژیانی وەرزشیمدا، بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی وەرزش بکەم لە هەر شوێنێك بم، لەگەڵ هیچ یانەیەکیش گرفتم نییە، کام گرێبەست بۆ من باش بێت، لەگەڵ ئەوان ڕێك دەکەوم».



سوێسنە کەمال

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەفرۆدێت:

# بەهیوام ئەم یارییە ببیەنە قۆناغێکی باشتر

پارێزگای سلێمانی یەکێکە لەو شارانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی باڵەی یانەی ئەفرۆدێتیش یەکێك لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە، بەردەوام لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و، شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە لەسەر ئاستی کوردستان سوێسنە کەمال)ە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی سلێمانی و دەرچووی پەیمانگەی وەرزشییەو، یاریی بۆ یانەکانی ئەفرۆدێت و نەجەف کردووە.

دیمانە: کارزان کانەبی



* ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟

-ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان پێشکەوتووە، جەماوەری باشی هەیە، بە بۆچوونی من دوای یاری تۆپی پێ، چێژبەخشترین یاری باڵەیە، لەسەر ئاستی جیهانیش ئێستا بەم شێوەیە.

* کەمی پاڵەوانێتی ئێوە سارد ناکاتەوە لەم یارییە؟

-نەبوونی پاڵەوانێتی وا دەکات یاریزانان دوو ربکەونەوە لە یاریکردن، بەڵام من ئەگەر پاڵەوانێتیش نەبێت، بەردەوام مەشق و ڕاهێنان دەکەم، چونکە هەموو ناخۆشییەکانم بیر دەباتەوە، وەرزش دەتباتە جیهانێکی جیاواز.

* چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟

-پێم باشە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە هاوکاری بکرێن، یانەکەی ئێمەش بەردەوام لە پلەکانی پێشەوە بووە، یاریزان هەیە تەنانەت پارەی هاتوچۆی نییە، هیوادارم گرنگی بە توانای یاریزانان بدەن و خزمەتی بەردەوامی یاریزانان بکرێت لە گشت ڕوویەکەوە، و هاوکاریی ماددی بکرێت باشە.

* هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشكەش نەکردوویت؟

-نەخێر تاکو ئێستا وەکو گرێبەست هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە، بەڵام چەند یانەیەك داوای یاریکردنیان لێم کردووە یارییان بۆ بکەم، من یانەکەی خۆمم خۆشدەوێت و دەمەوێ لەو یانەیە دروست ببم.

* بەهیوای چیت لە ژیانی وەرزشیتدا؟

- هیوادارم یارییەکی جوان و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و بەردەوام بم لە بەرزکردنەوەی ئاستی خۆم.

*بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟

- بەهیوای ئەوەم گرنگیی زیاتر بە وەرزش بدەم و پێکەوە ئەم یارییە ببەینەوە قۆناغێکی باشتر لە کوردستان.

* لە یانەی ئەفرۆدێت ئاسوودەیت؟

-سوپاس دبۆ خوای گەورە لەگەڵ یانەکەم ئاسوودەم و سوپاسی مامۆستا سەنگەر دەکەم کە زۆر لەگەڵ ئێمە ماندووە و هەمیشە هەوڵی باشترکردنی ئاستی ئێمەی داوە بۆ ئەوەی بگەینە لووتکە.

* داواکاریت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟

- تا ئێستا کەسیان ناناسم، ئەوانە تەنیا بە ناو بەرپرسی لایەنی وەرزشین، سەرەتا پێویستە خۆیان بناسێنن، دواتر داواکاریمان دەبێت.

* لە ڕووی کۆمەڵگەوە تاچەندە شارەکەی ئێوە هاوکارە بۆ وەرزشکردن؟

- زۆر سوپاس بۆ هاونیشتمانیانی شارەکەم، کە شارێکی سەرکەوتوو لە بواری وەرزشدا و، بەردەوام لە بەرەوپێشچووندایە لە وەرزشدا و، شارێکی ڕۆشنبیر لە گشت ڕوویەك.

* بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت ؟

- SAEED MAROOF

* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، بە هیوای بەردەوامی بۆ خزمەتی وەرزشکارانی کوردستان.



# چارەسەر بە کۆلاجین



کۆلاجین Collagen باوترین جۆری پرۆتینە لە لەشدا، بەتایبەتی لە ئێسك، ماسوولكە و ژێیەكانی ماسوولكە و، هەروەها پێست، کۆلاجین پێکهاتەکانی لەشی بەیەکەوە بەستاوەتەوە. لە تەمەنی ٤٠ساڵی بە سەرەوە، دروستبوونی کۆلاجین لە لەشدا ساڵانە بە رێژەی ١٪ کەم دەبێتەوە، هەروەها بە هۆكاری دیكەش دروستبوونی کۆلاجین کەم دەبێتەوە، وەك: کاریگەریی تیشکی خۆر، جگەرەکێشان، پیسبوونی هەوا، لەگەڵ کەمبوون و زیادبوونی کێشی لەش. دەرزیی کۆلاجین بەکاردێت بۆ ئەستوورکردنی لێو و کەمکردنەوەی لۆچی پێست و شاردنەوەی هێڵەکانی دەموچاو، کە لە ئەنجامی کەمبوونەوەی کۆلاجین دەردەکەون، هەروەها جگە لە کرێمی کۆلاجین، دەنك، یان کەپسول، یان پاودەری کۆلاجین بە رێگەی دەم بەکاردێن بۆ هاندانی تەندروستیی پێست و قژ و نینۆکەکان. بوارەکانی دیکەی بەکارهێنانی کۆلاجین: کاڵکردنەوەی پنتەکانی تەمەن Age spots کە هاوکاتن لەگەڵ بەساڵاچووندا، سووککردنی ئازاری جومگە، پاراستنی چڕی و پتەویی ئێسك، پاراستنی بارستایی ماسوولکە، باشترکردنی تەندروستیی دڵ (لەوانەیە)، باشترکردنی فرمانی ریخۆڵە، باشترکردنی مەزاج و سووککرنی نیشانەکانی پەستی، لەوانەشە کە هاندەر بێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەش لە رێگەی خێراکردنی کرداری میتابۆلیزم، بۆ هەموو حاڵەتەکان و بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام لەوانەیە کە شەش مانگ تا یەك ساڵ بەکارهێنانی رێکی کۆلاجین پێویست بکات.



# وروورژێنەرەکانی شەقەسەر

شەقەسەر Migraine نۆرەی سەرئێشەیە کە زیاتر لایەکی سەر دەگرێتەوە، لەوانەشە هەموو لای سەر و چاوەکانیش بگرێتەوە، تووشبوو بە توندی نارەحەت دەکات. گەلێک خۆراک و شلەمەنی هاندەرن بۆ سەرهەڵدانی نۆرەی سەرئێشە لە تووشبووانی شەقەسەردا وەک: مۆز، پەنیر، ئاڤۆکادۆ، هەنجیر، مێوژ، ئایس کرێم، ماست، نیسک، چەرەزات، ترشیات، هەروەها ئەو خۆراک و شلەمەنییانەی ماددەی کافائین لەخۆ دەگرن وەکو چای، قاوە، کاکاو، سۆدا، خواردنەوە وزەبەخشەکان، شۆکۆلاتە. هۆکارە وروژێنەرەکانی دیکە بۆ نۆرەی شەقەسەر وەک: گوشار و شەکەتیی کار، تووڕەبوون، ململانێ و ناکۆکی، بۆن و بەرامی بەهێز، دوکەڵی جگەرە یان قەیپ، بۆنی خۆراک لەکاتی ئامادەکردندا، رووناکیی بەهێزی خۆر، یان رووناکیی دەستکرد بەتایبەتی لایتەکانی ئۆتۆمۆبیل، گۆڕانی کەشوهەوا، بەتایبەتی گۆڕانی کتوپڕی پەستان و پلەی گەرمیی هەوا و رێژەی شێداریی هەوا، بارانی لەناکاو، چوون بۆ شوێنی زۆر بەرز، لە هەندێك تووشبوودا سەفەر بە فڕۆکە وورووژێنەرە بۆ نۆرەی سەرئێشە، هەروەها مەشقی وەرزشیی توند، هەڵگرتنی تەنی قورس، نارێکیی کاتی ژەمەکانی خۆراک، برسیبوون لەبەر دواخستنی ژەمی خواردن، سترێس، گرفتەکانی خەو جا کەم نووستن یان زیاد نووستن، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان وەکو دەرمانی د ژ ی دووگیانی و هەموو ئەو دەرمانانەی کە دەبنە هۆی فراوانکردنەوەی بۆرییەکانی خوێن، بۆنموونە: دەرمانەکانی نەخۆشیی دڵ و کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن، هەروەها گۆڕانی هۆرمۆنی لە ئافرەتی تووشبوودا، بەتایبەتی بەرزی و نزمیی هۆرمۆنی ئیسترۆجین پێش دەستپێك و لەکاتی سووڕی مانگانە و دووگیانی و وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەدا Menopause.



# وریابە لە وشکبوونی دەم!

وشکبوونی دەم Xerostomia حاڵەتێکی سەخت نییە، بەڵام ئەگەر بەردەوام بوو، ئەوا لەوانەیە کە نیشانەیەك بێت بۆ نەخۆشی، کە پێویستی بە چارەسەری خێرا هەبێت، لەوانەشە کە ببێتە ئەگەری چەند ئاکامێکی خراپی تەندروستیی وەك: کلۆربوونی ددان، نەخۆشیی پوك، کولبوونی دەم، هەوکردنی دەم بە کەڕوو Thrush، قڵیشانی لێو و گۆشەکانی دەم، هەروەها گرفت لە جووین و قووتدانی خۆراك. هۆکارەکانی وشکبوونی دەم: کەمبوونەوەی رێژەی شلەی لەش لەبەر کەمخواردنەوەی ئاو و شلەمەنی، یان زیاد ئارەقەکردن، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، هەناسەوەرگرتن بە رێگای دەم لەکاتی نووستندا، پەستی، زیانی چارەسەرەکانی شێرپەنجە وەکو چارەسەر بە تیشك، یان چارەسەری کیمیایی، هەوکردنی دەم بە کەڕوو کە زیاتر لە جگەرەکێش و تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا روو دەدات. هەنگاوەکانی چارەسەرکردن: خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو رۆژانە، جووینی بنێشتی بێ شەکر، بەکارهێنانی چەورکاری تایبەت بە لێو Lip balm لەکاتی وکشبوونیان، شووشتنی ددانەکان بەلای کەم رۆژانە دوو جار، بەکارهێنانی ئەو جۆرەی غەرغەرە Mouthwash کە ئەلکهول لەخۆ ناگرێت، دوورکەوتنەوە لە زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە و کاکاو، هەروەها شلەمەنییە گازدارەکان، کەمکردنەوەی خۆراکی تیژ و شیرین و شۆر، کەمکردنەوەی خۆراکی ترش وەکو لیمۆ و سرکە، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، نەخەوتن بە تاقمی ددانەوە، ئەگەر هەبێت.



# نیگەرانیی زیاد ئاسایی نییە!

نیگەرانی Worry، گومان Doubts، لەگەڵ پەستی Anxiety بەشێکی ئاسایی ژیانن، بە مەرجێك لە سنوورێکی دیارکراودا بن و، نەبنە ئەگەری تێکدان، یان شێواندنی ژیانی ڕۆژانە، بەڵام نیگەرانیی لە ڕادەبەدەر و بەردەوام کە کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا هەر گیز بە ئاسایی هەژمار ناکرێت و گرفتی تەندروستی لێ دەکەوێتەوە لە ئەنجامی زیادبوونی ئاستی هۆرمۆنەکانی سترێس، بەتایبەتی هۆرمۆنی کۆرتیسۆڵ Cortisol کە هۆکارە بۆ زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، سەرئێشە، ناڕەحەتی، هەستکردن بە هیلاکیی جەستەیی، پاشان بە تێپەڕبوونی کات هاندەر دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نۆرەی دڵ، لەگەڵ جەڵتەی مێشك. نیگەرانیی لە ڕادەبەدەر سەبارەت بە هەموو کار و پێشهاتەکانی ژیانی ڕۆژانە دەبێتە حاڵەتی پەستییەکی چەسپاو Anxiety disorder، واتە ژیانی ڕۆژانە پڕ دەبێت لە هەستکردنی بەردەوام و توند بە نیگەرانی و نائارامی و جۆرێك ترس، لە هەموو پێشهاتێك کە پێویستی بە چارەسەری پزیشکی دەبێت. لەکاتی نیگەرانیی زۆردا، چەند نیشانەیەکی فیزیکی لە لەشدا دەردەکەون وەکو: دەست لەرزین، هەستکردن بە گرانی لە قوڕگ و سینگدا، دڵەکوتێ، هەناسەڕاوکێ، هەستکردن بە ناڕەحەتی، سەرسووڕان، ئارەقەی سارد، هەستکردن بە هیلاکیی توند و گرژبوونی ماسوولکەکان، گرفت لە چوونە خەو.

# جگەرەکێشان بۆ ئافرەت زیانبەخشترە

جگەرەکێشان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، کە بە هۆکاری یەکەمی مردن لە سەرتاسەری جیهان هەژمار دەکرێت. بەم دواییە توێژەرانی زانکۆی جۆنس هۆپکنس لە گۆڤاری لانسێتی پزیشکیدا Lancet ئەمەیان بڵاوکردەوە، کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان لە ئافرەتە جگەرەکێشەکاندا زیاترە بەراورد لەگەڵ پیاوە جگەرەکێشەکان، کە ڕۆژانە هەمان ژمارەی جگەرە بۆ هەمان ماوەی کاتی دەکێشن. توێژەران ئەمەشیان ڕوون کردووەتەوە کە جگەرەکێشان لە ئافرەتدا بەراورد لەگەڵ پیاوانی جگەرەکێش ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی تاجی دڵ تا ٢٥٪ زیاتر دەکات، هەروەها جگەرەکێشان ئافرەت زیاتر لە پیاو دوچاری تێکچوونی خوێنبەرەکان دەکاتەوە، تا ئافرەت لەسەر جگەرەکێشان بەردەوام بێت، ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشیی دڵ ساڵ دوای ساڵ زیاتر دەبێت. تا ئێستا بە تەواوی ڕوون نییە کە بۆ چی جگەرەکێشان بۆ تەندروستیی دڵی ئافرەت زیانبەخشترە لە پیاو، بەڵام زانایان پێیان وایە کە لەوانەیە جیاوازیی فسیۆلۆژی ئافرەت و پیاو ڕۆڵی هەبێت. لە لایەکی دیکە جگەرەکێشان زیانی زیاتر بە DNA دەگەیەنێت، هەروەها توانای چاکبوونەوەی DNA لە ئافرەتدا لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ پیاو، ئینجا هۆرمۆنی ئیسترۆجین کە لە گرێیەکانی شێرپەنجەی سییەکان لە ئافرەتدا بەدی کراوە، لەوانەیە کە هۆکار بێت بۆ کاریگەریی زیاتری جگەرە لەسەر لەشی ئافرەت.



# گرنگیی مەشقی وەرزشی لەکاتی دووگیانیدا

مەشقی وەرزشی گرنگیی تەندروستیی زۆری هەیە بۆ دایك و کۆرپە بە درێژایی مانگەکانی دووگیانی. سوودە سەلمێنراوەکانی مەشقی وەرزشی لەکاتی دووگیانیدا: پاراستنی جومگەکان کە لەکاتی دووگیانیدا بە شێوەیەکی سرووشتی لەبەر گۆڕانی هۆرمۆنی دوچاری سستبوونەوە دەبن، گەڕاندنەوەی خێرای شێوەی لەش بۆ حاڵەتی پێش دووگیانی، باشتربوونی ئاستی وزەی لەش، کەمکردنەوەی ناڕەحەتی و ئازاری پشت لەرێگەی باشتربوونی هێز و تۆنی ماسوولکەکانی پشت و رانەکان، باشترکردنی مەزاج و هاندانی خەوێکی ئارام و سووك، کەمکردنەوەی نیگەرانیی پەیوەست بە دووگیانی و ئاڵۆزییەکانی، باشترکردنی سووڕی خوێن بۆ پێست، زیادکردنی ئاستی ئامادەباشیی لەش بۆ کرداری منداڵبوون، کەمکردنەوەی ئەگەری رووداني ئاڵۆزییەکانی دووگیا، بەتایبەتی نەخۆشیی شەکرەی پەیوەست بە دووگیانی Gestational diabetes و ژاراویبوونی دووگیانی Preeclampsia. مەشقە گونجاوەکان بۆ ئافرەتی دووگیان: پیادەڕۆیی، مەلە، یۆگا، هەروەها لێخوڕینی پایسکلی جێگیر، هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە هەر مەشقێکی توند. بەر لە دەستپێکی هەر جۆرە مەشقێکی وەرزشی لەکاتی دووگیانیدا، پێویستە کە جۆر و ماوە و کاتی ئەنجامدانی مەشقەکە تەنیا لە لایەن دکتۆری ئافرەتانەوە بۆ هەر ئافرەتێکی دووگیان دیاری بکرێت. پێویستە کە راستەوخۆ واز لە مەشقی وەرزشی بێنیت لەکاتی سەرهەڵدانی یەکێك، یان پتر لەم نیشانانەی خوارەوە: هەستکردن بە ماندووبوونێکی زۆر، سەرسووڕان، دڵەکوتێ و هەستکردن بە توندبوونی سینگ، یان سینگ ئێشە، هەستکردن بە سووکبوونی سەر، هەناسەتەنگی، ئازار لە پشت یان ناوچەی حەوزدا، بینینی خوێن یان شلەی دیکە، هەستکردن بە گرژبوونی منداڵدان، پاشان پێویستە کە مەسەلەکە لەگەڵ دکتۆر هەڵسەنگێندرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت.






# پانکەی تایبەت بە مۆبایل

کۆمپیوتەر و لاپتۆپ خۆیان لەناویاندا فەنێکی تایبەت واتە پانکەیەکی تێدایە کە ناهێڵێت کێشەی بۆ بێتە پێش لەکاتی گەرم بووندا، لاپتۆپەکان جگە لەوەی لەناو خودی لاپتۆپەکە فەنی تێدایە، دەکرێت لەو ستاندەی لەسەری دادەنرێ چەند پانکەیەك هەبێت.

مۆبایلە تایبەتەکان ئەوانەی زۆر سوودیان لێوەردەگیرێ و فیلمی HD و گەیمەی قورسیان پێدەکرێ ئەوانیش گەرم دادێن و لەداهاتوودا باترییەکەیان تێکدەچێت.

پانکەی جۆری Mobile Phone Cooling Fan زۆر بەهێزە، زوو مۆبایل فێنك دەکاتەوە. چونکە ٨ پەڕی هەیە. بەجۆرێکە بە خێرایی گەرمی ناو مۆبایلەکە دەباتە دەرەوە.

دەنگی فێنك کەرەوەکە کەمە و بەکارهێنەر بێزار ناکات. بە ئاسانی لە مۆبایل دەبەسترێ و بۆ هەموو جۆرە مۆبایلێك دەبێت.



# کیبۆردێکی سەرنج ڕاکێش و ناوازە بۆ مۆبایل

هەرچەندە مۆبایل و تەبلێت پێویستییەکی ئەوتۆیان بە کیبۆرد نییە، چونکە خۆیان کیبۆردی مەجازیان تێدایە و ئەرك و کاری تایپکردنیش بە تەبلێت یا مۆبایل ئەنجام نادرێن، بەڵام ئەم کیبۆردەی دەبینن کە بۆ مۆبایل و تەبلێت بەرهەمهاتووە، زۆر ناوازەیە.

کیبۆردی جۆری TrewGrip ناوازەکەی لەوەدایە، دوگمەکان دەکەونە پشتەوە و روویان لە بەکارهێنەر نییە، بەکارهێنەر دەبێ شارەزای شوێنی دوگمەکان بێت. بەهۆی ئەو کیبۆردەوە دەکرێت بە هەشت پەنجە تایپ بکرێت. کیبۆردەکە وەك ستاندێکی راگری مۆبایل و تەبلێت سەیر دەکرێت. زیاتر بۆ ئەو کاتە دەگونجێت کە بەکارهێنەر لەسەر جێگایەکەی راکشاوە و ئیمێلێك دەنووسێ یا چەت دەکا. بۆ تەبلێتی حەوت ئینجی دەبێت، بەڵام بۆ زۆربەی زۆری مۆبایلەکان دەگونجێت. بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ تەبلێت و مۆبایل پەیوەند دەدرێت.




# بچووکترین وێستگەی کارەبای گەڕۆک

جگە لە پاوەربانك كە تایبەتن بە شەحنكردنەوەی سنووورداری مۆبایلێك یان چەند مۆبایل، ئامێرێكی تایبەت هەیە كە بە وێستگەی گەڕۆك ناسراوە و هەمان كاری پاوەربانك دەكات بەڵام سنووری شەحنكردنەوەی بەرفراوانترە و ئامێری زیاتریش شەحن دەكاتەوە. ئامێری Anzene EnergyBlock یەكێكە لەو وێستگە گەڕۆكانە. ئامێرەكە ماژۆلارە واتە پارچەكانی لێكدەكرێنەوە. باترییەكەی هەشت هەزار میلی ئەمپێرە و توانای بەرێكردنی وزەی ٣٠٠ واتە.

ئەم وێستگە گەڕۆكە، لاپتۆپ، كامێرا، بەفرگری بچووك، سپیكەر و گڵۆپی سەرمێز شەحن دەكاتەوە. لەگەڵ زۆربەی ئامێرەكانی USB یا DC دەگونجێت. دوو شوێنی Type-C و شوێنێكی C هەیە. وێستگە گەڕۆكە رووپۆشەكەی ئەڵۆمینیۆمە و تەڕ نابێت و بەبەركەوتنی زۆر بەهێزیش هیچی لێنایە.

# ماوسێكی سەرنج راكێش چەند دوگمەی هەیە

ماوسی كۆمپیوتەر چەند ساڵێكە گۆڕانێكی ئەوتۆی بەسەردانەهاتووە، بەڵام ماوسی كۆمپانیای Anton Cvelbar ماوسێكی سەرنج راكێشی بەرهەم هێناوە، ماوسێك بە كۆمەڵە دوگمەیەكی تایبەت كە زۆربەی ئەركی فەرمانەكان جێبەجێ دەكات. گشت ئەو دوگمانەی لەسەر ماوسەكەن، دوگمەی ژمارەن.

زیادكردنی دوگمەی ژمارەیی و تۆپێك كە دەسووڕێت بەتایبەتی بۆ ئەوانەی كە لاپتۆپ یا كرۆم بوك بەكار دێنن و دوگمەی ژمارەیان نییە گرنگی تایبەتی هەیە. ماوسێك كە دوگمەی ژمارەی هەبێ ئاسانكارییەكی زۆری تێدایە بۆ ئەو لاپتۆپانەی كە دوگمەی ژمارەیان تێدا نییە.

ماوسەكە بۆ ئەوانەی كە بەشێوەی رێك نەخشە و دیزاینی سێ رەهەندی دروست دەكەن گرنگی خۆی هەیە. بۆ وێنە بۆ دیزاینەرانی ئۆنلاین، بیناسازان، كۆمپانیاكانی دروستكردنی بینا و باڵەخانەكان، بانك و... دەتوانن لەو ماوسە سوود وەربگرن. تۆپەكەی كە لەسەرەوە دەسووڕێت وا دەكات بەكارهێنەر ئەوەندە دەست نەجوڵێنێت.







# کاتژمێری زیرەک بۆ پێوانی شەکرەی خوێن

کاتژمێرە زیرکەکان لە زۆر لایەن پێش مۆبایل کەوتوونەتەوە، چونکە کێشیان کەمە و هەڵگرتنیان ئاسانە، ئەرکی چاودێری تەندروستی، جموجۆڵی وەرزشی و سەرەڕای ئەوەی گشت ئەرکەکانی مۆبایلیش ئەنجام دەدەن.

کاتژمێرە نوێیەکەی هواوی واتە Huawei Watch GT 3 Pro جگە لەوەی لە زۆر لایەنەوە ناوازەیە، وەك ئەوەی شەحنی باترییەکەی هەتا ١٤ رۆژ دانابەزێت، بڕیار وایە لە ڤێرژنی داهاتووی ئەم کاتژمێرەدا، خزمەتگوزاری پێوانی شەکرەی ناو خوێن و چۆنییەتی کارکردی بۆری هەناسەدان و هەروەها چۆنییەتی جەستە لەکاتی سەرکەوتنە بەرزاییەوەشی پێوە زیاد بکرێت.

لایەنی گرنگ ئەوەیە کە چاودێری نەخۆشی گیرانی ریخۆڵەکانیش دەکات. ئەم خزمەتگوزارییە تا ئێستا لە هیچ کاتژمێرێکی زیرەکی هاوشێوەی دا نییە، بوونی ئەم خزمەتگوزارییانە وا دەکات هاندەرێك بێت بۆ کۆمپانیاکانی دیکەی بەرهەمهێن کە لە بەرهەمە نوێییەکانیاندا رکابەرێکی جیدی Huawei Watch GT 3 Pro بکەن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت، پێموایە جیمێلەکەم هاك کراوە، چۆن بزانم دەستکاری جیمێلەکەم کراوە؟**

بەڕێز بە زۆر هۆکار دەزانی کە جیمێلەکەت هاك کراوە، کە جیمێلەکەشت هاك بکرێ، بێگومان هەژمارەکانی دیکە کە بە جیمێل بەستراونەتەوە هاك دەکرێن. بۆ زانینی هاکی جیمێل: گۆڕینی پاسۆرد، بەبێ ئەوەی خۆت گۆڕیبت. ئاگادارکردنەوەکەت لەلایەن خودی جیمێلەوە کە باسی گۆڕینی پاسۆرد دەکات. سەیری بەشی Last account activity بکە بزانە جگە لە ئامێرەکانی خۆت چەند ئامێرێکی دیکەش بە جیمێلەکەوتەوە پەیوەند دراون. هاتنی لەخۆوەی چەندین ئیمێلی نەناسراو.. بۆ ئەوەی کێشەت بۆ نەیەتە پێش، پاسۆردێکی بەهێز دابنێ و جار جارە هەم پاسۆردەکە بگۆڕە.

# میمۆری کارتێک 4 مانگی
# بەردەوام ڤیدیۆ تۆمار دەکات

لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا، یەکەم هەنگاوە خێراکان لە ساڵی دوو هەزارەوە وا بە خێرایی دەستی پێکرد کە بەرهەمە تەکنەلۆژییە دیجیتالییەی ئەمڕۆ بەرهەم دێت، سبەی دەبێتە ئەرشیف! بۆ نموونە میمۆری کارد واتە Micro SD.




کۆمپانیای مایکرۆن نوێترین میمۆری کارتی بەرهەم هێناوە کە قەبارەی هەڵگرتنەکەی ١,٥ ترابایتە! بەڵێ بە خراپ نەتخوێندتەوە واتە زیاتر لە ١٥٠٠ گیگابایت. ئەم کارت میمۆرییە دەتوانێت تا چوار مانگی بەردەوام ڤیدیۆ لەخۆیدا تۆمار بکات.

میمۆری کارتەکە تایبەتە بە کامێراکانی چاودێری کە پێویست نەکات زوو زوو داتاکان بەتاڵ بکرێنەوە. میمۆری کارتەکە لە کەش هەوای نێوان ٢٥ هەتا ٨٥ سەنتی گراد بەبێ گرفت کار بکەن. بە ئاو و تەڕبوون، موگناتیس، تیشکی ئیکس، بەرکەوتنیش کێشەیان بۆ نایەتە پێش.



# magic leap 2 بەرهەم دێت

بەر لە هەمووشتێك پێویستە بزاندرێ magic leap چییە؟ لە راستیدا وەك هێدستێكی واقیعی- مەجازی یا وەك چاویلكەیەكی زیرەك دەچێت، بەڵام كاركردی لەگەڵ هەمووی ئەوانە جیایە. مەجیك لیپ دونیای مەجازی بە واقیعی نیشانی بەكارهێنەرەكەی دەدا. بۆ نموونە نیازت هەیە بچی بۆ گەشت كردن، بەهۆی ئەو چاویلكە زیرەكەوە دەتوانی لە شوێنی خۆتەوە تا ئەو شوێنەی مەبەستە بچی، هەموو رێگاكە بە هێما و نیشانەكانەوە نیشانت بدات. یا بۆ نموونە كەسێك هیچ شارەزاییەكی لە چاكردنەوەی ئۆتۆمبیل نییە، نیازی هەیە پارچەیەك لە ئۆتۆمبیل بگۆڕێ، لەكاتێكی وادا بە یارمەتی مەجیك لیپ زانیاری ورد لەبارەی پارچەكە و شێوەی گۆڕینەكەی ببینێ. یا بۆ نموونە نیازت هەیە ژوورێك هیچ كەلوپەلێكی تێدا نییە وا بكەی بەشێوەی مەجازی كەلوپەلی بۆ دابنێ و دواتر لەسەر ئەو شێوازە كەلوپەلەكان بكڕی. مەجیك بۆ كاری پزیشكی، ئەندازیاری، نەخشەسازی بۆ هەموو بوارێك گرنگە. بۆخۆی لە سێ بەش پێكهاتووە. هێدستی (Lightwear) كۆمپیوتەری (Lightpack) و ریمۆت كۆنترۆڵ..

ڤێرژنی دووەمی مەجیك لیپ، هەم كێشی كەمترە، هەم تەنكترە و تواناكانی بەرفراوانترن لەوەی ئاماژەمان پێدان.




## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی ئەنیمەیشنی پاوەرپۆینت

پاوەرپۆینت یەكێكە لە پرۆگرامە گرنگەكان بواری داتاشۆ و نیشاندان، لە بواری كۆڕ و سیمینار و پێشكەشكردنی بابەتی زانستی بە شێوەی گرافیك و داتایی و زۆر بواری دیكە سوودی لێوەدەگیردرێت. بۆ دروستكردنی چوارچێوە و قالبی تایبەت بە داتاكان پێویستی بە زانیاری هەیە و هەروەها كاتیشی دەوێت. بۆ ئەوەی كە كاتێكی زۆر لە دروستكردنی چوارچێوە و داتای تایبەت بە فیڕۆ نەدەی دەتوانی لەو ماڵپەڕانەی فۆرم و چوارچێوەی پاوەرپۆینت دەبەخشن، فۆرمی تایبەت بەخۆت وەربگری.. یەكێك لە ماڵپەڕە گرنگەكان ماڵپەڕی powerpointschool.comە. لەو ماڵپەڕەدا بە سەدان چوارچێوە و فۆرمی جوڵەدار و هەروەها چارتێر و خشتە و ئەوەی مەبەستە بۆ دروستكردنی بابەتێكی پاوەرپۆینت تێیدایە. سەرەڕای ئەوەش فێركاری چۆنییەتی دروستكردنی فۆرمەكانی تێدایە.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتی وێنەیی

فۆرماتە وێنەییەكان هەموویان وەك یەك ناچن، سەدان جۆری فۆرماتی وێنەیی هەیە و هەركام تایبەتمەندی خۆیان هەیە. زۆربەی بەكارهێنەرانی كۆمپیوتەر بۆ ئەوەی بیانەوێ فۆرماتێكی وێنەیی بگۆڕن بە فۆرماتێكی دیكە پێویستیان بە پرۆگرامێكە ئەو ئەركە ئەنجام بدات. یەكێك لە پرۆگرامە سادە و خێراكانی ئەم بوارە. پرۆگرامی XnView یە. پرۆگرامی ئاماژە بۆ كراو دەتوانێت زیاتر لە ٤٠٠ فۆرمات گرافیكی بگۆڕێت. نە تەنیا فۆرماتی وێنەیی بەڵكو فۆرماتە دەنگییەكانیش دەگۆڕدێت. پرۆگرامەكە جگە لە ویندۆز بۆ زۆربەی سیستەمەكانی دیكەش بەردەستە.



پرۆگرامەكە هەر فۆرمات ناگۆڕێت، بەڵكو كۆنترۆڵی رەنگی وێنەكانیش دەكا، ریزبەندی دەكا و فیلتەر و ئێفێكتی تایبەتی بۆ دادەنێت.



# باشترین جۆرەکانی پلازمای قژ

گرنگیی پلازما بۆ قژ هێندە کاریگەرە کە دوای بەکارهێنانی هەست بە گۆڕانکارییەکی تەواو لە جوانی و نەرمی و بەهێزیی قژدا دەکەیت، گرنگیدانت بە قژت وەك پێویستییەکی جوانکاریی دادەنرێت، بۆیە تا دەتوانیت خزمەتی قژت بکە. چەند جۆرێك پلازمای قژ هەن، کە بە دەرزی لە پێستی سەر دەدرێن بۆ بەهێزکردن و جوانکردنی قژ، سەرەتا: ئەو پلازمایە هەڵبژێرە کە بە پەڵەی خوێن بەناوبانگە و بە PRP دەوڵەمەندە، تەنانەت بۆ ئەوانەی قژیان هەڵدەوەرێت، بەسوودە و ڕێگری دەکات لە هەڵوەرینی زیاتری تاڵە مووەکانی قژ، هەروەها بە یەکێك لە باشترین پلازماکانی قژ دادەنرێت، سەرەتا قەترەیەك خوێنی ئەو کەسە وەردەگیرێت، پاشان لەگەڵ گیراوەی ئەو پلازمایە تێکەڵ دەکرێت و دواتر لە پێستی سەر دەدرێت، کە ئەوەش کار دەکات لە زیندووکردنەوەی خانە مردووەکانی تاڵی مووی قژ، بەمەش مووەکە گەشە دەکاتەوە و قژت پڕ دەبێتەوە، پلازما چەندین سوودی هەیە بۆ قژ وەك: هێنانەوەی مووی مردوو، هەروەها بەهێزکردنی قژ و نەرمونیانی. شێوەی وەرگرتنی پلازما لە ماوەی مانگێك بۆ دوو مانگ دەبێت، هەروەها ئەنجامەکان لە دوای دوو جەلسەوە دەردەکەوێت، بۆیە دەبێت ئارام بگریت لەسەر وەرگرتن و بەکارهێنانی پلازما.




## باوی خشڵی شێوە ئەندازییەکانە





گۆڕانکاری لە شێوە و قەبارەی خشڵەکان کاریگەرییان لەسەر خواست و باو بوون هەیە، کاتێك خشڵێك شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە، زیاتر گرنگیی پێ دەدرێت و باو دەبێت، بە تایبەت لە وەرزی گەرما و هاویندا کە بە وەرزی خشڵەکان ناسراوە، چونکە لەو وەرزەدا جلی کورت و تەنك و کراوە دەپۆشرێت، بەم چەشنە خشڵەکان زیاتر دەردەکەون و خانمانیش گرنگی بە خشڵەکان دەدەن، ئێستا زۆربەی مارکەکان گرنگی بە شێوەی ئەندازەیی خشڵەکان دەدەن، جگە لە جوانکردنی خشڵەکە، هەروەها لە شێوەکەشیدا رازاوە دەردەکەوێت. سەرەتا مارکەی میسیکا بە بازنی Move pei شێوەی ئەندازەیی لە بەشی سەرەوەی بازنەکە دروست کردووە، کە بە هێڵی راست و ورد نەخشی بۆ کراوە. مارکەی شۆمی، بە ملوانکەی my،bee بەشدارە، کە شێوەی ئەندازەیی شانەی هەنگی بۆ داناوە، مارکەی کارتیێ، بە ئەنگوستیلە و ئەڵقەی Mailon لە شێوەی ئەندازەیی پان و لاکێشە دیزاینی بۆ کردووە، شانێل بە coco crush، گوارە بەشدارە کە شێوەی بەردی لە گوارەکانیدا ئامادە کردووە.

## قوماشی نەرمونیان لە کەشی گەرمادا بەسوودە



پۆشاکی دروستکراو لە کەتان یان پەموو، یەکێکە لەو جلانەی کە هەمیشە لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا باو دەبن، بەهۆی ئەو نەرمونیانەییەی هەیەتی، هەروەها جلێکی گونجاوە بۆ کەشی گەرما، هەروەها ناسکی و نەرمیان پێوە دیارە، ئەمەش وای کردووە ببێتە باوترین جۆرەکانی قوماش کە لە جلی هاوینەدا بەکاردێن، پێویستە خانمان لە وەرزی هاویندا گرنگی بە جلوبەرگی بەرین و کراوە بدەن، بۆ ئەوەی جەستەیان لە گەرماوە بە دوور بێت و هەروەها مۆدێکی نایابیشیان بۆ دەستبەر بکات. پانتۆڵی بەرین و نەرم، یەکێکە لە گونجاوترین مۆدەکانی ئەو وەرزە، گۆڤاری (پیۆر واو)ی تایبەت بە جلوبەرگ، ئاماژەی بە جوانیی پانتۆڵی پەموو (کەتان) کردووە و نووسراوە: خانمان دەتوانن ئەو جۆرە پانتۆڵە بکەن بە مۆدی سەرەکی لە وەرزی گەرمادا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە قاچیان باریکە، یان لاوازن، دەتوانن وەك جلی سەرەکیی سەر کار و دەوام بیپۆشن، هەروەها بوونی نەخشێکی ستوونی لە نێو ئەو جۆرە پانتۆڵەدا، زیاتر سەرنجڕاکێش و ناوازەی دەکات، ئەگەر ویستت مۆدی هەفتاکان زیندوو بکەیتەوە، ئەو جۆرە پانتۆڵانە بەدەست بهێنە کە هێڵی ئاسۆییان تێدایە، سەبارەت بە رەنگی پانتۆڵی کەتان مەرج نییە تەنیا رەش، یان سپی بێت، بەڵکو رەنگەکانی دیکەش بۆ وەرزی هاوین جوانن.

# نەخش و نیگاری نینۆک لە مێژوودا

نینۆك چێكردن لە سەردەمی ئێستادا زیاتر لە نێو خانماندا باوە، هەرچەندە لە سەدەی ١٦هەمدا پیاوان پێڵاوی پاژنەبەرزیان لەپێ دەكرد و نینۆكەكانیان بۆ جوانی چاك دەكرد و دەڕازندەوە. لە سەردەمی شا لویسی ١٦هەمین شای فەرەنسادا كە خۆی داهێنەری پێڵاوی پاژنەبەرز و درێژكردنی نینۆك بووە، تەنانەت بەر لەو مێژووەدا لە سەردەمی مۆمیا و فیرعەونەكانی میسردا گرنگی بە رازاندنەوەی نینۆكەكان دراوە، بەو پێیەی كە ئەو كاتە كەرەستەیەك نەبووە بۆ نینۆككردن و قرتاندنی، بۆیە ئەوانیش لە بری ئەوە، وێنە و نەخشی جۆراوجۆریان لەسەر كێشاوە، جاران جوانكاری و ماكیاژ و پێڵاوی بەرز بۆ هەردوو ڕەگەز بوو، دواتر بە هۆی سەرقاڵیی پیاوان بە شەڕ و جەنگ و كاروباری ڕۆژانەوە، لە جوانكاریدا پاشەكشەیان كردووە و مەیدانەكەیان بۆ خانمان جێهێشتووە، وەك لە سەردەمی ئەمڕۆدا كە چەندین جۆرە نەخش و نیگاری نینۆك هەن، جگە لە ڕەنگەكان، نەخشونیگاریش لەسەر نینۆكەكان دەبینرێن.



# باشترین نیشانشکێنی لە کوردستان




سیروان شەهیدخدر یەكێكە لە بەشداربووانی خولەكانی پۆلیسی هەرێمی كوردستان، كە پلەی یەكەم لەسەر ئاستی خولی یەكی پۆلیس بە دەست هێناوە بە باشترین تەقەكەری نیشانشكێن (رمایە)، كە یەكێكە لە بەهرەبەرزەكانی پلەی سەربازی و پۆلیس، تاوەكو نیشانە شكێنێكی پلە یەك بێت و هەموو هەدەفێكی تەواوی بهێنێت، سیروان شەهیدخدر لەم بارەیەوە دەڵێت: «تەمەنم ٢٣ ساڵە بڕوانامەی بەكالۆریۆسم هەیە لە زانكۆی لوبنانی فەرەنسی، دوای ئەوەی پەیوەندیم بە ریزەكانی پۆلیسی هەرێمی كوردستانەوە كرد و بەشداریی خولەكانم كرد، توانیم پلەی باشترین تەقەكەر (رمایە) لە خولەكەدا بەدەست بهێنم، حەز و توانام بۆ خولەكە بە خواستی خۆم بوو، هەوڵم دا كە لە كاتی رمایەدا گوێڕایەڵی راهێنەرانم بم، بەمەش توانیم ئەو ئاستە بەدەست بهێنم، لەم خولە بەرەو پێشچونی زیاترم بە خۆە بینیوە، زیاتر لە چەكی كلاشینكۆف ak47 و دەمانچەدا ئەو ئاستەم وەرگرت و، بۆ نیشانەشكێنی ١٠٠ تا ٢٠٠ مەتر كێشەم نییە لە بپێكانی ئامانجەكەم، بەشداریی هیچ خول و راهێنانێكی تایبەتم نەكردووە و، نشیشانەشكێنی حەز و ئارەزوی من بووم، بڕوام وا بوو كە بەهرەم هەیە لە بەكارهێنانی زانستییانەی چەك، كە داخلی دەورە بووم، توانیم ئەو بەهرەیەم نیشان بدەم و ببم بە نیشانە شكێن، هەركارێك بە حەزەوە بكرێت دڵیام سەركەوتنی گەورەی لە دوا دەبێت، بۆ نموونە لە مەخزەنێكی كلاشینكۆفدا لە ٣٠ فیشەك دەتوانم زیاتر لە ٢٠ فیشەك لە ئامانج بدەم، دوای ماوەی ٤ مانگ مەشق و راهێنان، توانیم پلەی یەكەم بە دەست بهێنم لە خولی یەكی پۆلیسی هەولێر و، خەڵاتی باشترین تەقەكەری خولەكەم پێ بەخشرا».



# جلوبەرگی بووک لە ڕەنگی ڕەش

هەمیشە جلی بووك سپی و هی زاواش ڕەش بووە، ئەویش وەك لای هەندێك كەس باوە، دەڵێن زاوا بۆیە جلی ڕەشە، چونكە لەو ڕۆژەوە ماڵوێرانی بەسەرخۆیدا دەهێنێت، خانمی بووكیش بە جلێكی سپی و داهاتوویەكی ڕووناك و سپییەوە دەچێتە بەر ژیانی هاوسەری، بەڵام بەم دواییە جلی سپی بووكەكانیش وەكو زاوا بە ڕەشی دەركەوت، بیرۆكەكە لە دوای نمایشی جلوبەرگی كراسەكانی بووك لە شاری نیویۆرك دێت، كە چەندین كراسی بووك لە ڕەنگەكانی: سپی، سوور، شین، ڕەش لەوێدا بەرچاو كەوت، دیزاینەر (گۆلدبێرگ) پێی وایە ڕەنگی ڕەشی جلی بووك بە مۆدی كلاسیك و كاسۆلیك دێت، كە جاران لە سەدەی ١٦ و ١٧ دەپۆشرا، لە داهاتووشدا باو دەبێت كە خانمانی بووك جلی ڕەش بپۆشن، یەكێك لە نموونە دیارەكانی جلی ڕەشی بووك نمایشی خانەی جلوبەرگی ئەمریكی (دەیڤید بریداڵ)ـە، كە چەندین نموونەی جلی بووكێنی لە ڕەنگی ڕەش لە شوێنی نمایشەكانیدا داناوە، ئەوانەی ئەو كراسە داوا دەكەن زیاتر كەسانی ناودارن، یەكێك لەوانە (كورتنی كارداشیان)ی پێشكەشكار لە بەرنامەكەیدا پۆشیویەتی، كە وەك ئایكۆنێكی كاسۆلیكی هەژماری كردووە.




## کاریکاتێر

کاریکاتێرەکە باس لە مارك زۆكبێرگی دامەزرێنەری تۆڕی فەیسبووك دەكات، كە لە بەرامبەر دەستكەوتنی سامانەوە لە چەند حاڵەتێكدا دەبینرێت، كە چاوی نابینیایە و گوێچكەی نییە و دەمیشی بەستراوەتەوە.

## پێڵاوی شكۆڵاتە





كۆمپانیای (نایكی ئایر فۆرس)، لە یادی دامەزراندنی (٢٥) ساڵەیدا، وەك ڕێكلامێك بۆ پێڵاوەكانی، تا زۆرترین خەڵك سەرنجی بدەن، هەموو پێڵاوەكانی لە شكۆڵاتە دروست كرد، ئەوەش بە داواكردن لە كارگەیەكی شیرینی، بۆ دروستكردنی پێڵاوی شكۆڵاتە، چونكە كاتێك خواردنێك دەخۆیت، بێگومان سەیریشی دەكەیت، بەم جۆرە سەرنجی ئامادەبووان و خەڵكی دیكەشیان لە پێڵاوە شكۆڵاتەییەكەیان وەرگرت، ناوی پێڵاوە شكۆڵاتەكانیش بریتیین لە: ئایر تێرنەر، نایكی دانك، بلێزەر، هەموو ئەوانە لە نمایشێكی تایبەتی كۆمپانیای نایكی پیشان دران، وێڕای ئەوەی كە پێڵاوی خانمانیشیان لە شكۆڵاتە نەخشاندبوو بۆ ئەو ئافرەتانەی سەردانی نمایشەكە دەكەن.


## میوزیک

### خۆشەویست — Boyfriend

یەكێكە لە تراكە تازەكانی كچە گۆرانیبێژی ئەمریكی (دۆڤ كامیرۆن)، كە لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی بە میوزیك كردووە، تراكەكە لە ئەلبوومی Boyfriend بڵاوكراوەتەوە كە هەمان ناوی ئەلبوومەكەی هەیە، لە شێوازی POP و خێراییە، باس لە بێوەفایی خۆشەویست دەكات لەو كاتەی كە كەسێكی بەجێ دەهێڵێت.

## فیلم

### The Man from Toronto - پیاوێک لە تۆرینتۆ




فیلمێكی ئەكشن و كۆمێدییە، باس لە كێشەیەك دەكات كە شاری نیویۆركی گرتووەتەوە، دواتر پیاوێك بە ناوی (تێدی) كە خۆی بە ناوی پیاوێك لە تۆرینتۆوە دەناسێنێت، دوای ئەوەی سەرپەرشتیی دوو ناوچەی پێی دەسپێردرێت، ئەویش بە ڕێگەی خۆی چارەسەری گرژییەكە دەكات، فیلمەكە لە دەرهێنانی (پاتریك هاوگیس)ـە، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و ٥٢ خولەكە، لە مانگی شەشی ئەمساڵ تەواو بووە و نمایش كراوە، لە نواندنی (كیڤن هارت، ودی هاریسۆن، كەیلی كاكاو، پێرسیۆن فود، جاسمین ماتوی، لیلا لاورین، ئیلین باریكن)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە هیچ پرۆژەیەكی نوێدا كار مەكە بە بێ ڕاوێژی كەسانی پسپۆڕ، هەندێك كێشەی خێزانی ماندوت دەكات و بێزار دەبیت، بەڵام پێویستە هێمن بیت، بۆ ئەوەی چارەسەریان بكەیت، پێویستە زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە كارەكانت زۆر باش دەبێت و پاداشت دەكرێیت، لەگەڵ خۆشەویستەكەت بیركردنەوەكانتان هاوبەشە و، پێكەوە ئاسوودەن، لە پێناو تەندروستی گەدەتدا وا باشترە لە ئێوارانـدا ژەمی كەم بخۆیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

كاتێك توشی كێشەیەك دەبیت پێویستە لەسەرخۆ بیت، بۆ ئەوەی كێشەكە چارەسەر ببێت، بەتایبەتی لە ڕووی پیشەییەوە، لە پەیوەندیی سۆزدارییدا هەمیشە تۆ لە پێشتریت، چونكە دەزانیت چۆن ئەو پەیوەندییە چالاك بكەیتەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ماندوبونت لە كارەكەت و هاوكاریكردنی هاوپیشەكانت، یارمەتیدەرە بۆ سەركەوتن و گەیشتن بە ئامانجەكانت، هەمیشە چانسێكی نوێ بدە بە خۆت، بەتایبەت لە ڕووی سۆزدارییەوە، لەپێناو هاوسەنگڕاگرتنی كێشت، سیستمی خۆراكی تەندروست پەیڕەو بكە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ڕۆتینی ڕۆژانە لە كارەكەت ڕووبەڕووی وەڕسبونت دەكات، بەڵام پێویستە ئارام بیت، هاوكاریی خۆشەویستەكەت لە جێبەجێكردنی پرۆژە و پلانەكانتدا گرنگە، لە ڕووی تەندروستییەوە خواردنەوە گەرمەكان سودی هەیە بۆت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بڕیاردانی بە پەلە ڕووبەڕووی گرفتت دەكاتەوە لە كارەكەت، پێویستە لە ڕووی سۆزدارییەوە گۆڕانكاری بكەیت، بۆ ئەوەی ڕۆتین ماندوتان نەكات، ڕەنگە ئەم ماوەیە هەندێك ئازاری جەستەیی هەبێت، بەهۆی زۆر بەكارهێنانی مۆبایل و ئامێرە ئەلیكترۆنییەكانەوە.

بۆ زانیاریت

# دوو مانگەکەی مەریخ



جیاواز لە زەوی، هەسارەی مەریخ دوو مانگی هەیە بە ناوەکانی دۆمۆس و فۆبۆس، کە بەهۆی بچووکیی قەبارەیانەوە هیچ کاتێك مانگەکان بە تەواوەتی دیسکی خۆر داناپۆشن کاتێك دێنە نێوان خۆر و مەریخەوە لە دیاردەی خۆرگیراندا، هەر بۆیە هیچ خۆرگیرانێکی پڕ لەوێ نییە و، ئەوانەشی کە ڕوو دەدەن زیاتر نیمچەیی Partial و ئەڵقەیین an-nular.

ئەم وێنانەی خوارەوە لە لایەن کەشتیی گەڕۆکی Curiosityی ناساوە گیراون:

- خوارەوە دەستە چەپ دیمەنی خۆرگیرانە بەهۆی مانگی فۆبۆسەوە لە چواری نیسانی ئەمساڵ.
- خوارەوە دەستە ڕاست دیمەنی خۆرگیرانە بەهۆی مانگی دۆمۆسەوە لە ٢٨ ی ئاداری ئەمساڵ.

# یاسا



**ماددەی (٤٠٦) لەیاسایی سزادانی عێراقی**

باردۆخی توندکردنی سزای تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست: هەر کەسێك کەسێك لە یەکێك لەو بارودۆخانەی خوارەوە بکوژێت، بە لەسێدارەدان سزا دەدرێت، ئەگەر پێشتر نیازی کوشتنی هەبێت و سووربێت لەسەر کوشتنی، یان بۆسە و کەمینی بۆ دانابێت (پلانی کوشتنی دارشتبێت)، یان ئەگەر کوژراو لە باوانی بکوژ بێت، ئەگەر کوشتنەکە بەهۆی ماددەی ژەهراوی بێت، یان تەقەمەنی، یان تەقینەوە بووبێت، ئەگەر کوشتنەکە لەبەرامبەر کرێ بوبێت، یان ئەگەر تاوانبار ڕێگەی دڕندانەی لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەکار هێنابێت، ئەگەر تاوانبار مەبەستی کوشتنی دووکەس، یان زیاتری هەبووبێت و بە یەك کردەوە هەردووکیانی کوشتبێت، ئەگەر کوژرا و فەرمانبەر بێت، یان کەسی ڕاسپێردرا و بە خزمەتی گشتی لە کاتی بەجێگەیاندنی کاری فەرمانبەری، یان بەهۆی کارەکەی کوشتبێتی، ئەگەر کوشتنەکە بۆکارئاسانی بێت، تاوانێك یان کەتنێك کەسزاکەی بەندکردن بێت و لە ساڵێك کەمتر نەبێت، یان تاوانەکە بۆ ئەوە بێت کە ڕا بکات، یان لەسزادان ڕزگاری ببێت.



## پەند و وتە

عەلی ئەحمەد سەید ئەسبەر، ناسراو بە ئەدۆنیس نووسەر و شاعیری سووری لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ئەلقەسابیان لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٧ چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، دەربارەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات دەڵێت: هەمیشە ئۆپۆزسیۆنەکان بەرژەوەندیی وەرگرتنی دەسەڵاتیان هەیە، بەڵگەش بۆ ئەوەیە تەنیا دەیانەوێت دەسەڵات بگۆڕن و بیر لە گۆڕینی کۆمەڵگە ناکەنەوە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کە وێنەی گیاندارێکە، هەروەها چەندین کەرەستەی دیکە هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا زۆرترین کەرەستە بدۆزیتەوە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەسەر کاروچالاکییە پیشەییەکانتدا زاڵ بە و، ڕێگەمەدە بەناوی بەرژوەندییەوە هەندێك کەس فێڵت لێ بکەن، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەریت هەیە لەسەر هاوڕێ و کەسانی چواردەورت، هەوڵ بدە لە ڕێگەی وەرزشەوە پارێزگاری لە جووڵە و چالاکییە جەستەییەکانت بکەیت.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە لەخۆتەوە متمانە بە هیچ کەسێك مەکە، چونکە ڕەنگە لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکارت بهێنن، پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بەهێز بکە، چونکە تەنیا ئەوان پشتیوانیت دەکەن و خۆشیان دەوێیت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە بەردەم هیچ کەسێکدا باس لە کێشە داراییەکانت مەکە، بە پێچەوانەوە ڕاوێژ بە کەسێکی نزیکت بکە بۆ چارەسەرکردنی، سەردانی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و کۆبونەوە خێزانییەکان، هۆکارێکە بۆ ڕێز و خۆشەویستیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەوڵ بدە زانیارییەکان بە وردی بزانیت و هەرگیز بە پەلە هیچ بڕیارێك مەدە، پەیوەندیی سۆزداریت زۆرباشە و لە کەشێکی ڕۆمانسی و ئاسوودەدایت، لە ڕووی پیشەییەوە زیاتر بایەخ بە بەهرەکانت بدە و، بیرۆکەکانت کۆبکەرەوە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پێداچونەوە بە لایەنی ماددیتدا بکە، هەوڵبدە پلان دابنێیت و بە ڕێگەیەکی گونجاو کارەکانت جێبەجێ بکە، بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، یان هاوبەشی ژیانت ئاسایی بکەیتەوە، پێویستە بیرکردنەوە جیاوازەکان قبوڵ بکەیت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دژی هەمو ئەو کەسانەی بوەستە کە هەوڵ دەدەن زیانت پێ بگەینن، کێشە سۆزدارییەکان ماندوت دەکەن، هەوڵ بدە ئەو پەیوەندییە هاوسەنگ بکەیتەوە و بایەخ بە یەکتری بدەن، گەشتکردن لەگەڵ هاوڕێ و کەسەکانت دەروونت ئارام دەکاتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626